گروپی کۆمپانیاکانی دیوان
diwan — دیوان
مۆبیلیات • کەرەستە • PVC
فرۆشتن بە شێوازی قیستی مانگانە بەبێ زیادکردنی نرخەکان بۆ:
- فەرمانبەران بەگشتی و قوتابیان و مامۆستای زانکۆو پەیمانگاکان — ٨ هەشت قیست
- کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیابارانکراوان و بوک و زاوا — ١١ یانزە قیست
- سلێمانی – شەقامی پیرەمێرد ٣١٣٧٣٢٥ – سلێمانی – سی مەتری هەواری تازە ٣٣٣٣٢٥٨
- سلێمانی – کۆتایی شەقامی چوارتاق کۆن ٣٢٨٨٨٤٢٠
- هەولێر – شەقامی شۆرش ٠٦٦٢٥٣٣١٠١ – هەولێر – شەقامی شەستی ٠٦٦٢٥٠٦٠٧٤
- دهۆک – حی عەسکەری ٠٦٢٧٦٣٠٦١٢
- کەلار – شەقامی سەرەکی سلێمانی ٠٧٤٨٠٢٢٤٩٠٧ – کەلار شەقامی شەهیدان ٠٧٤٨٠٢٧٣٥٧٧
- دەربەندیخان – بەرامبەر پارێزگای داخراو ٠٧٤٨٠٢٣٨٠٣٠



# ٧ رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 508 پێنجشەممە 9/ 7/ 2009 — نرخ 500 دینار — No.508 Thu 9/ 7/ 2009


# زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئەم دەستوورە رەتدەکەنەوە

**رۆژنامە**

بەپێی راپرسییەکی سەنتەری راپرسی کوردستان، زۆرینەی بەشداربووانی راپرسییەکە دەستووری تێپەڕێندراو لەلایەن پەرلەمانی بەسەرچووی کوردستانەوە، رەتدەکەنەوە.

لەو راپرسییەدا کە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوەو (٦٥٪)ی بەشداربووان هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە ناوەڕۆکی دەستوور نییەو (٣٥٪)یشی زانیارییان هەیە. هاوکات (٥٤٪)ی راپرسییەکە بە نەخێر دەنگ بۆ دەستوور دەدەن‌و (٤٦٪)ی دیکەش بە بەڵێ دەنگی بۆ دەدەن.

راپرسییەکە لە رۆژانی (٦/٢٥) تا (٢٠٠٩/٧/١) ئەنجامدراوەو (١٠٦٠) کەس بەشدارییان تێدا کردووە.

سەنتەری راپرسی کوردستان، سەنتەرێکی زانستی سەربەخۆیە لە بواری راپرسیدا کاردەکات‌و لەساڵی (٢٠٠٧) دامەزراوە.

**ئاراس فەتاح** — ل ١٠، ١١و ١٢



## دەستوورو دۆخی ناکاو

# کۆمسیۆن: لەژێر گوشاری سیاسیدا نین

# پەرلەمان هێرش دەکاتە سەر کۆمسیۆن

**هەستیار قادر**

راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، گومان لە بەیاننامەکەی کۆمسیۆن دەکات سەبارەت بە ئەنجامنەدانی راپرسی دەستوور لە ٧/٢٥داو پێیوایە گوشاری سیاسی لەپشت ئەو هەڵوێستەی کۆمسیۆنەوە هەبووەو بەرپرسێکی باڵای کۆمسیۆنیش ئەو تۆمەتە رەتدەکاتەوە.

بڕیارە ئەمڕۆ لە دانیشتنێکدا پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی خۆی رابگەیەنێت سەبارەت بە روونکردنەوەکەی ٧/٦ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، کە تیایدا ئاماژەی بەوەدابوو، کە ناتوانن راپرسی لەسەر دەستووری هەرێم هاوکات لەگەڵ هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێمدا ئەنجامبدات.

لەوبارەیەوە تاریق جەوهەر راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان وتی: «هەندێک لایەن لە بەغداوە دژ بە دەستووری هەرێم کاردەکەن»وداواکاری‌نوری‌مالیکیشی بۆ رەتکردنەوەی دەستووری هەرێم بە نموونە هێنایەوەو وتیشی: «لە کۆبوونەوەکەی ٧/٧ی سەرۆکی پەرلەمان‌و پەرلەمانتارەکاندا زۆربەیان رایان وابوو کە ئەو مەترسی‌و تێبینیانە لەپشت ئەو هەڵوێستەی کۆمسیۆنەوەیەو بەشێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ فشاری سیاسی لەسەر کۆمسیۆن دروستکردووەو ئەو کێشانەش کە کۆمسیۆن لە روونکردەوەکەدا باسیکردوون، بیانوون».

لەبەرامبەردا قازی قاسم سەرۆکی ئیدارەی هەڵبژاردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، رەتیکردەوە کۆمسیۆن لەژێر گوشاری سیاسیدا ئەو بەیاننامەیەی دەرکردبێت. وتیشی: «ئێمە تووشی شۆک بووین کاتێک پەرلەمانی کوردستان داوای لێکردین کە راپرسی لەسەر دەستوورو هەردوو هەڵبژاردنەکەی هەرێم پێکەوە ئەنجامبدەین، دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە بۆمان دەرکەوت کە ناتوانین راپرسی‌و هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێم لە ٧/٢٥دا ئەنجامبدەین، چونکە ئەنجامدانی راپرسی لە رووی هونەرییەوە رێوشوێنێکی زیاتری دەوێت».




## بەپێی راپرسییەکی سایتی رۆژنامەی (الاتحاد)، لیستی گۆران ٧٥،٧٪ی دەنگەکان بەدەستدێنێت

# هەشت ساڵە حەوت کەس بێ لێپرسینەوە زیندانیی کراون

**رۆژنامە**

حەوت کەس لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستاندا بێ هیچ لێپرسینەوەیەکی یاسایی دەستگیرکراون‌و بۆ ماوەی هەشت ساڵە هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان لەگەڵدا نەکراوە.


لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، د.شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: حەوت کەس لە زیندانەکانی هەرێمدا بێ دادگاییکردن ماوەی هەشت ساڵە دەستگیرکراون. لەبارەی هۆکاری مانەوەی کەیسی ئەو حەوت کەسە وەزیری مافی مرۆڤ وتی: «ئەو کەسانە پێش دەرچوونی یاسای دژەتیرۆر دەستگیرکراون‌و هەر بەپێی ئەو یاسایەش ناتوانیت مامەڵە لەگەڵ کەسانێک بکەیت، کە پێش دەرچوونی یاساکە دەستگیرکرابن».


**زیاتر لە ل٣دایە.**



کۆمپانیای رۆژی نوێ

بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە هەلێکی زێڕین...





کۆمپانیای رۆژی نوێ (١٠٠٨) یەکەی نیشتەجێبوون لە جوانترین شوێنی سلێمانیدا دروست دەکات لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود (نزیک سەنتەری بۆڵینگ)، هەر یەکەیەک بە رووبەری (١٠٩ م٢)و پێکدێت لە (ژووری میوان، چێشتخانە، (٣) نوستن، مدخل، ڕاڕەو، حەمام، توالێت، شوێنی غەسالەو مەغسەل، بالکۆن).
نرخی یەکەیەک تەنها (٥٠٠٠٠$) پەنجا هەزار دۆلارە.
١ ـ هاولاتی دەتوانێت بڕی (٣٠٪) یان (٥٠٪)ی نرخی یەکەکە لە سندوقی نیشتەجێبوون وەربگرێت.
٢ ـ هەرکەسێک بتوانێت یەکەیەک بە کاش بکڕێت، ئەوا (٢٥٠٠$) (دوو هەزارو پێنج سەد دۆلار) لە نرخی یەکەکەی بۆ کەم دەکرێتەوە.
بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە یەکێک لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە لە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی بۆ کاتژمێر (٥)ی ئێوارە.
ژمارەی تەلەفۆن: (٠٧٥٠١٥٢١٧١٧) (٠٧٧١٠١٦٥٥٥٥) (٠٧٧٠١٥٢٩٣٩٢)

ناونیشانی نوسینگەی کۆمپانیا:
0750 152 1717 - 0770 152 9392 - 0771 016 5555
rozhinwe@gmail.com
Rozhi Nwe Co.





# ـــــوتارە چەواشەكارییە
# ـــــیو دیدی ڕەخنەگرانەی نیشتمانیدا

لێرەدا هەرێمی كوردستان باجەكەی دەداتو دەسەڵاتی سیاسیو پەرلەمانو لیژنەی یاسایی بەرپرسە لـەوەی كە خەڵك ناچاربێت تەعنە لە شەرعەییەتی دەستووری هەرێم بدات لەبەرامبەر دادگای دەستووریی عێراقدا».

پسپۆڕێكی دیكەی دەستووریش ئاماژە بە جیاوازییەكانی نێوان گوتاری شۆڤێنیستی لایەنە عەرەبەكانو ڕەخنەی ناوخۆیی كوردی دەكات لە دەستوور، بەتایبەت لەوبەشەی پەیوەندی بە سنووری هەرێمی كوردستانەوە هەیە.

د.لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاساییو دەستووریی بۆ ڕۆژنامەی ڕوونكردەوە، كە شوڤێنیستە عەرەبەكان بۆ مەبەستی سیاسی ئـەو ڕەخنانە بەكاردەهێننو ئەوان نارازین كە ناوچە جێناكۆكەكان بەشێك بێت لە كوردستان، بەڵام ئەوانەی لە كوردستاندا نایانەوێت دەستوور بەمشێوەیەی ئێستای تێپەڕێت دەڵێن دەبێت بە ڕوونی دانی پێدابنرێت كـە ئـەو ناوچانە نـاوچـەی ناكۆكی لەسەرنینو كوردستانینو ئەو دوو گوتارەش لێكجیاوازن.

پـرۆژەی پەمەییش كە یەكێكە لەو پرۆژە مەدەنییانەی هەڵوێستی ئاشكرای هەبوو بەرامبەر بە دەستوورو لە ڕێگەی كەمپەینێكەوە كاری بۆ ڕەتكردنەوەی كرد، لەسەر مەسەلەی جیاكردنەوەی ئەو دوو گوتارە جیاوازە قسەی خۆی هەیەو ئەژی جەمال، وتەبێژی نووسینگەی سلێمانی پرۆژەكە دەڵێت: «ئەو ڕەخنەیەی لە كوردستاندا هەیە لـەسـەدا سەد جیاوازە لە گوتاری شۆڤێنیستی عەرەبی، چونكە كاتێك ئێمە ڕەخنە لە دەستوور دەگرین دڵمان بە دواڕۆژی وڵاتەكەمان دەسووتێت، ئـەوەی ئێمە دەیكەین لە بەرپرسیارێتیو جێبەجێكردنی ئەركێكی سەرشانمانەوەیەو لەو ڕوانگەیەشەوە ڕەخنە لە دەستوور دەگرین».

### گرێی تێكەڵكردنی گوتارەكان

لە سەروبەندی بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی ناوخۆیی هەرێمی كوردستاندا سەبارەت بە دەستووری تێپەڕێندراو لە پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو)دا لێرەو لەوێ هەوڵدەدرێت گوتاری شۆڤێنیستیو ناسیۆنالیستی عەرەبی بە باڵای ناڕەزایی لایەنو پێكهاتە جیاوازەكانی ناو هەرێم بگیرێتو هەردوو گوتار تێكەڵبكرێت بە ئاراستەیەك كە هەردوو لایەنی ناوخۆی كوردستانیو عـەرەبـی لە بەرامبەر دەستووردا یەك كارتنو یەك گوتارو تێڕوانینی سیاسی بەكاردەهێنن.

ئاسۆس هەردی، بەڕێوەبەری گشتی كۆمپانیای ئاوێنە بۆ ڕاگەیاندن، بەتوندی ڕەخە لە هەوڵەكانی تێكەڵكردنی ئەو دوو گوتارە دەگرێتو جەخت لەسەر ئـەوە دەكـاتـەوە، كە ئەو دوو گوتارە جیاوازن، ئـەوەی دەیەوێت تێكەڵیان بكات لە مەبەستێكی ناشرین زیاتر هیچی دیكە نییەو وتیشی: «ناڕەزایی ئێمە بۆ دامەزراندنو جێگیركردنی دیموكراسیە لـە وڵاتـەكـەمـانـداو ڕەخنەكانمان ئازادیخوازانەیەو دەبێت لە هەرێمی كوردستاندا سیستمێكی كراوە هەبێت كە مافی هاوڵاتییان پارێزراوبێتو كەس نەبێت بە دیكتاتۆر، بـەڵام ئـەوەی كە شۆڤێنیستە عەرەبەكان قسەی لەسەر دەكەن جیاوازنو پەیوەندی بە ئێمەوە نییەو دووپاتیشی كردەوە «هیچ كەسێك ناتوانێت موزایەدەی نیشتمانپەروەریمان بـەسـەرەوە بكاتو هەموو نووسەرو ڕۆشنبیرو یاساناسان كە نارازین بەرامبەر بەم دەسـتـوورەو ناسراون یەك گەرد لەسەر مێژووی ژیانیانو هەڵوێستی نیشتمانیان نییە، دەستیان بە خوێنی یەك كورد سوور نییە، هیچ كامیان پـارەی گشتییان بۆ قازانجی خۆیان بەكارنەهێناوە ئەو موزایەدانەش باوی نەماوە».

ئاسۆس هەردی، ئاماژەی بەوەشدا كە هەوڵەكانی دەسەڵات بۆ تێكەڵاوكردنی گوتاری شۆڤێنیستی عەرەبی بە دیدو گوتاری ڕەخنەگرانەی ناوخۆی هەرێمی

> **«هیچ كەسێك ناتوانێت موزایەدەی نیشتمانپەروەریمان بەسەرەوە بكاتو هەموو نووسەرو ڕۆشنبیرو یاساناسان كە نارازین بەرامبەر بەم دەستوورەو ناسراون یەك گەرد لەسەر مێژووی ژیانیانو هەڵوێستی نیشتمانیان نییە، دەستیان بە خوێنی یەك كورد سوور نییە، هیچ كامیان پارەی گشتییان بۆ قازانجی خۆیان بەكارنەهێناوە ئەو موزایەدانەش باوی نەماوە».**

بە هەوڵێكی ساویلكانە لە قەڵەمدا بۆ ناشرینكردنی دەنگە ناڕەزاییەكانی دەستووری هەرێم، جیانەكردنەوەی ئەم دوو جۆرە گوتارەو گوێنەگرتن لە گوتاری نیشتمانی ڕەخنەگرانەی ناوخۆیی.

بـەلای وتـەبـێـژی نووسینگەی سلێمانی پرۆژەی پەمەییەوە، یەكێكە لە نەهامەتییەكانی شێوازی مامەڵەكردنی دەسـەڵات لەگەڵ دەنگە ناڕەزاكانی هەرێمداو وتیشی: «یەكێك لە هەرە بەدبەختییەكانی ئـەم گەلە ئەوەیە ئەوانەی لە دەسەڵاتدان نەیانتوانیوە خوێندنەوەیەكی تەندروستو شیاوی جدیانە بۆ ئەم دۆسیەیە بكەن بەرامبەر بە كۆمەڵە خەڵكێك كە داخوازییان هەیەو جیانەكردنەوەیان لەگەڵ كۆمەڵێكی دیكە كە دەیانەوێت مافی بخۆن، ئەمە هەڵەو دوالیزمێكی گەورەیەو كەمتر نییە لە جەنگی ناوخۆو ئەو ڕاگەیاندنانەی تیایدا بەكارهات، كە ڕاگەیاندنێكە ڕۆژنامەی زەردیشی تێپەڕاندووەو لەبەرئەوەی كە سەر لە خەڵك بشێوێنێت، وەك پاساوێك بۆ شاردنەوەی كەموكوڕییەكانی كە خۆیان لەو دەستوورەدا پێكەوە گرێدانی ئەو دوو گوتارە وەك ئەوە وایە شەكر بەخەڵك بفرۆشیت، بـەڵام خوێشی تێكەڵاو بێت».

بە ڕای پسپۆڕانی بواری دەستووریش گوێنەگرتن لە گوتاری ڕەخنەگرانەی ناوخۆیی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی هەرێمەوە هەڵوێستی ئەم هەرێمەی لە بەرامبەر دیدو گوتاری ڕەخنەگرانەی شۆڤێنیستی دەرەوەی هەرێمدا بێهێز كردووە.

یوسف محەمەد، مامۆستای یاسای دەسـتـووریـی لە زانـكـۆی سلێمانی، ڕایگەیاند: «ناڕەزایی خەڵكی كوردستانو ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی ڕۆشـنـبـیـران، هەڵوێستی هەرێمی كوردستانی لاوازكردووە بەرامبەر بەو ڕەخنانەی لە دەرەوە لەسەر دەستوور دەگیرێت، چونكە لەناوخۆیدا هەرێمی كوردستان بەهێز نییە».

هـەنـدێـكـی دیـكـەش پـێـیـانـوایـە، كۆكردنەوەی دەنگە نارازییەكانیش لەسەر دەسـتـوور ئاساییەو گـەر بە ئاقارێكی یاسایدا بێتو گەر ئەو دەنگانە لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمیش بێت.

هـەڤـاڵ ئـەبـوبـەكـر، مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانكۆی سلێمانی، دەڵێت: «دەسەڵاتداران لە كوردستانو فراكسیۆنەكانی پەرلەماندا گـوێ لە ئیرادەی خەڵك ناگرنو نایانەوێت خەڵك لەهەموو برگەو بابەتەكان تێبگەنو بۆیان شیبكەنەوە كە لە ئایندەیدا دەستوور چیان لێدەكات»، لێرەوە بەرەیەك دروستدەبێت كە لەگەڵ هەموو دەنگە ناكۆكەكانی سەر دەستوور كۆدەبنەوەو وتیشی: «لەبەرئەوەی زۆرجـار ئەو هێزانەی لە نـاوەوە هـەن بـۆئـەوەی قەبارەی فشارەكە زۆربكەن لە بەربەرژەوەندی خەڵكی كوردستان، نەك لەو ڕوانگەیەوە كە بڕوایان بە هەرێمی كوردستانو دەسەڵاتەكەی نەبێت، بەڵام لەو ڕوانگە یاساییو مەدەنیو دیموكراسییانەوە بێت لەهەر ڕەوتێكی دیكە لەهەر شوێنێكی دنیاوە پشتگیری ئەو ڕەوتـە بكرێت، پشتی دەگـرنو ئەمە كارێكی گرنگە، بەڵام ئەگەر تێڕوانینەكە لـەوەوە بێت كە ئەو لایەنە دەرەكیانە نەك بڕوایان بە دەستووری كوردستانو كوردیش نەبێت، ئەوە هەوڵێكی شۆڤێنیانەیەو زیان بە ڕەوتەكە دەگەیەنێت نەك قازانج، خۆشبەختانەش ئەوەی ئێستا هەیە لە ڕوانگەیەكی یاساییەوەیەو دەنگەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش دژ بە دەستووری هەرێم قابیلی ئەوەن گوێیان لێبگیرێت، بایی ئەوەندەی كە دەستوور كۆمەڵێك بنەمای تیانەبێت كە دژ بە دەستووری عێراق بێت.

# دەمانچە دەدرێتە ئاسایشەكانی سلێمانی، كە سەر بە لیستی كوردستانین

فاخیر تەلانی

لەكاتی بانگەشەكردنی هەڵبژاردنەكاندا، دەمانچە بەسەر كارمەندو مفەوەزەكانی ئاسایشدا دابەشكرا، كە كار بۆ لیستی كوردستانی دەكەن، ئەو كارمەندانەشی كە گومانیان لەسەرە كار بۆ گۆڕان بكەن لەو دەمانچانە بێبەش كران.

سەرچاوەیەك لە ئاسایش كە نەیویست لەبەر دەركردنو نانبڕین نـاوی بهێنرێت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پێش هەڵبژاردنەكان بڕیاربوو، هـەمـوو مـفـەوەزێـكـی ئاسایش دەمانچەی بدرێتێ، بـەڵام لـە ئـێـسـتـادا وەك بانگەشەیەكی هەڵبژاردن لەناو یاریدەدەرێتیو بنكەو بازگەكانی ئاسایشی سەربە بـەڕێـوەبـەرێـتـی ئاسایشی سلێمانی دەمانچە دراوە بەو مفەوەزانەی سەر بە لیستی كوردستانینو كـار بۆ ئەو لیستە دەكەن، ئەو مفەوەزانەش بێبەشكراون كە گومانیان لێدەكرێت سـەر بە لیستی گـۆڕان بن یان كەسوكارو خزمەكانیان سەر بەو لیستە بن، ئەمەش ناڕەزاییەكی زۆری لەناو كارمەندانی ئاسایشدا دروستكردووە».

سـەرچـاوەكـە ئـەوەشـی خستەڕوو، كە ئـەو جۆرە جیاوازیكردنە دەبێتە هۆی تەفرەقەكردنی ڕیزەكانی ئاسایشو خزمەت بە دەزگای ئاسایشو هاوڵاتییان ناكات».

## وەزیری مافی مرۆڤی حكومەتی هەرێم:
# مەكتەبی كۆمەڵایەتییەكان، كێشە بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ دروستدەكەن

سامان بەشارەتی
ئیبراهیم عەلی
شالاو فەتاح

وەزیـری مافی مرۆڤی حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕایدەگەیەنێت لەگەڵ ئـەوەدا نین مەكتەبەكانی كۆمەڵایەتی حیزبەكان هەبنو كێشە بۆ وەزارەتەكەیان دروستدەكەن، ڕایشیگەیاند، «تائێستا حەوت كەس لە زیندانەكانی هەرێمی كوردستاندا بێ هیچ لێپرسینەوەیەكی یاسایی دەستگیركراونو بۆ ماوەی هەشت ساڵە هیچ لێكۆڵینەوەیەكیان لەگەڵدا نەكراوە».

د. شوان محەمەد وتیشی: هەرێمی كوردستان كـراوەیـە بـە ڕووی وڵاتـانـی جیهانو ئەو كرانەوەیەش ئیلتیزاماتمان زیاتر دەكات بۆ زیاتر پەیڕەوكردنی بنەماكانی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان.

لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنووسیدا د.شوان محەمەد، وەزیری مافی مرۆڤی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئـەوەی نـەشـاردەوە، كە ئـەوان لە ماوەی ڕابردوودا وارسی كێشەكانی سەردەمی دوو ئیدارەیی بوونو بەدواداچوونیان كردووە بۆ زۆربەی ئەو پێشێلكارییانەی كە لەو سەردەمەدا هەبوون.

سەبارەت بە گیراوەكانی سەردەمی دوو ئیدارەییو دەستگیركردنی خەڵك بەبێ فەرمانی دادوەر، وەزیری مافی مرۆڤی حكومەتی هەرێم وتی: «نزیكەی (٧٠) كەس بە تۆمەتی ئیرهاب گیرابوون بەبێ ئەوەی نووسراوی دادگا هەبێت بۆ ئەوەی ئەو كەسانە بگیرێن، هیچ یاسایەك نەبوو كە بە هۆیەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت، ئێمە زیاتر كارمان لەسەر ئەو كەیسانە كردووەو چاكسازیی زۆر لە زیندانەكاندا كراوەو گۆڕانكاریی باش كراوەو ئێستا كەس نییە لە كوردستان گیرابێت بەبێ فەرمانی دادگا».

وەزیـری مافی مرۆڤ پێیوایە: بە بەراورد لەگەڵ سێ ساڵ بەر لە ئێستا ژمارەی زیندانیان زۆر كەمبووەو وتی: «هەوڵی ئەوە دەدەین كە كێشەكانی مافی مرۆڤ بەشێوەیەكی بنەڕەتی چارەسەر ببن».

سەبارەت بە مەكتەبە كۆمەڵایەتییەكانی حیزبەكان د. شوان وتی: «ئێمەش لەگەڵدا ئەوەنین كە هەبن، مەكتەبەكان كێشەمان بۆ دروستدەكەن، یارمەتیدەرمان نین».

سەبارەت بە چارەنووسی بێ سەرو شوێنانی شەڕی ناوخۆ د. شوان محەمەد وتی: «بۆ كێشەی بێ سەروشوێنانی شەڕی ناوخۆ ئێمە لەگەڵ هەردوو مەكتەبی سیاسی یەكێتیو پارتی باسی ئەوەمانكرد ئەوان وتیان ئێمە لە نێوان خۆمان بڕیارمانداوە، هەریەكەو هی خۆی مەسئولیات هەڵدەگرن شتێكی ئاسان نییە كە من بە كەسێك بڵێم كە كەسوكارت نەماوە هەردوو مەكتەبی سیاسی ئەمەیان چارەسەر كردووە، ئێستا بە من بڵێن ماون یان نەماون؟ من ناتوانم ئەوە بڵێم كە ماون یان نا».

وەزیری مافی مرۆڤ ئاماری گیراوانی هەرێمی كوردستان ئاشكراكردو، ڕایگەیاند: لە دوایین ئامار كە بەدەست ئەوان گەیشتووە (٢٧٥٩)كـەس لە هەموو كوردستان گیراون لە ئاسایشو پۆلیسو تەواوی بەندیخانەكان تەنیا ئەو ژمارەیە هەیە.

لەبارەی هۆكاری مانەوەی كەیسی ئەو حەوت كەسە وەزیری مافی مرۆڤ وتی: «ئەو كەسانە پێش دەرچوونی یاسای دژە تیرۆر دەستگیركراونو هەر بەپێی ئەو یاسایەش ناتوانیت مامەڵە لەگەڵ كەسانێك بكەیت، كە پێش دەرچـوونـی یاساكە دەستگیر كرابن، ئەمەش هۆكاری مانەوەی ئەو حەوت كەسەیە لە زیندانەكانی هەرێمدا».

ڕاپۆرتی ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان باس لە بوونی چەندین دەستگیركراوی دانیشتووی هەرێم بێ لێپرسینەوەو بە تۆمەتی جیاجیای وەك مەترسی دروستكردن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەكەن لە زیندانەكانی هەرێمدا، بەڵام د. شوان محەمەد دەڵێت: ئەو حەوت كەسە بە «تۆمەتی تیرۆر» لە زینداندانو تائێستاش هیچ هەوڵێكی یەكلاییكردنەوەی كەیسەكەیانو لێكۆڵینەوەیەكی یاسایی لەگەڵیاندا نەكراوە، بەڵام بەدواداچوونو هەوڵی وەزارەتەكەمان بۆ كێشەی ئەو حەوت كەسە بەردەوامەو «هەوڵدەدەین كەیسەكانیان یەكلایی بكەینەوە».

# تێکەڵکردنی ئەو دوو گ
# دەستوور لەنێوان گوتاری شۆڤێنیست

**هەستیار قادر**

پسپۆڕانی یاسایی و دەستووریی و ڕۆشنبیران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە گوتاری ڕەخنەگرانەی ناوخۆیی کوردی بەرامبەر بە دەستوور جیاوازە لەگەڵ گوتاری شۆڤێنیست و ناسیۆنالیستی عەرەبی و پسپۆڕێکی دەستووریش دەڵێت: «لاوازیی هەرێم بەرامبەر بە ڕەخنەکانی ناوخۆ وایکردووە کە هەڵوێستی هەرێم بەرامبەر بە ڕەخنەکانی دەرەوە لاوازبێت».

## دەستوور و گوتاری «شۆڤێنیستی»

لەدوای تێپەڕاندنی دەستووری هەرێم لەلایەن پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو)ی کوردستانەوەو بڵاوکردنەوەی لە ماڵپەڕەکاندا بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، دەنگدانەوەیەکی توندی لەنێو لایەنە عەرەبی و تورکمانیەکاندا لێکەوتەوە، کە بە دوو ئاراستەدا گوتاری ڕەخنەگرانەیان تاوەدەدا، یەکەمیان پێیوابوو پێویستە ئەو دەستوورەو مادەو بنەماکانی، پێچەوانەی بنەماو مادەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق نەبێت و ئەگەر نا لە دادگای فیدراڵی عێراقی یەکلایی دەکرێتەوە تەنانەت ئەگەر خرایە ڕاپرسی جەماوەریشەوە، ئاراستەی دووەمیان کە ئاراستەیەکی شۆڤێنیستیانەی پشتبەستوو بوو بە هێزی ناسیۆنالیستی عەرەبی، ڕەخنەکانی ئاراستەی خودی بیرۆکەی بوونی دەستوورێک بوو بۆ هەرێم و فۆرمەکەی، ئەو سنوورەی هەرێمی کوردستان بوو کە لە دەستوورەکەدا بە لێڵی دیاریکراوە، نموونەش بۆ ئەمجۆرە گوتارە ڕەخنەگرانە شۆڤێنیستیانەش لە لێدوانێکیدا بۆ ڕادیۆی سەوا کە لە (٢٠٠٩/٦/٢٩)دا بڵاوکراوەتەوە عەلی ئەدیب، ئەندامی باڵای حیزبی دەعوەی عێراقی، کە حیزبەکەی بەشدارە لە هاوپەیمانی چوارقۆڵی لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا، دەستووری هەرێمی کوردستانی بە دەستوورێکی پوچەڵ و کارپێنەکراو وەسفکردو ڕایگەیاند: «ڕێوشوێنەکانی نێو ڕەشنووسی دەستووری هەرێم پوچەڵەو هەوڵێکە پێش دەرئەنجامەکانی لیژنەی مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق کەوتووە».

لەلایەکی دیکەشەوە د. سەلیم جبوری، وتەبێژی لیستی بەرەی تەوافوق، لە ڕاگەیاندراوێکدا کە لە (٦/٢٦) بڵاویکردەوە، جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پەسەندکردنی دەستووری هەرێم لەم کاتەدا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەو پێشبینی ئەوەشیکرد، کە ئەو دەستوورە مقۆمقۆیەکی یاسایی گەورە لە عێراقدا بنێتەوەو گەر بەر لە ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەری لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نمایش نەکرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و ناشمانەوێت هەر هەرێمێک بێت و دەستوورێک بۆ خۆی دابنێت».

## گوتاری ڕەخنەگرانەی ناوخۆیی

بەپێچەوانەی ئەو دیدە ڕەخنگرانەی گوتاری شۆڤێنیستی عێراقییەوە بەرامبەر بە دەستووری هەرێمی کوردستان و لایەنە ئۆپۆزسیۆن و ڕۆشنبیرو پسپۆڕانی ناوخۆییەکان لەدژی بیرۆکەی بوونی دەستووری هەرێمی کوردستان نین، بەڵکو لە خەمی بوونی دەستوورێکی پڕاوپڕی قایلکەری سەرجەم پێکهاتەو لایەن و هێزە سیاسییەکاندان و بە دوو ئاقاردا ڕەخنە لە دەستووری هەرێم دەگرن. یەکەمیان، شەرعیەتی دەرکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان و تێپەڕاندنیەتی لەماوەی زیادکراوی نایاسایی پەرلەماندا کە گومان لەو زوو تێپەڕاندنە دەکرێت لە پەرلەمانێکدا کە لە (٦/٤)ەوە شەرعیەتی دەرکردنی یاساو کارکردنی لەدەستداوە، بەتایبەت دەرکردنی دەستوور بەو بەها سیاسی و یاساییە گرنگەیەوە. ئاراستەی ڕەخنەگرانەی دووەمیش لەسەر مادەکانی ئەو دەستوورەیە بەتایبەت هەندێک بڕگەو مادەی دەستووری هەرێم بەتایبەت دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم و سنووری هەرێمی کوردستان و سیستمە فەرمانڕەواییەکەی و چەند خاڵێکی دیکە.

> ڕەخنەی خەڵکی کوردستان زۆر جیاوازە لە ڕەخنەوە سەرنجەکانی شۆڤێنیان، تێکەڵاوکردنیشی بۆ مەرامی خۆڵکردنەچاوی خەڵکە

دوابەدوای تێپەڕاندنی دەستوور لە پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو)ی کوردستاندا لە بەیاننامەیەکدا لیستی گۆڕان ڕایگەیاند: «دان بە هیچ یاساو بڕیارێکدا نانێین کە لەدوای وادەی کۆتایی پەرلەمانەوە دەربکرێت»و دەستووریش دەچێتە ئەم خانەیەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی بەختیار عەلی، نووسەرو ڕوناکبیر دەڵێت: «هیوادارم ئەم گەمەیە نەچێتە سەرو خەڵکی دەنگ بەو دەستوورە نەدەن، چونکە ئەم دەستوورە دەبێت بە پارێزەری فێڵکردن و دیکتاتۆرییەت».

## جیاوازیی نێوان هەردوو گوتار

یوسف محەمەد، مامۆستای یاسای دەستووریی لە زانکۆی سلێمانی، پێیوایە لە چەند ڕوویەکەوە جیاوازی هەیە لەنێوان هەردوو گوتاری شۆڤێنیستی عەرەبی و ڕەخنەی ناوخۆیی بەرامبەر بە دەستوورو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕووی یەکەمیان گوتارێکی زێدە عەرەبییە پەیوەندی بە ململانێ و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداوە هەیە، کە بەشێکییان یەکلایی نەبوونەتەوەو بەتایبەت ناوچە جێ ناکۆکەکان و دەسەڵاتە هاوبەشەکان و کە پێییوایە هەندێک لەو مادە دەستوورییە پێشێلکردنی دەستووری عێراقەو هەندێکی دیکەشیان گوتارێکی زۆر نا لۆجیکیەو هەرکات هەنگاوێکی باش یان خراپ لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بنرێت ڕەتیدەکەنەوەو چارەسەرکردنی گوتاری یەکەمیان لەسەر ئاستی عێراق و بەپێی دستوورو دادگای فیدراڵی ئاسانترە، لایەنی دووەمیش گوتارێکی کوردستانییە و گوتارێکە لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییانی کوردستان و ڕێکخستنێکی تەندروستی ئایندەی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی دەسەڵاتێکی دیموکراسی و سیستمێکی سیاسییە کە پابەندبێت بە سیستمی پەرلەمانیەوە بۆ چەسپاندنی مافەکانی خەڵک و لەو ڕوانگەیەشەوە ڕەخنە لەو دەستوورە دەگرێت و ئەو گوتارە ڕەخنەگرانەیەی ناوخۆ پێیوایە تێپەڕاندنی دەستوور بەوشێوەیەو لەم کاتەدا زیانی گەورەی بۆ داهاتووی هەرێمی کوردستان دەبێت».

یوسف محەمەد ئاماژەی بەوەشدا، کە دەستوور لە هەموو وڵاتانی دونیادا هۆکارێکە بۆ ڕێککەوتن لەسەر کۆمەڵێک بنەما تا لە داهاتوودا پرۆسەی سیاسی لەسەر بونیادو خاڵی کۆکەرەوە بێت لەنێوان پێکهاتەو هێزو ڕەوتە جیاجیاکانی نێو جیهانێکی سیاسی دیاریکراودا، بەڵام دەستووری هەرێم بووەتە جێی ناکۆکیەکی گەورە بەوشێوەیەی کە پەسەندکرا لە پەرلەمانێک کە شەرعیەتی نەماوەو وتیشی: «یەکلاییکردنەوەی گوتاری سیاسییە دەرەکیەکە ئاسانە لەڕێی دەستووری عێراقەوە، بەڵام یەکلاییکردنەوەی ململانێ و ناکۆکییە ناوخۆییەکان و نارەزاییەکانی خەڵک و هێزە سیاسی و مەدەنی و پیشەیی ئەکادیمییەکان بەرامبەر بە دەستوور قورسن و باشتر وایە کە دەسەڵاتی سیاسی تەنازول بکات، گەر دوای ئەوەی پەنا ببرێتە بەر دادگای دەستووریی و

# یاسای پارتە سیاسییەکان، حیزبەکان ناچاردەکات داهاتەکانیان ئاشکرابکەن

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

لیژنەی ئامادەکردنی یاسای حیزبەکان ڕەشنووسی یاساکە تەواودەکەن و ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە فشارێکی زۆر هەیە پێش تەواوبوونی ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەران یاساکە دەربچێت.

لیژنەی ئامادەکردنی یاسای حیزبەکان کۆتایی بە کارەکانی هێناو وابڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا ڕاپۆرتێک لەوبارەیەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بەرز بکاتەوە.

عەباس بەیاتی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کوتلەی ئیئتیلاف لە لێدوانێکیدا بۆ ڕادیۆ سەوا بە دووری زانی ئەنجومەنی نوێنەران بتوانێت لەم خولەی ئێستایدا یاسای پارتە سیاسییەکان پەسەندبکات، چونکە بە بۆچوونی بەیاتی «یاساکە نارەزایی زۆری لەسەرە لەلایەن کوتلەکانی پەرلەمانەوەو پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە».

بەپێی ڕەشنووسی یاساکە، دەبێت سەرجەم پارتە سیاسییەکان سەرچاوەی داهاتەکانیان ئاشکرابکەن و میلیشیای تایبەت بەخۆیان نەبێت و یاساکەش لەژێر لێپێچینەوەی یاساییدا دەبێت.

عادل بەرواری، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هەرچەندە تائێستا ڕەشنووسی یاساکە لە ئەنجومەنی نوێنەران پێشکەش نەکراوە، بەڵام بێگومان هەر یاسایەک کە پەسەنددەکرێت دەبێت پێشوەخت تێبینییەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی تێدا بەهەند وەربگیرێت و یاساکەش لە چوارچێوەی دەستووردابێت.

تائێستا عێراق یاسای دامەزراندنی پارتە سیاسییەکانی نییە، بەڵکو ئەوەی کە هەیە بڕیارێکە کە کاتی خۆی پۆڵ بریمەر، حاکمی مەدەنی عێراق دەریکردووە، بەڵام بەو مەرجانەی کە کۆمسیۆن بۆ دامەزراندنی پارتە سیاسییەکان دایناوە.

د.ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، کە فشارێکی زۆر هەیە پێش کۆتایی ئەمساڵ و تەواوبوونی خولی پەرلەمان ئەو یاسایە پەسەندبکرێت.

# مەنجەڵی تیڤاڵیش کرایە بانگەشەی هەڵبژاردن

**فاخیر تەلانی**

لیستی کوردستانی (مەنجەڵی تیڤاڵ)ی بەسەر بنەماڵەی شەهیدانی قەزای دوکاندا دابەشکرد، ئەمەش نیگەرانی لای کەسوکاری شەهیدان دروستکرد، بەوەی جیاوازی لە نێوان کەسوکاری شەهیداندا دەکرێت.

وارسی شەهیدێک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لیژنەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانی لیستی کوردستانی لە قەزای دوکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، سەردانی ماڵە شەهیدەکانی یەکێتییان کردو مەنجەڵی تیڤاڵیان بەسەر ماڵە شەهیدەکاندا دابەشکرد»، نیگەرانی خۆشی نیشاندا لەم هەڵوێستەی لیستی کوردستانی.

ئەو وارسی شەهیدە ئاماژەی بەوەشکرد: «وارسی شەهیدە سەرکردەکان خانوویان پێدەدەن و کلیلیان تەسلیم دەکەن بۆ ئێمەش مەنجەڵی تیڤاڵمان دەدەنێ، بۆ پێشمەرگە دێرینەکانیش (١٥) ملیۆن دینار وەک سلفە وەردەگرن، لە کاتێکدا دایک و ژنی شەهید خانەنشینی شاخیان بۆ نەکراوە، بەڵام ژنی جاشەکان ژنی شاخن و مووچە وەردەگرن».

## ڕوونکردنەوە

لە ڕۆژی پێنجشەممە (٢٠٠٩/٧/٢) بە سەرپەرشتی بەڕێز د. سید ئەحمەد بەرزنجی یاریدەدەری بەڕێز سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) بۆ کاروباری ئایینی لە هۆڵی ڕۆشنبیریی کۆبوونەوەیەکی فراوانی مامۆستایانی ئایینی بەڕێوەچوو بە بەشداری زیاتر لە (١١٩٠) مامۆستای ئایینی کە لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستانەوە هاتبوون و کۆبوونەوەکەش بۆ مەبەستی چۆنێتی هاندان و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان بوو لەلایەن مامۆستایانی ئایینییەوە، بۆ بەشداریکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەکی گشتیی، چونکە ئەم توێژە ماندوونەناسە بەپێی پیشەکەیان کاریان هاندان و ڕێنماییکردنی خەڵکی بووە بۆ خێرو چاکەو هەر کارێکی دیکە کە سوودی بۆ گەل و وڵات هەبێت، هەمیشە لە ڕیزی خەباتی گەلەکەیاندا بوون و پێویستیان بەوە نەبووە، کە ئاراستە بکرێن، سەرجەم ئەو قسانەش کە لە کۆبوونەوەکەدا کراون هەمووی تۆمارکراوە، بەڵام ئەوەی کە جێگەی نیگەرانی ئێمەیە کە لەلایەن هەندێک کەس و دەزگای ڕاگەیاندنەوە تۆمەتبار کراوین بەوەی کە بە مامۆستایانی ئایینی وترابێت کە دەنگ بدەن بە لیستێکی دیاریکراو، بۆیە ئێمە بە هەموو لایەکی ڕادەگەیەنین کە بە هیچ شێوەیەک باسی بانگەشەکردنی تێدا نەبووە بۆ دەنگدان بە کەس و لیستێکی دیاریکراوو دووپاتی دەکەینەوە کە سەرجەم ئەو قسانە دوورن لە ڕاستی و بەرپەرچیان دەدەینەوەو بە درۆو بووختان لە قەڵەمی دەدەین و بەهیچ شێوەیەک ڕاستی تێدا نییە.

هیوای سەرکەوتن بۆ هەمووان لە خوای گەورە دەخوازین

**ڕاگەیاندنی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

# ...سانی ژێرخانی ئابووریمانە

گرنگە بۆ جێبەجێکردنی یاساکە.

**ڕۆژنـــامـــە: ئێمە بـاسـی یاسای قۆرغکردنمان کرد لەسەرەتاوە، لە یاسای وەبەرهێنانیشدا هیچ بڕگەیەکی وای باس نەکردووە، ئایا نەبوونی ئەم یاسایە نەبووەتە هۆی ئەوەی حیزبەکان بازاڕی ئازاد بۆ خۆیان قۆرغ بکەن؟**

* یـاسـای وەبـەرهـێـنـان کـاری پێدەکرێتو دەستەی وەبەرهێنان ئیشی زۆری کردووە، بەڵام ئاماژەی بەوەش کردووە کە وەبەرهێنی خۆماڵی نەیتوانیوە وەکـو پێویست سوود لە یاسای وەبەرهێنان وەربگرێت، هـۆکـارەکـەش ئـەوەیـە کـە هەندێک لە دامـودەزگـا حکومیەکان تائێستا باش کاریان نەکردووەو ڕۆتیناتیان کۆسپێکە لەبەردەم جێبەجێکردنو کارپێکردنی یاسای وەبەرهێناندان یەکێک لـەو کۆسپانەی کەبەزەقی دیـاره جێبەجێنەکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانە، ئـەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە دامودەزگاکانی تایبەت بە پرۆژەکان زەوییان بۆ ئەو پرۆژانە تەرخان نەکردووە، مانای وایە ئەو دەزگایانە نەیانتوانیوە کـار بکەن، هیواداریـن ئەو دەزگایانە چالاکتربنو ئەو کۆسپانە نەهێڵن.

**ڕۆژنامە: بۆچی پەرلەمان لەماوەی (٤) ساڵی تەمەنیدا ئەو مەسەلەیەی دواخـسـت بـۆ ئێستاو لە ئێستادا تێیپەڕاند، ئایا ئەمە پیلانی دوو حیزبە دەسەڵات بەدەستەکە نییە کە لەم کاتەدا تێیپەڕێنن؟**

* من ئەمە بە پیلان تێناگەم، بەڵام دەبوایە بەر لە دەستووری عێراقی دەسـتـووری خۆمان رابگەیاندایەو ریفراندۆممان لەسەر بکردایە، تەسەور ناکەم کە پەلەی تێداکرابێت، ئێمەو سەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرکردایەتی سیاسیش کەمتەرخەم بووین لەوەی کە دەستووریان دواخست، دەبوایە زۆرتر تێمانپەڕاندایە نەک دوای دەستووری عێراقی، لەبەرئەوەی زۆر پرۆسەی دامـەزراوەیـیو دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کـوردی دواخـسـتـووە، هەربۆیە تا زووتر پەلەی تێدا بکەین بۆ تێپەڕاندنی هێشتا کەمە، ریفراندۆمی بۆ بکەینو خەڵکی کوردستان خەبات بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەم دەستوورەو لە ئایندەدا گەشەپێدانی دەستوورەکە.

**ڕۆژنـامـە: تێپەڕاندنی دەستوور لەکاتێکدا پەسەندکرا کە پەرلەمان مـاوەی کارکردنی تـەواوبـوبـوو، بۆ نەتوانرا پەسەندکردنی ئەم دەستوورە بخرێتە پەرلەمانی داهاتوو؟**

* من دەڵێم دەستوور دواکەوتووەو نابێت لەوەزیاتر دوابکەوێت، لەبەرئەوەی لە بەردەم پرۆسەی هەڵبژاردندایـنو دەرفەتێکە بۆئەوەی کە خەڵک دەنگ بۆ ئەو دەستوورە بدات، لەبەرئەوەی یەکەم لە ڕووی میکانیزمی کارکردنەوە ئاسانترە، دووەم بۆئەوەی لەوەزیاتر دوانەکەوێت، چونکە ئیشێکی زۆری بۆکراوەو قسەیەکی زۆری لەسەرکراوە، کارکردن لەسەر ئەم دەستوورە زۆر لەم چوارساڵە زیاترە، دامودەزگاو ڕێکخراوە مەدەنییەکانو میدیاکانو پسپۆڕانو ڕۆشنبیران هەموو ئاگادارن لەم دەستوورە، دواکەوتنی لەوەزیاتر لە بـەرژەوەنـدی خەڵکی کوردستان نییە، ناتوانین بڵێین دەستوورەکەشمان تێرو تـەواوەو کەموکورتی تێدانییە، کەموکورتی زۆرەو بە ڕای من وەک دەستووری هەموو وڵاتانی دیکە قابیلی قسە لەسەرکردنە، ڕاستییەکیش هەیە کە نووسینی دەستوور لە بەرژەوەندی هەموو خەڵک دەنووسرێتو دەکرێت چەند کەسانێکیش بەرژەوەندییان تێدانەبێتو ڕەخنەی لێبگرنو تێبینیان لـەسـەر چەند بڕگەیەکی هەبێت، واتە بەشێوەیەکی گشتیی من لایەنە پۆزەتیڤەکانی زیاتر دەبینم وەک لە لایەنە نێگەتیڤەکانی.

**ڕۆژنامە: پێشتر پارتیو یەکێتی لەسەر مەسەلەی دەستوور پاساوی ئـەوەیـان هـەبـوو تـا مـادەی (١٤٠) جێبەجێنەکرێتو خەڵکی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بەشداری لە ڕاپرسیدا نەکەن، ناکرێت دەستوور بخرێتە ڕاپرسییەوە، ئایا بەرژەوەندی ئەو دوو حیزبە ئەم دەستوورە دەخوازێت، یان سەرکردایەتی کورد دەستی لەو ناوچانە شۆردووەو گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە ئیتر کارتەکانیان سوتاندووەو ناتوانن ئەو ناوچانە بگەڕێننەوە سەر کوردستان؟**

* من پێموانییە کە مادەی (١٤٠)و جێبەجێنەکردنی پـاسـاو بێت بۆ دواکەوتنی دەستوور، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەو کەسەی کەوا بیردەکاتەوە، مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی مادەیەکی پابەندەو دەبێت جێبەجێبکرێت لەلایەن حکومەتی عـێـراقـیـەوە، ئـەگـەر تا ئێستا جێبەجێنەکراوە ئەوە لادانێکی دەستوورییە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە، من بەوشێوەیەش تێناگەم کە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەستی شتبێت لە جێبەجێکردنی مـادەی (١٤٠)، لەبەرئەوەی مادەی دووی دەستوورەکە جەختدەکاتەوە لـەسـەرئـەوەی کوردستانی عێراق قەوارەیەکی جوگرافیو مێژووییەو پێکهاتووە لە پارێزگاکانی دهۆکو کەرکوکو سلێمانیو هەولێرو قەزاکانی ئاکرێو شەنگارو شێخانو قەرقوشو زمـارو بەعشیقەو ئەسکی کەلەک لە پارێزگای نەینەواو خانەقینو مەندەلی لە پارێزگای دیالە، واتە سنوورەکانی پێش ساڵی (١٩٦٨)، ئەمە خۆی لە خۆیدا لایەنێکی پرشنگو گەشدارو دڵخۆشکەرەو لایەنێکە لەو لایەنانەی کە جێگەی شانازییە لە دەستوورەکەدا.

**ڕۆژنامە: لە دەسـتـووردا باس لە سنووری سیاسی دەکـرێـت، زاراوەی (سنووری سیاسی) دانـنان نییە بە ئەو سنوورەی کە دەستکردە، بەمانایەکی دیکە دانـنان نییە بە نەبوونی سنوورێکی سروشتی ڕاستەقینەی کوردستان؟**

* سنووری سیاسیو سنووری جوگرافیشمان هەیە، سنووری جوگرافی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، سنووری سیاسیش ئەو دەسەڵاتەی کە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی تێدایە، لە پرۆژەی دەسـتـووردا هـەردوو زاراوەکـەی بـەکـارهـێـنـاوە، ئـەمـەش لایەنێکی واقیعبینانەیەو من پێی گەشبینم، باسی هەردوولای کراوە بە خۆشحاڵییەوە.

**ڕۆژنـامـە: تا چەند گەشبینی بە پەرلەمانی داهاتوو کە ژێرخانێکی ئابووری پتەو لە هەرێمی کوردستاندا بنیادبنێت، لایـەنـی ئـابـووری لە کوردستاندا ببووژێنێتەوەو چیدی بـەڕێـژەی (٩٧٪) پشت بە داهاتی حکومەتی ناوەندی نەبەستێت؟**

* پەرلەمان یان هەر دەزگایەکی دیکە کە لە وڵاتدا هەیە یان لە هەر شوێنێکی دیکە لە سنوورێکی دیاریکراوی خۆیدا کـاردەکـات، ماف بەخۆم نـادەم لێرە لەباتی پەرلەمانی ئایندە قسە بکەم ئەوە کاری ئەوانە، بەڵام گەشبینم بەوەی کە پەرلەمانی داهاتوو ئەکتیڤتر دەبێت لە ئێمەو چالاکتر کاردەکات، لەبەرئەوەی ئەزموونی پێشوتر هەیەو ئەو کارانەی ئێمە نەمانکردووە ئـەوان دەتوانن جێبەجێی بکەن.

## ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی داکۆکی لە زیندانییە سیاسییەکان:

# حکومەتی هەرێم مووچەی زیندانییانی سیاسی وەرگرتووەو خۆی لێ گێلکردووە

سازدانی: ڕۆژنامە


خالید ئەوڕەحمان

**لە بەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکی بۆ ڕۆژنامە نێردراوە (دەستەی داکۆکی لە مافی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان) ئەو بڕیارە ڕەتدەکەنەوە کە لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم (عیماد ئەحمەد)ەوە لە (٢٠٠٩/٧/١) دەرچووە کە قەرەبووی زیندانییە سیاسییەکانی هەرێم بکرێتەوە بە مووچەیەکی مانگانە بەبڕی (٣٩٠٠٠٠) دینار بۆ هەموو زیندانێکی سیاسی کە دۆسیەکەی لە بەغدا یەکلایی بووبێتەوە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی هۆکاری ڕەتکردنەوەی ئەم بڕیارەو کێشەو قەیرانی زیندانییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان خالید ئەوڕەحمان شەریف، ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی داکۆکی لە مافی زیندانییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ڕۆژنامە دەدوێت.**

**ڕۆژنـــامـــە: زیندانییە سیاسییەکان کێشەکانیان چییەو لە کوێوە سەریان هەڵداوە؟**

* کێشەی زیندانییە سیاسییەکان لە سەرەتادا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە هەردوو حیزبی سەرەکی یەکێتیو پارتی پێش گەیشتن بەو ڕێکەوتننامە ستراتیژییەی نێوانیان نەیانتوانی زیندانییە سیاسییەکانیان لە بەرنامەی حیزبەکانی خۆیاندا بە کۆمەڵێک مافو ئیمتیازات ڕێکبخەن وەک پێشمەرگەی دێرینو دابڕاوو شەهیدانو کەمئەندامانی سەنگەر، زۆر ئاگاداری لایەنی پارتی نیم بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، بەڵام لایەنی یەکێتی ئەوەی کرا دابەشکردنی هـەزاران پارچە زەوی بوو بە شێوەیەکی زۆر ناعادیلانە، کە سەرجەم زیندانییە سیاسییەکانی نەگرتەوەو چەند سەد کەسێکیش خانەنشینکران بە مووچەیەکی ڕەمزی مانگانە، ئەویش بۆ کەمینەیەک بوو، دیارە بەهۆی تەزکیەی حیزبیو مەحسوبیەتو هەر ڕێگایەک بێت کراو بەسەر چوو.

**ڕۆژنامە: دوای دروستبوونی کۆمکار چی کرا بۆ زیندانییە سیاسییەکان؟**

* لە دوو ساڵی دەستبەکاربوونیەوە دەستیکردەوە بە ناونووسی زیندانیانی سیاسیو دروستکردنەوەی پێناس، بۆ هەر پێناسێک بڕی (٦٠٠٠) دیناریان وەرگرتووە، تائێستا سێ جار پێناسیان بە بڕوبیانووی جیاواز تازە کردووەتەوە کە هەرجارەی گەیشتووەتە (٥٠) هەزار دینار.

ئەمە لەکاتێکدا نەسریەی تایبەت لە هـەردوو حیزب وەردەگـرنو سێ هەزار دۆلاریـش مانگانە وەک کۆمەک لە مام جـەلال وەردەگـرنو بۆیان بـڕاوەتـەوە، جگەلەوەی جارێکیش (٢٥) ملیۆن دیناریان وەرگرتووە لە د. بەرهەم ساڵح، ئەوەندەی بزانم دەزگـای چـاودێری دارایـی وەک پێویست لێپێچینەوەی لە سەرفکردنی ئەو پارانە نەکردووە، کە ئایا بۆ چ کارێکی زیندانیانی سیاسی سەرفکراوە.

**ڕۆژنامە: ئێوە کۆمکار بەوە تۆمەتبار دەکەن کە نەیتوانیوە مافێک بەدەستبهێنێت، ئەی ئێوە وەکو دەستەی داکۆکی کە بەجیا کار بۆ مافی زیندانییە سیاسییەکان دەکەن چیتانکردووە؟**

* هەر لەسەرەتاوە ئێمە وەک بڕیارماندا کە هێزێکی فشاربینو بە دواداچوون بکەین بەرامبەر ئـەو چەواشەکاریانەی کە چ کۆمکار بە خۆدزینەوەو خۆڵکردنە چاوی زیندانییە سیاسییەکان درێـژەی بەخۆی دەداو هەم ئەو بەڵێنانەی حکومەتی هەرێمو مەکتەبی سیاسی حیزبەکانو تەنانەت پەرلەمانیش کە دەیاندا کە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی لەسەر بکەین تا بەرچاوی زیندانییە سیاسییەکان ڕوونبکەینەوە، بۆیە چەندین جار بە یاداشتو ڕوونکردنەوەو بەیاننامەی نارەزایەتیو سەردانی مەکتەبی سیاسی هەموو حیزبەکانو دانیشتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانو دووجار خۆپیشاندان توانیمان هەموو چەواشەکارییەکان بۆ سەرجەم زیندانییە سیاسییەکان ئاشکرا بکەین بە بەڵگەوە کە نە کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان نوێنەری شەرعیی و ڕاستەقینەی سەرجەم زیندانییە سیاسییەکانەو نە حکومەتی هەرێمو پەرلەمانیش ئامادەیە یەک بڕیار دەربکات سەبارەت بە مافو داخوازی زیندانییە سیاسییەکان.

**ڕۆژنامە: ئێستا کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان توانیان لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆببنەوە لە (٧/١) بڕیاری بڕینەوەی مووچە دەربکەن بۆهەموو زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان کە بۆ هەر مانگێک (٣٩٠٠٠٠) دینارە، بۆچی ئێوە لە بەیننامەیەکتاندا ڕاتانگەیاندووە ئەو مووچەیە ڕەتدەکەنەوە؟**

* ئێمە وەکو دەستەی داکۆکی لە مافی زیندانییە سیاسییەکان ئەو بڕیارەمان ڕەتکردووەتەوە، چونکە لە بەرژەوەندی زیندانییە سیاسییەکاندا نییە، لەبەر چەند هۆکارێک:

یەکەم/یاساو بڕیار سەبارەت بە سەرجەم زیندانییە سیاسییەکانی هەموو عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە دەرچووە، تەنانەت جێبەجێشکراوە کە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە بە کۆمەڵێک مافو ئیمتیازاتو منحەیەکی مانگانەش کە بڕی (٥٠٠٠٠٠) دینارە بۆ هەموو زیندانییە سیاسییەکانو ئەم یاسایەش لە ڕۆژی (٢٠٠٨/٢/١)ەوە لەهەر پانزە پارێزگاکەی عێراقدا جێبەجێکراوە، ئەوە بۆماوەی حەڤدە مانگە ئەو مووچەیە وەردەگرن کە تا ئێستا پشکی هەریەکێک لە زیندانیانی سیاسی دەکاتە (٨٥٠٠٠٠٠) هەشت ملیۆنو پێنج سەد هەزار دینار، بەڵام تا ئەم لەحزەیە لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) ئەم مووچەی حەڤدە مانگە نەدراوە بە هیچ زیندانێکی سیاسی لە کوردستان کە بەمەرجێک بودجەی تایبەتی زیندانییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٧)ەوە بۆ هەرساڵێک (٢٥) ملیار دینار دراوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستانو وەریگرتووەبێ قەیدوشەرت، چەندین بەڵگەی حکومەتی عێراقی هەر لە وەزارەتی داراییو ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کە دەیسەلمێنێت لە میزانیەی گشتی حکومەتی فیدراڵی خراوەتە سەربودجەی (١٧٪)کەی هەرێمی کوردستان، ئێمە وەکو دەستەی داکۆکی لە مافی زیندانیانی سیاسی کوردستان لە چەندین چاوپێکەوتنی ڕادیۆو کەناڵەکانەوە بە بەڵگەوە بڵاومانکردووەتەوە، سەلماندوومانە کە حکومەتی هەرێم مووچەکەی ئێمەی وەرگرتووەو خۆی لێ گێلکردووە، ناچێتە ژێرباری دابەشکردنی ئەو مووچەیە بەسەر زیندانییە سیاسییەکانی کوردستاندا، تەنیا هۆکارێکیش بۆ ئەمە دەستەی باڵاو سەرۆکو جێگری کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان کە خۆیان کردووە بەنوێنەری مافەکانی زیندانییە سیاسییەکان هەمیشە وتوویانە نەخێر حکومەتی هەرێم پارەو مووچەکەی وەرنەگرتووە تا دواجار بەفشاری ئێمەو دەرخستنی ڕاستییەکان بە بەڵگەوە ئەوانیش چوونە ژێرباری، لە کەناڵی KNN سەرۆکی کۆمکار وتی: «بەڵێ حکومەتی هەرێم وەریگرتووە» سەرباری ئەم ئیعترافە لەولاوە دەچن جارێکی دیکە لەبەرخاتری ئیمتیازاتی شەخسی خۆیانو پۆستە ناشەرعیەکانیان ڕێککەوتن لەسەر مافەکانی ئێمە دەکـەنـەوەو شەرعیەت دەدەن بەحکومەت، زوڵـم لە زیندانییە سیاسییەکان بکاتو لەجیاتی حەڤدە مانگ کە دەکاتە (٨٥٠٠٠٠٠) هەشت ملیۆنو پێنج سەد هەزار دینار دەچن وەکو کۆیلە بە مەمنوونی بە مووچەیەکی یەک مانگی کە (٣٩٠٠٠٠ ) دینارە ڕازیدەبن، ئەمە بە دڵنیایی ئەوە دەسەلمێنێت کە نە سەرۆکی کۆمکار نەجێگرەکەی زیندانی سیاسی نین، دەنا ئاوا تەنازولیان لە هەقی خۆیان نەدەکرد.

دووەم: نوێنەرانی دەستەی داکۆکی لە مافی زیندانییە سیاسییەکان لەسەر داواو بانگهێشتی وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/٢١) پاش دوو کاتژمێر کۆبوونەوە گەیشتین بەو دەرئەنجامە کە حکومەتی هەرێم وەزارەتی نـاوبـراوی ڕاستەوخۆ ڕاسـپـاردووە بۆ چارەسەری کێشەکەو بڕیاردرا کە یاسای ژمـارە (٤) بەهەموو ئیمتیازاتەکانەوە جێبەجێبکرێت پێش وادەی هەڵبژاردنەکان، ئەویش بە کـردنـەوەی بەڕێوەبەرێتی سـەر بە وەزارەت لەهەر سێ شاری (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) دەستبکرێت بە پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەتی دەزگای زیندانییە سیاسییەکانی بەغداو ڕەوانەبکرێت بۆ یەکلاییکردنەوەیان، بەڵام هەر بەڵێنو خاوکردنەوەی نارەزایەتیمان بوو کە ناتوانن بەرپێبگرن .

سێیەم: داوا لە هەموو زیندانییە سیاسییە تیکۆشەرەکان دەکەم کە ئەم بڕیارە کاتییەو بەبۆنەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوەیە بـۆ مسۆگەرکردنی دەنـگـی زیندانییە سیاسییەکان بۆ لیستێکی دیاریکراو، چونکە بڕیارەکە لە (٢٠٠٩/٧/١)دا دەرچووە، ئەی نەدەکرا چەند مانگێک یاخود ساڵێک پێشتر دەرچووبایەو ئەم بڕیارەش بۆ تەنیا (٤٠٣) کەسە نەک سەرجەم زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان کە من ئەو (٤٠٣) زیندانییەش ئاگاداردەکەمەوە هەڵوێست وەربگرن خەباتو حورمەتتان مەخەنە ژێر بڕیارێک کە شایستەتان نییەو بڕیاری ئێوە دەمێکە دراوەو جێبەجێش کراوە، ئەگەر حکومەتو پەرلەمان بەڕاستی خەمخۆری مافی ئێوەو ئێمەیە با مووچەی حەڤدە مانگەکەمان بداتێ، لەلایەکی دیکەوە کوا پەرلەمان شەرعیەتی بڕیاردانی ماوە لە (٢٠٠٩/٤/٦) بەسەرچووەو تا پەرلەمانی ئایندە ناتوانێت هیچ بڕیارێک پەسەندبکات.

# سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان:

# ئاستی داهاتی ناوخۆی هەرێم، نیشانەی لاوازیی‌و هەرەسهێنە

**د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس بڕوای وایە، پارتی‌و یەکێتی‌و هەر رێکخراوێکی دیکە بۆیان هەیە کۆمەڵێک بەرژەوەندییان هەبێت لە سنووری یاسادا. سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان (کە ماوەی بەسەرچووە) لەم چاوپێکەوتنەی رۆژنامەدا تیشک دەخاتە سەر بودجەو لەوبارەیەوە دەڵێت: بەداخەوە دەزگایەکی ئامارمان نییە تا پشتی پێببەستین، لە رووی زانستییەوە ئەو ژمارانەی کە هەیە لەلایەن حکومەتەوە بۆمان دێت، ئەم رێژەیەش نیشانەیەکی زەقە گوزارشت لەوە دەکات کە رەوشی ئابووریمان زۆر خراپە، سەرچاوەی سەرەکی داهاتی ئێمەو داهاتی حکومەتی هەرێم بریتییە لەو پشکە پارەیەی حکومەتی ناوەندی کە لە بەغداوە بۆمان دەنێرێت‌و پێیدەڵێن (١٧٪)ی بودجەی هەرێم، کە بەداخەوە ئەوەندە نییەو نزیکەی لە (١٢٪)ی ئەو پارەیەیە، ئەمەش بە یەکجار ناگاتە دەست حکومەتی هەرێم، بەڵکو بە (٣٦) جار ئەو پارەیە دەگاتە هەرێم، واتە هەموو (١٠) رۆژ جارێک بڕێکی دەنێرێت.**

**سازدانی: نیان مەجید**

**رۆژنامە: بەپێی مادەی (١٥)ی دەستووری تێپەڕێندراو لەلایەن پەرلەمانەوە، هەرێمی کوردستان پشت بە سیستمی ئابووری‌و بازاڕی کێبرکێ‌و رەوا دەبەستێت‌و قۆرغکردنیش بەپێی یاسا نەبێت رێگەی پێنادرێت، ئایا هاوردەو هەناردە قۆرغدەکرێت‌و ئەم یاسایە چۆن رێکدەخرێت‌و کێ دەگرێتەوە؟**

* ئەگەر تێبینی پرۆژەی دەستووری کوردستان بکەین لەزۆر شوێندا هەیە دەڵێت بەپێی یاسا رێکدەخرێت، یەکێک لەوانە مەسەلەی قۆرغکردنە، دیارە قۆرغکردن لەگەڵ بازاڕی ئازاددا ناگونجێت، یەکێکیش لە خاڵەکانی دەستوور ئەوەیە کە مەسەلەی کێبرکێ‌و بازاڕی ئازادە، بەشێوەیەکی دیکە بیلێین ئابووری کوردستان لەسەر بنەمای سەرمایەداری بنیادنراوە، بەڵام هەندێک جار مادەیەکی کیمیایی وەک دەرمان دەهێنرێتە کوردستان، لەهەمانکاتدا وەک مادەیەکی هۆشبەریش بەکاردەهێنریت، ئەم مادانە کەس بۆی نییە بیهێنێت جگە لە حکومەت، هەربۆیە ئەم مادانە دەبێت یاسایەکیان بۆ دەربچێت کە هێنانی تەنیا پەیوەستبێت بە وەزارەتێکەوە، هەروەها مـادەی تەقەمەنی کە بۆ دروستکردنی پردو تونێل بەکاردەهێنرێت، لەهەمانکاتدا بۆ کاری تیرۆریستیش بەکاردەهێنرێت، لەبەرئەوە هێنانی ئەو مادانە دەخرێتە چوارچێوەی کارێکی حکومیی.

**رۆژنامە: بەڵام گروپی کۆمپانیاکانی یەکێتی‌و پارتی بەناوی حکومەتەوە زۆر کاری وەبەرهێنانیان بۆ خۆیان قۆرغکردووە، لە مەجالی وەرگرتنی تەندەری پرۆژە گەورەکان لەگەڵ داگیرکردنی ئەو کارگە حکومییانەی کە پێش راپەڕین لەکوردستاندا هەبوون؟**

* مـن ناڵێم پـارتـی‌و یەکێتی ئەم شتانەیان قۆرغکردووە، بەڵام پارتی بێت یان یەکێتی یان هەر رێکخراوێکی دیکە بۆیان هەیە کۆمەڵێک بەرژەوەندیی هەبێت لە سنووری یاسادا، بەڵام کێشەی ئێمە نەبوونی دەستوور بووەو نەمانتوانیوە کار لەسەر یاساکان بەشێوەیەکی جدی بکەین، بۆئەوەی سنوورێک بۆ چالاکیە ئابووری‌و بازرگانیەکانی ئەو دەزگایانە دابنێین، هەربۆیە بەدەرکردنی پـرۆژە یاسای دەسـتـووری هەرێمی کوردستان. ئەو بۆشاییە پڕدەکەینەوە، ئەوکاتە سنوورێک بۆ دەسەڵاتی حیزب‌و چالاکیەکانی حیزب‌و چالاکی دامەزراوە حکومیەکان‌و دامەزراوە ئابووری‌و بازرگانییەکان دادەنێین.

**رۆژنامە: لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا (لە ٢٠٠٤)وە حکومەت تا چەند شەفاف بووە لە مەسەلەی بودجەو خەرجکردنی بودجەو خستنەڕووی داهاتی راستەقینەی کوردستان، تاچەندە بەشێوەیەکی دروست‌و وەک پێویست لێپێچینەوەی لەو مەسەلەیە کردووە؟**

* من ناڵێم لە رووی بودجە یان لە رووی سەرچاوەکانی داهاتی حکومەتی هەرێم‌و شێوازی خەرجکردنیەوە شەفاف نین، بە رای من شەفاف بووین.

**رۆژنامە: بە چ شێوەیەک شەفاف بوون؟**

* بۆ نموونە بودجە کە هاتووەتە پـەرلـەمـانـەوە، لـە پەرلەماندا قسەی لەسەرکراوەو بڕیاری لـەسـەردراوەو یـاسـای پـێـدەرچـووە، واتـە شـێـوازی خەرجکردنی بودجەو سەرچاوەکانی دیارە، بەڵام مەسەلەی بەدواداچوونمان‌و کارکردنمان وەک دەزگـای پەرلەمان وەک پێویست نەبووە، بەهەمانشێوە لە هەموو دەزگا حکومیەکاندا کەموکورتی هەبووەو ناتوانین نکۆڵی لێبکەین، ئەمە مانای ئەوەنییە کە شەفافیەت نەبووبێت، ئەو راستییەش دەبێت باس بکەین کە ئێمە لەسەرەتای دروستکردنی دامەزراوەداین‌و دەزگاکانمان وەکو پێویست ئەکتیڤ نین، هەربۆیە تێبینی دەکەین ساڵ بەساڵ پێشکەوتووتر بووین، ئەم خولەی پەرلەمان زۆر ئەکتیڤتر بووە وەک لە پەرلەمانی هەڵبژێردراوی ساڵی (١٩٩٢)، هیوادارم ئەو پەرلەمانەی لە دوای ئێمەوە دێت زۆر لە ئێمە ئەکتیڤترو چالاکتر بێت بۆ ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدات، بەڵام چەندە گرنگە بڕیار لەسەر بودجە بدەیت بەدەیان جار گرنگە کە بە دواداچـوون لەسەر جێبەجێکردنی بودجە بکەیت، بەداخەوە هەندێک لە لیژنە پەرلەمانیەکان وەکو پێویست لە مەسەلەی بەدواداچووندا کاری خۆیان نەکردووەو کەموکورتییان زۆر بووە، ئەویش بەهۆی کەمئەزموونییەوە، بۆنموونە وەکو لیژنەی دارایی‌و ئابووری لەکاتی بڕیاردان لەسەر بودجەی ساڵی (٢٠٠٨) دوای ئـەوەی بڕیارمان لەسەر یاسای بودجە دا، داوامان لە سەرۆک لیژنەکان‌و نوێنەری لیژنەکان کرد کە کۆبوونەوەیەک بکەین بۆئەوەی لیژنەکان کـاری بـەدواداچـوون بکەن، بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک لیژنەکان بەشداری کۆبوونەوەکەیان نەکرد.

**رۆژنامە: ئەم کەمتەرخەمیانە هۆکاری باڵادەستی حیزبەکان نەبوون لە پەرلەماندا، کە هەموو بڕیارێک بە دەست خۆیان بووە، هەر بۆیە لێپێچینەوەو بەدواداچوون بۆ هیچ کارێک نەکراوە؟**

* ئەوە راستییەکە لەهەموو سیستمێکی دیموکراتیدا پەرلەمان حیزب دروستی دەکات، لە ئەمریکا دوو حیزبی سەرەکی هەیە بۆ کێبرکێ‌و ململانێی سیاسی، ئەو دوو حیزبە دەچنە کۆنگرێس‌و ئەنجومەنی پیرانەوە، کە دەنگ لەسەر مەسەلەیەک دەدەن لەسەر بنەمای بـەرژەوەنـدی حیزبەکەیان دەنـگـدەدەن، ئەم شێوازە لـە زۆربـــەی وڵاتــەکــانــی ئــەوروپــاش بەوشێوەیەیە، لەوڵاتی ئێمەشدا ئەو ئەندام پەرلەمانانەی لەوێن لە رووی رێکخستنەوە حیزبین ئەگەر حیزبیش نەبن هەر لە رێگەی حیزبێکەوە هاتوون، لەبەرئەوە لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەو حیزبەدا کاردەکەن، بێگومان بەمشێوەیە سیاسەتی حیزبەکەو بیروبۆچوونی حیزبەکە لە بڕیارەکانی پەرلەماندا رەنگی خۆی دەداتەوە، دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەزموونی (١٨) ساڵەی حکومەتی هەرێم بۆ مێژوومان کاتێکی کەمەو هەنگاوی دروستبوونی حکومەتێکیش هەروا کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوە جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەمەوە کە سیستمی دەسەڵات لەلای ئێمە لەبەر کەمئەزموونی زیاتر لە وڵاتانی دیکە رەنگدانەوەی حیزبی پێوە دیارە، سنوور لەنێوان حکومەت‌و حیزبدا بە ئاشکرا دیارنییە، ئەمە کێشەی ئێمەیە، دەبێت ئێمە لە ئایندەدا هەنگاوی گەورەتر بنێین بـەرەو بە دامەزراوەییبوونمان، دەزگـاکـان لەیەکتری جیا بکەینەوەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی دروستبکەین.

**رۆژنامە: بەگوێرەی حساباتی کۆتایی بودجەی (٢٠٠٧)، داهاتی حکومەتی هەرێم تەنیا (٣٪)ی خەرجیەکان بـووە، ئەمە چۆن لێکدەدەنەوە، ئایا ئەمە رێژەیەکی راستەقینەیە، ئەگەر راستەقینەیە مانای وانییە حکومەتی هەرێم نەک تەنیا نەیتوانیوە ژێرخانی ئابووری ببووژێنێتەوە، بەڵکو بەرەو داتەپینی زیاتری بردووە، تۆ وەک کەسێکی پسپۆڕ لە بواری ئابووری پێتوایە لە دنیادا هیچ حکومەتێک هەیە کە داهاتی ناوخۆی تەنیا (٣٪)ی پێویستییەکان دەستەبەربکات؟ ئەمە چ مەترسییەک لەسەر حکومەت‌و ئایندەی دروستدەکات؟**

* بەداخەوە کە دەزگایەکی ئامارمان نییە تا پشتی پێببەستین، لە رووی زانستییەوە، ئـەو ژمـارانـەی کە هەیە لەلایەن حکومەتەوە بۆمان دێـت، ئەم رێژەیەش نیشانەیەکی زەقە گوزارشت لەوە دەکات کە رەوشی ئابووریمان زۆر خراپە، سـەرچـاوەی سەرەکی داهاتی ئێمەو داهاتی حکومەتی هەرێم بریتییە لەو پشکە پارەیەی حکومەتی ناوەندی کە لە بەغداوە بۆمان دەنێرێت‌و پێیدەڵێن (١٧٪)ی بودجەی هەریم، کە بەداخەوە ئەوەندە نییەو نزیکەی (١٢٪)ی ئەو پارەیەیە، ئەمەش بە یەکجار ناگاتە دەست حکومەتی هەرێم، بەڵکو بە (٣٦) جار ئەو پارەیە دەگاتە هەرێم، واتە هەموو (١٠) رۆژ جارێک بڕێکی دەنێرێت، ئەمەش لە بودجە ناچێت، بەڵکو لە مووچە دەچێت. داهاتی هەرێمی کوردستانیش زۆربەی هەرە زۆری حکومەتی عێراقی بۆ خۆی دەبات وەکو گومرگەکان، چونکە حکومەتی عێراقی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی ناوەندا حسابی هەرێمی کوردستانیان کردووە، لەبەرئەوە ئـەوان پێشوەخت لە بەشی هەرێمی کوردستان دەبـڕن، کاتێک کە بودجە دەگاتە هەرێمی کوردستان ئەو باج‌و داهاتانەی لە حکومەتی ناوەندییەوە لێبڕدراوە، ئەو راستییەش هەیە کە متمانە لەنێوان حکومەتی عـێـراق‌و هەرێمی کوردستاندا نییە، هەربۆیە ئەوانە بە زیادەوە لە ئێمەی دەبڕن.

ئێمەش سیاسەتێکمان هەیە لە هەرێمی کوردستاندا کە دەڵێین بۆ باری هاوڵاتی هەرێمی کوردستان قورس بکەین‌و باجی زۆریان لێبسەنین‌و حکومەتی عێراقیش ئەو پارەیە لە ئێمە بسەنێت، لەبەرئەوە سیاسەتی پەرلەمانی کوردستان ئەوەبووە کە باج لەسەر هاوڵاتی کەم بکەینەوەو زەرەرمەند نەبێت، ئەمە لایەنێکی ئیجابی هەیە، بەڵام لایەنی سلبیشی هەیە وەک کەمکردنەوەی داهـــات، هەستکردنی هاوڵاتی بە بەرپرسیارێتی کەم دەبێت، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کە هاوڵاتی بۆی هەیە لێپێچینەوە لە حکومەت بکات، ئەوەیە کە هاوڵاتی بەشدارە لە بەخێوکردنی حکومەتدا، بەڵام لای ئێمە هەموو شتێکمان بەخۆڕاییە، ئەم پشتبەستنەش بە حکومەت کارێکی وایکردووە کە نەتوانین وەکو پێویست لێپێچینەوە لە حکومەت بکەین، بۆ بەهێزکردنی سیستمی دیموکراسیش پێویستە هاوڵاتی بەشداربێت‌و لایەنێک بێت لێی، سـەبـارەت بـەوەی داهاتی حکومەتی هەرێم (٣٪)ی خەرجییەکانی خەڵکی کوردستان پێکدەهێنێت، ئەمە نیشانەی لاوازیـــی‌و هەرەسهێنانی ژێرخانی ئابووری هەرێمە، بێگومان ئەمە بەردەوامی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمدەکاتەوە، کە پێویستە سیاسەتێکی روون‌و ئاشکرامان هەبێت، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست ئەو سیاسەتی دارایی‌و ئابووریە بوونی نییە لە کوردستاندا کە لە ئایندەدا پشت بەخۆمان ببەستین‌و گرنگی بدەین بە کەرتە سەرەکییەکانی پیشەسازیی‌و کشتوکاڵ‌و گەشتوگوزار، کە ببنە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ گـەشـەکـردنـی داهـاتـی کـوردسـتـان‌و خەڵکی کوردستان پشت بەداهاتی خۆی ببەستێت.

**رۆژنامە: پێتوایە دانانی ئەم دەستوورە ببێتە بنچینەیەک بۆئەوەی کە هەرێمی کوردستان ژێرخانێکی ئابووری پتەوی خۆی دروستبکات‌و پشت بە حکومەتی ناوەندی نەبەستێت؟**

* لـە راسـتـیـدا دەسـتـوور دایکی یاساکانەو یاسای سەرەکی گشتییە، لە ئەنجامی دەستووردا دەسەڵات‌و خەڵک پشت ئەستوور دەکەیت، ئێمە بەدەرلەوەی کە دەستوورمان نەبووە ژمارەیەک یاسای باشمان دەرخستووە وەک یاسای وەبەرهێنان، ئـەم یاسایە یاسایەکی گرنگەو کەسانی پسپۆڕو شـارەزا بە یاسایەکی گرنگیان هەڵسەنگاندووەو لایـەنـە باشەکانی زۆرەو بوارێکی گـەورەی رەخساندووە بۆ وەبەرهێنی بێگانەو ناوخۆش کە بتوانن سەرمایەو هێزو توانا داراییەکانیان وەگەڕبخەن بۆ سەرلەنوێ هەستانەوەو بووژاندنەوەی ئـابـووری هەرێمی کوردستان، بەڵام ئامارەکان ئەوە دەگەیەنن کە سەرمایەی ناوخۆ هێشتا نەیتوانیوە وەکو پێویست سوود لەو یاسایە وەربگرێت، ترس‌و دڵـەراوکـێـیـەک هەیە کـە دیـارە ئەو ترسەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ خاوەن سەرمایەو وەبەرهێنی خۆماڵی، لەلایەکی دیکەشەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی‌و شێوازی کارکردنی دەزگاکانی حکومەت، لەبەرئەوەی دەرکردنی یاسایەک چەند گرنگە میکانیزمی کارکردنیش لەوە زیاتر



د.دلێر ئیسماعیل

# سەرکردە کوردەکان بەغدا چۆڵ دەکەن

## لێکۆڵەرێکی ئەمریکی بۆ ڕۆژنامە: ئیدارەی ئۆباما نیگەرانی مانەوەی کێشەکانی کوردو بەغدایە

سەرکەوت لەتیف

ئیدارەی ئۆباما لە عێراق دیبلۆماسیەت‌و لە ئەفغانستان جەنگ پەرەپێدەدات، کوردیش ترسی فەرامۆشکردنی عێراقی هەیە لەلایەن ئەمریکیەکانەوە، ئیدارەی ئۆباماش چارەسەر کردنی کێشەکانی کوردو ناوەند بە هۆکاری سەقامگیریی سیاسی عێراق دەزانێت، بایدنیش بێ وتوێژ لەگەڵ کورد گەڕایەوە ئەمریکا.

### دەستووری هەرێم‌و زیادکردنی ناکۆکی

بەهۆی چۆڵکردنی بەغداو گەڕانەوەیان بۆ هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا، جۆزیف بایدن نەیتوانی لەگەڵ سەرکردایەتی کورد لە بەغدا کۆببێتەوە، هەرچەندە بەشێکی سەرەکی ئەجێندای سەردانەکەی بایدن بۆ عێراق گفتوگۆکردن بوو لەبارەی ناکۆکییەکانی هەرێم‌و ناوەند، ڕۆبەرت گیبس، وتەبێژی کۆشکی سپی بەر لە سەردانەکەی بایدن ڕایگەیاند: ئیدارەی ئۆباما پلانی نوێی بۆ عێراق ڕاگەیاندووە، بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە، سەردەمێکی نوێ دەستپێدەکات، ئەویش کۆتاییهێنان بە کێشە سیاسییەکانە، «ناکۆکی کوردەکان‌و بەغدا لەسەر بابەتە هەستیارەکانی وەک کەرکوک‌و یاسای نەوت‌و چەند پرسێکی دیکە، لەو کێشانەن کە ئیدارەی نوێ کاری تێدا دەکات».

دوای گـەڕانـەوەی بـۆ ئەمریکا، جۆزیف بایدن، بە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ڕاگەیاند، «بەرپرسە عێراقییەکان پێیانوابووە ئەمریکا چیدی بایەخ بە عێراق نادات، بە تایبەت کوردەکان ئەم باوەڕەیان لاپتەوە، من زۆر سەرسام بووم بە هەڵوێستی ئەو بەرپرسانە، ئەوان پێیانوایە ئۆباما بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ستراتیژییەتی کارکردنی لە عێراق کەمدەکاتەوە، لە کاتێکدا ئەمریکا پلانی نوێی هەیە بۆ عێراق‌و بایەخی زیاتر بە عێراق دەدات، هەندێک لە کەسایەتییە کوردەکـان وایـان دەبینی ئەمریکا ڕۆڵـی خۆی لە عێراق کەمدەکاتەوە».

بایدن نیگەرانی خۆی لە بەردەوامی کێشەکانی کوردو ناوەند نەشاردەوەو چـارەسـەرکـردنـی ئەوکێشانەی بە ئەولەویەتی ئیدارەی ئۆباما زانی.

بوونی چەندین پرسی هەڵواسراوی نێوان کوردو عێراق، کاری کردووەتەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق‌و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش نزیکە ببێتە کێشەیەکی دیکەی نێوان کورد ناوەند، لەمڕووەوە جۆزیف بایدن، لە دیدارێکی کەناڵی (ئەی بی سی) ئەمریکی‌و لە بەرنامەی (زس ویک) وتی: «مالیکی داوای لێکردم کە داوا لە کوردەکان بکەم دەستوورەکەیان تـێـنـەپـەڕێـنـن، چونکە کێشەکانی ناوەندو هەرێم ئاڵۆزتر دەکات.» بایدن ڕوونیشیکردەوە ئیدارەی نوێی ئەمریکا هەوڵی کۆتایهێنان بەو ناکۆکیانە دەدات کە چەند ساڵێکە بێ چارەسەر ماونەتەوە.

### ئۆدێرنۆ نیگەرانە

هەریەک لە باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، کریستۆفەر هێڵ، فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ڕایان ئۆدێرنۆ، مانەوەی کێشەکانی هەرێمی کوردستان‌و حکومەتی ناوەندی عێراقیان بە «مەترسیدارترین بابەت» لەقەڵەمدا، دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە شارەکانی عێراق.

ئۆدێرنۆ، لە دیدارێکی نیوزیک-دا ئەوەی خستەڕوو، «ئەمریکا ترسی لە ناکۆکییەکانی کوردو حکومەتی ناوەندی هەیە» دوای کشانەوەی هێزەکانمان لە عێراق، مەترسیدارترین کێشە کە بەجێی دەهێڵین، کێشەی کوردو ناکۆکییەکانیانە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی».

ڕۆژنامەی کریستیان ساینس مۆنیتەر، لە سەروتاری ڕۆژی (٣٠) حوزەیران‌و لـە ڕۆژی کـشـانـەوەی هـێـزەکـانـی ئەمریکا لە شارەکانی عێراق، کێشە چارەسەرنەکراوەکانی کوردو بەغدایان بە مەترسی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی سیاسی عێراق وەسفکردو لەمڕووەوە نووسیویانە»، «هەرچەندە کێشەکانی کـوردو بەغدا ڕووبـەڕووبـوونـەوەی سەربازی تێنەکەوتووە، بەڵام ململانێکان بەرەو ئەوە دەچن».

لە یەکەم کاردانەوەشدا هێزەکانی سوپای عێراق لە شاری موسڵ، ژمارەیەک چەکداری هێزە کوردییەکانیان چەک کرد، کە بە وتەی ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ، ئەو کارە بە بڕیاری مالیکی بووە، قاسم ساڵح، ڕوونیکردەوە، کە مالیکی پێشتر ڕایگەیاندبوو، کە دەرکردنی هێزە کوردییەکان لە شاری موسڵ لە دەسەڵاتی حکومەتی عێراق دایە «دیارە ئەمکارە بە فەرمانی ئەوان کراوە»

> **بایدن:**
>
> **سەرسامبووم بەنیگەرانی کوردەکان، گوایە ئیدارەی ئۆباما عێراق فەرامۆش دەکات**

### عێراق لە جەنگەوە بۆ دیبلۆماسییەت

بـەپـێـچـەوانـەی ئـیـدارەی بـوش، ئیدارەی ئۆباما لەبری جەنگ لە عێراق دیبلۆماسییەت پەرەپێدەدات‌و پێیوایە کێشەکانی عێراق پەیوەستە بە ئاشتەوایی نیشتمانییەوە، بۆ ئەمەش جۆزیف بایدنی ڕەوانـەی کەرکوک کرد، ئەمەش وەک هەستیارترین کێشەی عێراق، بۆ ئەوەی لەمڕووەوە بۆچوونی لایەنە عێراقییەکان وەرگـرێـت، دواتـریـش دیاریکردنی کریستۆفەر هێڵ، وەک باڵیۆزی نوێی عێراق، کارکردنە بە هەمان ئاراستە، هێنری بارکی، شـارەزاو لێکۆڵەری ئەمریکی لە کـاروبـاری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کێشەی کوردو بەرپرسی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی بێرنا، لەم ڕووەوە بە ڕۆژنامەی وت: کێشەی کورد لە تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەچەک چارەسەر ناکرێت، بۆیە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا مانای چۆڵکردنی عێراق نایەت، سەرباز بۆ ناوەڕاست‌و خوارووی عێراق بووە نەک بۆ ڕێگرتن لە شەڕی کوردو عەرەب، ئەمریکا باوەڕی وایە تەواوی کێشەکانی عێراق بە گفتوگۆو دانوستان چارەسەر دەبێت. بارکی، کە لە ساڵانی ١٩٩٨ بۆ (٢٠٠٠) ئەندامی لیژنەی پلاندانانی وەزارەتـی درەوەی ئەمریکا بـووە، ڕوونیکردەوە ئۆباما بایەخی تەواو بە عێراق دەدات، بۆ ئەمەش جێگرەکەی خۆی ڕاسپاردووە بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی ئاشتەوایی لە عێراق، ئەمریکا هیچ گـروپ‌و پێکهاتەیەکی عێراق فەرامۆش ناکات».

### ئۆباما چارەسەری دیبلۆماسی دەوێت

دەیڤد ستۆربین، بەرپرسی ناوەندی توێژینەوەی (گلۆباڵ پۆلیتیشن)ی ئەمریکی، مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە بەرژەوەندی کورد نابینێت‌و پێوایە «هێنانی ئـەو هـێـزانـەش بۆ بەرگریکردن لە کورد نەبووە، بەڵکو بۆ ڕێگرتن لە ناکۆکی شێعەو سوننە بووە»، بۆ ئەو قسەیە نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە کە؛ لە سەرەتای نەوەدەکانەوە کورد هەمان ئەو ناوچانەی بەدەستەوە بووە کە ئێستا هەیەتی، ئەمریکاش هیچ هێزێکی بۆ ئەو ناوچانە نەناردووە، بۆیە ئێستاش «ئەو هێزانە بکشێنەوە یان نا زیان بە کورد ناگەیەنێت، گرنگ ستراتیژییەت‌و ئەجێندای ئەمریکایە لە عێراق، بە ڕای من ئەمریکا بەتایبەت ئیدارەی نوێ بایەخی زۆر بەم بابەتە دەدات، ئیدارەی ئۆباما نایەوێت جارێکی دیکە پشێویی بۆ عێراق بگەڕێتەوە، بەتایبەت کورد ئێستا بەشداری سەرەکی پرۆسەی سیاسین لە عێراقدا، ئەمریکا لە مانەوەی ئەو کێشانەی کوردو بەغدا زۆر نیگەرانە بۆ ئەمەش ئۆباما بایدنی ڕەوانـەی عێراق کـردووە». ستۆربین پێیوایە «ئیدارەی ئۆباما نایەوێت کێشەکانی کوردو ناوەند بگاتە ئاستی تەقینەوەو پێکدادان، کە ئەمە پلانەکەی ئۆباما هەڵدەوەشێنێتەوە».

هەروەک وتیشی: ئیدارەی ئەمریکا کـار لە بـەرژەوەنـدی هیچ گروپێک ناکات، بەڵام کورد دەتوانێت سوود لەو پلانە ببینێت، چونکە «هیچ ئیدارەیەکی ئەمریکی هێندەی ئەم ئیدارەیە بایەخی بە کێشەی کوردو ئەزموونی هەرێمی کوردستان نەداوە، ئۆباما هیچ کات ڕێگە نـادات ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکەوێتە بەر مەترسی، بەتایبەت ئەگەر کورد درێژە بە خەباتی سیاسی بدات لە چوارچێوەی عێراقدا».

---

## شیعەوسوننەکانیش لەسەری هاوڕانین

# هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق بەتەوافوق تێناپەڕێت

محەمەد ساڵح حەمەلاو

چـەنـد ڕۆژێـکـە ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی عـێـراق سەرگەرمی گفتوگۆکردنە لەسەر هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان‌و ئەندامێکی لیژنەی یاساییش بەدووری دەزانێت هەموارکردنەکە بەتەوافوق تێپەڕێت.

دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و ئەندامی لیژنەی یاسایی بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند، مـاوەی دوو ڕۆژە ئەنجومەنی نوێنەران سەرگەرمی گفتوگۆکردنە لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان کە ئاخۆ بەسیستەمی کراوەبێت یان داخراو.

وتیشی، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ماوەی کارکردنی خۆی تاکۆتایی ئەم مانگە درێژکردووەتەوە، ئەوەش بەمەبەستی ئەوەی بتوانرێت دوای گفتوگۆ کردن لەسەری لەم ماوەیەدا یاسای هەڵبژاردنەکان خوێندنەوەی یەکەمی بۆبکرێت‌و بخرێتە دەنگدانەوە بۆ پەسەندکردنی».

ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران نەتوانێت لەم مانگەدا هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان تەواوبکات‌و لەمانگی داهاتووەوە بیخاتە بەردەم کـۆمـسـیـۆنـەوە ئـەوا کۆمسیۆن ناچاردەبێت کار بەیاسا نوێیەکە بکات، بەڵکو پێویستە لەناوەڕاستی مانگی داهاتووەوە هەموارکرنەکە تەواوکاربێت.

چەندین شێوازی هەڵبژاردن لـەوڵاتـانـدا پـەیـڕەودەکـرێـت وەک هەڵبژاردن بەشێوازی داخراو یان کـراوە یاخود بەشێوەی بازنەیی یان شێوازی لیست، ئەندامەکەی ئەنجومەنی نوێنەران ڕوونیشیکردەوە ئێستا ناکۆکی زۆر لەسەر شێوازی کارپێکردنی سیستەمی هەڵبژاردنەکان هەیە هەربۆیە چاوەڕواندەکرێت هەروا بەئاسانی تێنەپەڕێت.

بەپێی زانیاریەکان وەک چۆن مـاوەیـەک لـەمـەوبـەر ژمـارەیـەک لـەڕێـکـخـراوەکـانـی کۆمەڵگەی مەدەنی داوایان کردبوو کەتەمەنی پەرلەمانتار بکرێتە ٢٥ ساڵ‌و وا بڕیاریشە لەهەڵبژاردنی داهاتووی هەرێمی کوردستاندا پەیڕەوبکرێت ئێستا بەشێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقیش داوایان کردوە تەمەنی پەرلەمانتاران بکرێتە ٢٥ ساڵ.

بەوتەی د.ئەحمەد، وەک چۆن هەمووشیعەکان هـاوکـۆک نین‌و تەنانەت لەناوخودی لیستی ئیئتیلافدا ناکۆکی هەیە لەسەر سیستەمەکانی هەڵبژاردن، ئاوا هەموو سونەکانیش هـاوڕانـیـن لـەسـەر شـێـوازێـکـی هـەڵـبـژاردن چونکە هـەرگـروپ‌و لیستێک لەبەرژەوەندی خۆی گفتوگۆ دەکـات، بـەڵام لیستی هاوپەیمانی کـوردسـتـان‌و حـیـزبـی شیوعی عـێـراق‌و یەکگرتوی ئیسلامی‌و بەشێک لەلیستی ئەلعێراقیە هاوڕان لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی نیمچە کراوە کە لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا پەیڕەوکرا.

ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسایی بەدووریشی زانـی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان بەتەوافوق تێپەڕێت، بەڵکو واچاوڕواندەکرێت بەدەنگدان یەکلایی بێتەوە. وتیشی «ئەگەر پەرلەمان نەیتوانی دەنگ لـەسـەر ئـەویـاسـایـە بـدات، ئـەوا کۆمسیۆن نـاچـاردەبـێـت بەیاسا کۆنەکە کاربکات».

بەپێی زانیاریەکان تائێستا ڕای زۆرینە شاراوەیە، بەڵکو بۆچوونەکان زیاتر ڕێژەییەو چاوەڕوان دەکرێت لەکاتی دەنـگـدانـدا لەپەرلەمان دەربکەوێت.

---

# ئەمریکا کامپی مەخمور تەسلیم بە تورکیا دەکاتەوە

سەرکەوت لەتیف

دەیـڤـد پـەتـرایـۆس، فـەرمـانـدەی گشتی هێزەکانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ڕایگەیاند، ئەمریکا بەردەوامە لە پشتیوانیکردنی تورکیا بۆ ریشەکێشکردنی چەکدارانی پەکەکە، لەبەرامبەر ڕازیبوونی تورکیا بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە خاکی تورکیادا، ئەمریکا کامپی مەخمور تەسلیم بە تورکیا دەکات.

لە سەردانێکیدا بۆ تورکیا بەمەبەستی واژووکردنی ڕێکەوتنێک، دەیڤد پەترایۆس، ڕایـگـەیـانـد، ئەمریکا بـەردەوامـە لە هاوکاریکردنی تورکیا بۆ ریشەکێشکردنی پەکەکە، لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی زەمانی تورکی بڵاویکردەوە کە پەترایۆس لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئیلکەر باشبوغ، سـەرۆک ئـەرکـانـی سـوپـای تورکیا، ڕایگەیاندووە، ئەمریکا سەرجەم کامپەکانی پەکەکە لە باکووری عێراق تەسلیم بە تورکیا دەکات، لەم چوارچێوەیەشدا کامپی مەخمور کە ژمارەیەک ئـاوارەو خێزانی کوردی تورکیا کە پشتیوانی لە پەکەکە دەکەن، تێدایە، بڕیارە لەلایەن ئەمریکاوە ئەو کامپە تەسلیم بە تورکیا بکرێتەوە.

ڕۆژنامەکە نووسیویەتی باشبوغ بە پەترایۆسی ڕاگەیاندووە، تورکیا هیچ یاسایەکی لێبوردنی گشتیی دەرناکات، ڕازینابێت هیچ سەرکردەیەکی پەکەکەش ڕەوانەی وڵاتانی ئەوروپا بکرێت، بەڵکو دەبێت تورکیاو ئەمرکیاو عێراق پێکەوە بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لەناو ببەن، ئەمە لەکاتێکدایە کە جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، لە دیدارێکی تەلەفزیۆنی (سی ئێن ئێن)ی تورکیی ڕایگەیاندبوو: دەرکردنی بڕیاری لێبووردنی گشتیی ڕەنگە ببێتە هۆی کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداریی کورد لە تورکیا.

شیروان وائیلی، وەزیـری ئاسایشی نیشتمانی عێراق، کە ئەندامی لیژنەی هاریکاری تورکیا، ئەمریکا، عێراقە، بە ڕۆژنامەکەی ڕاگـەیـانـدووە، پرۆسەی بنەبڕکردنی پەکەکەو بارەگاکانیان لە باکووری عێراق مـاوەی چەند مانگێکە دەستیپێکردووەو بەردەوامیش دەبێت.

بەپێی ڕێکەوتنەکەی پەترایۆس‌و باشبیوغ، کە لە سێ خاڵ پێکهاتووە، لە یەکەم هەنگاودا ئەمریکا کامپی مەخموور دادەخـات، کە زیاتر لە (١٠,٠٠٠) کوردی تورکیای تـێـدا نیشتەجێیەو لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سەرپەرشتی دەکـرێـن، قـۆنـاغـی دووەم دەبـێـت دانیشتووانی ئەو کامپە ڕەوانەی تورکیا بکرێنەوە بەسەرپەرشتی تیمێکی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، قۆناغی کۆتایی دەبێت لە پرۆسەیەکی سەربازی فراواندا تـەواوی ئەندام‌و سەرکردەکانی پەکەکە دەستگیربکرێن‌و تەسلیم بە تورکیا بکرێن، تەواوی ئەم کارانە لەبەرامبەر ڕازیبوونی تورکیا بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە خاکی تورکیادا جێبەجێدەکرێت.

# حەتمییەتی شەڕ لە عێراق

شالاو فەتاح



میدیا جیهانییەکان مەترسی شەڕێکی نوێ لە عێراق بە «ئەگەرێکی حەتمی» لە قەڵەمدەدەن و پێیانوایە بەهۆی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندیو کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانو دەستووری هەرێم، جەنگێکی نوێ لە نێوان حکومەتی ناوەندو هەرێم ئەگەری ڕوودانی زۆرە.

## دەستووری هەرێم

دەرکردنی دەستووری هەرێم لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە کێشەیەکی دیکەیە، کە کاردانەوەی جیاوازی لەسەرە، لەگەڵ ئەوەی لە بەرامبەر ڕۆڵی نوێی ئەمریکادا مالیکی ڕایگەیاند: کێشەکانی ناو عێراق ناوخۆیینو ڕێنادەینە هیچ لایەنێکی دەرەکی خۆهەڵقورتێنێت، کەچی مالیکی داوای لە بایدن کردووە کە سەرکردە کوردەکان پەشیمان بکاتەوە لە قبوڵکردنی وەها دەستوورێک کە ناوچە جێناکۆکەکانی وەک شاری کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستان حسابکردووە. ئەم داوایەی مالیکی لە بایدن گرنگیپێدانی حکومەتەکەی دەردەخات لە بەرامبەر کێشەی دەستووردا. پەنجا پەرلەمانتاری عەرەبی عێراق داوایەکیان ئیمزا کرد بۆ ڕەتکردنەوەی دەستوورو دەستێخستنی حکومەتی ناوەندی لەو کارەدا، بەپاساوی ئەوەی «دەستووری هەرێم دژ بە دەستووری فیدراڵی عێراق»ە.

لەمبارەیەوە زافر ئەلعانی سەرۆکی بلۆکی سوننە بە ڕادیۆی (فری یوروپ)ی ڕاگەیاند: «دەستووری هەرێم جوداییخوازەو پێچەوانەی دەستووری فیدراڵییەو دەشبێتە هۆی تەداخولی هێزە دەرەکییەکان لە کێشە ناوخۆییەکانی عێراق». کێشەی دەستووریش دوورنییە ببێتە هۆی زیادکردنو هەڵکشانی توندوتیژیی لەنێوان هەرێمو بەغدا، ئەمە لە کاتێکدایە هێشتا چەندین کێشە لەنێوان هەرێمو ناوەندا بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوەو چارەسەرنەکراون، هەربۆیە دەبێتە مایەی قوڵترکردنەوەی کێشەو گرفتەکانی نێوان هەرێمو بەغدا.

لەوبارەیەوە پەرلەمانتار کوێستان محەمەد، کە ئێستا کاندیدی لیستی گۆڕانە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وتی: «پەرلەمانی ئێستا مافی قبوڵکردنی وەها دەستوورێکی نییە، چونکە ماوەی کارکردنی لە (٤)ی حوزەیران تەواو بووە، بۆی نییە دۆکیۆمێنتێکی گرنگی وەک دەستوور کە سەرچاوەی تەواوی یاساکانە قبوڵ بکات».

## کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئەمریکا

لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی (ئەی بی سی) ئەمریکییداو دوای گەڕانەوەی لە عێراق، جۆزێف بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە وەڵامی پرسیاری (تەنانەت گەر توندوتیژیش لە عێراقدا پەرەبسێنێت هەوڵی چارەسەری نادەن؟) وتی: نەخێر، ئێمە لە عێراق کشاوینەتەوەو هیوامان بە پێشکەوتنی گفتوگۆکان هەیەو گەشبینین لەوبارەیەوە، بەڵام دووبارە خۆهەڵناقورتێنینە کێشەکانی عێراقو پێویستە لە ناوخۆیاندا چارەسەریان بکەن.

بەرپرسێکی ئەمریکیش کە لەگەڵ بایدندا هاتبوو، هەڕەشەی فەرامۆشکردنی تەواوەتی عێراقی کرد، گەر کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر نەکرێن. کاردانەوەی بەرپرسە عێراقییەکان لە بەرامبەر ڕۆڵی بایدنو ئەمریکادا جۆرێک لە نارەزایی پێوە دیاربوو، مالیکی سەرۆک وەزیرانو عەلی دەباغی وتەبێژی ڕەسمیی حکومەتی عێراقیش داوای کەمبوونەوەی دەستێوەردانی ئەمریکا دەکەن، کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئەمریکاو پەراوێزبوونی لە کاتێکدا پێشتر لە سەنتەری چارەسەری کێشەکاندا بووەو تەنیا بوونی ئەویش ڕێگر بووە لە ڕوونەدانی چەند شەڕێک دوور نییە ئاسانکاریی بۆ هەڵکشانی ئاستی توندوتیژیی بکات.

## بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندی

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی نێوان هەرێمو ناوەند بریتییە لە بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندی بەجۆرێک هەندێک لە چاودێران ئەمە بە «بەرەو دیکتاتۆرییەت چوون»ی مالیکی لەقەڵەمدەدەن.

پێشتر کوردەکان جگە لە پاراستنی ئاسایشی خۆیان چاودێریی هەندێک لە ناوچەکانی دیالەو موسڵو کەرکوکیشیان دەکرد، بەڵام لەگەڵ بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندییدا هێزی کوردەکان کەم دەبێتەوە بەجۆرێک «هێزەکانی پێشمەرگە ڕێیان لێدەگیرێت لەناو شاری موسڵدا هەبن».

گۆڤاری ئیکۆنۆمیست نووسیویەتی: «بەهێزبوونی مالیکی زەنگی ئاگادارکردنەوەی کوردەکانە»و کوردەکان ترسی دووبارە دروستبوونەوەی «سەدامێکی شیعە»یان هەیە، بەهێزبوونی مالیکی هێندەی نەمابوو ببێتە هۆی پێکدادانی هێزەکانی حکومەتی ناوەندو پێشمەرگە لە خانەقین، گەر دەستێوەردانی ئەمریکاو کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆی مالیکیو بارزانی نەبووایە. بەڵام دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو بەهێزتربوونی مالیکی، کێ ڕێ لە وەها شەڕێک دەگرێت؟


## شەڕێکی حەتمی

کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئەمریکاو بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندیو تێپەڕاندنی دەستووری نوێی هەرێم، سێ هۆکاری سەرەکی دروستبوونی شەڕێکی وێناکراون لە نێوان حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێمدا، تورکمانەکانو عەرەبەکانی کەرکوک «بە تەواوەتی» یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی کەرکوک بە تاکلایەنی ڕەتدەکەنەوەو ئاستی تەقینەوەکانیش لە کەرکوک بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.

محەمەد مەهدی ئەلبەیاتی، نوێنەری تورکمان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ئاژانسی هەواڵی ئەسوات عێراقی وت: «دەستووری هەرێم کاردانەوەی نێگەتیڤی لەسەر جێگیریی باری ئەمنی عێراق دەبێت». سکرتێری ئۆفیسی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمیش دەڵێت: «ئامادەنین سازش لەسەر بچووکترین پارچەی خاکی هەرێم بکەین». لەبارەی ئەگەری شەڕی نێوان هەرێمو ناوەند ئاژانسی ئای پی ئێس نووسیویەتی: «ئەگەری دروستبوونی شەڕ لەنێوان حکومەتی ناوەندیو هەرێم زۆرە». واین وایت، پسپۆڕی کێشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەڵێت: «واپێدەچێت ڕووبەڕووببنەوە، کەسیان نایانەوێت جەنگ دروستبێت، بەڵام کێشەکە وا دەخوازێت، هۆکاری بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندیو کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئەمریکاو حکومەتی هەرێم وادەکات شەڕ دروستببێت».

ئیمزاکردنی بۆندی فرۆشتنی نەوتی هەرێمو بوونی هێزێکی گەورەی پێشمەرگە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمو نەبوونی هیچ گوێڕایەڵییەک بۆ حکومەتی فیدراڵی عێراق، ئەگەری دروستبوونی ئەو جەنگە ئاساندەکات، وەک وایت دەڵێت، کە «متمانە لای کەسیان نەماوەو ئەمریکاش هیچی پێناکرێت».

# عێراق وەکو ئەولەویەتێک دەمێنێتەوە



جەمال ئیختیار

جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێت: عێراق وەکو ئەولەویەتێک دەمێنێتەوەو دڵنیایی دەدات بە عێراقییەکان کە عێراق پشتگوێ ناخرێتو عێراقییەکان حەز دەکەن کە ئەمریکا لە چوارچێوەی ڕێکەوتنێکی ستراتیژیدا لە بوارەکانی ڕاهێنانی پەروەردەیی، ئابووری، سیاسیو پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ کەرتی بازرگانی نێودەوڵەتی، هاوکاریو پشتیوانی عێراقییەکان بکات.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەنووسێت: لە میانەی سەردانە دیپلۆماتیەکەیدا بۆ بەغدا، ڕێبەرانی عێراق بە جۆزێف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکایان وتووە، کە ئەوان لەوە ترساون کە ئۆباما لەبەر کۆمەڵێک کێشەی هەنووکەیی دیکە وەکو ئەفغانستان، عێراق پشتگوێ بخات.

بایدن بەرپرسە عێراقییەکانی لەوە دڵنیاکردووەتەوە کە مەسەلەکە بەو جۆرە نییەو ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە پشتگیریی خۆی بۆ حکومەتی عێراق لە پێناوی سەرکەوتنی ئەو حکومەتە لە پرسەکانی عێراقدا. بەرپرسە عێراقییەکان وتوویانە، لەناو چوار بواری جێگای سەرنجی ئەمریکا کە بریتین لە ئەفغانستان، پاکستانو کۆریا، عێراق کەوتووەتە دوای هەمووان. بایدن وتوویەتی «من وەکو جێگری سەرۆکی ئەمریکا لێرە لەلای ئێوەمو پێتان دەڵێم کە ئێمە ئەو مەسەلەیەمان وەرگرتووەو پشتتان تێناکەین».

بایدن ماوەی نزیک بە سێ ڕۆژی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکاییو عێراقی مایەوەو چاوی بە بەرپرسانو لەوانە دوو جێگرەکەی سەرۆک کۆماری عێراق کەوت، ئەوە یەکەم گەشتە لە زنجیرە سەردانێک بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو واشنتۆن.

بایدن وتویەتی: نیگەرانیی عێراقییەکان بووەتە هۆی سەرسوڕمانی ئەوو خۆشحاڵە بەوەی کە کۆشکی سپی لەوە ئاگادار بووەتەوە.

سەفەرەکەی بایدن کەوتە پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە شارەکانی عێراق، وەکو بەشێک لە ڕێکەوتنی ستراتیژی لەنێوان بەغداو واشنتۆن.

بەشێکی سەفەرەکەی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ ئەوە بوو کە بەرپرسانی عێراق هانبدات هەوڵبدەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان پێکهاتەکانی عێراقو کێشەکانی وەکو دابەشکردنی داهاتی نەوتو ڕێکەوتن لەسەر پێکهاتەو چۆنێتی بەڕێوەبردنی دەسەڵات کە ئەگەر بە چارەسەرنەکراوی بمێننەوە دەتوانن ببنە هۆی ناسەقامگیری بارودۆخی ئێستای عێراق.

بایدن ئاماژەی بەوە داوە؛ عێراقییەکان بەباشی لە کێشەکانی وڵاتەکەیانو کێشە چارەسەرنەکراوەکانیان ئاگادارنو حەز دەکەن کە واشنتۆن لە چوارچێوەی ڕێکەوتنێکی ستراتیژیدا لە بوارەکانی ڕاهێنانی پەروەردەیی، ئابووری، سیاسیو پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ کەرتی بازرگانی نێودەوڵەتی، هاوکاریو پشتیوانی عێراقییەکان بکات.

جێگری سەرۆکی ئەمریکا پێیوایە کە عێراقییەکان بە کەوتنە سەر ڕێڕەوی سیاسی دروست دەتوانن سەرکەوتوو بنو ئەویش بۆ ئەوە هاتووە کە ئەوان هانبدات لە ڕێگای سیاسییەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

هۆفینگتۆن پۆست دەنووسێت: بایدن بە ڕوونی بە عێراقییەکانی وتووە «سەرکەوتنی سیاسی ئەوان پەیوەندی تەواوی هەیە لەگەڵ یەکخستنی تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقو لە حاڵەتێکدا کە توندوتیژییو باری ئاسایش تێکبچێت، ئەمریکا بە شێوازێکی دیکە لە عێراقدا مامەڵە دەکات».

بارودۆخی عێراق تا ئێستاش بە شێوەیەکی تۆکمە سەقامگیر نەبووەو پێشتر ئەو لایەنانەی کە توندوتیژیی دەکەن عێراقیان تا سنووری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بردووەو تا ئێستاش لە هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ دووبارە ناسەقامگیرکردنی عێراق.

حکومەتی عێراق بە واشنتۆنی ڕاگەیاندووە «پرسی ئاشتەوایی ناوخۆیی لە عێراق، پرسێکی عێراقییەو عێراقییەکان خۆیان هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی دەدەن».

عێراق چەندین پێکهاتەی جیاوازی نەتەوەیی، ئایینیو پێکهاتەی دیکەی لەخۆگرتووەو هەوڵی سەرەکی دەرەکیو ناوخۆیی لەئێستادا هەوڵدانە بۆ پێکەوە هەڵکردنی ئەو پێکهاتانەو ئاشتەوایی نیشتمانی.

# ـــەرازووی هــاوڵاتیو حکــومــەتو داد دا

دەبوو، بیستو چوار کاتژمێر نەخۆشخانەکان لە جموجۆڵدا دەبوون، هەر بۆیە زۆربەی هەرە زۆری پزیشکەکان پێیان باشترە نەخۆشەکانیان لە نەخۆشخانە حکومییە گشتییەکان چارەسەر بکرێن (متابعە بکرێن) دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان، بە تایبەتی نەشتەرگەری گەورەو سەروو گەورە، ئەمجۆرە خزمەتگوزارییە (خزمەتگوزاریی پزیشکیو تەندروستی ورد) لە نەخۆشخانە حکومییەکان زۆر لە نەخۆشخانە تایبەتەکان باشترە، دەتوانم بڵێم لە نەخۆشخانەی تایبەت بەدواداچوونی وردمـان نییە! تەنانەت ئاستی خزمەتگوزاریی ئوتێلی (فەندەقەیی) زۆر لاوازە یان هەر نییە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کەلێنێکی گەورەیەو پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە.

ســەرەڕای ئــەو هــەمــوو کەموکورتیو تێکەڵبوونەی کەرتی گشتییو تایبەت، ئەو نەخۆشخانە تایبەتیانە خزمەتێکی بـاش بە هاوڵاتیو حکومەت دەکەن، بۆ نموونە بەپێی ئامارێک مانگی ئـازار (٢٢٤٣) نەشتەرگەری کراوە لە نەخۆشخانە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم لە سلێمانی ((ن. منداڵان، ن. منداڵبوون، ن. فێرکاری، ن. فریاکەوتن، ن. گشتی، ن. ئیمێرجنسی، ن. شەهید ئاسۆ، ن. قەستەرە))، کە سیان لەم نەخۆشخانانە نەخۆشخانەی کتووپڕن، لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن (٥٤٤) نەشتەرگەری کراوە، لە نەخۆشخانەی منداڵبوون هەردوو جۆر نەشتەرگەری کتووپڕو نەشتەرگەری ساردی تێدا ئەنجامدراوە (٥٨٩) نەشتەرگەری کراوە ئەگەر نیوەشی نەشتەرگەری کتووپڕ بێت، واتە (٢٩٤) نەشتەرگەری سـارد کـراوە، بەهەمان شـێـوەن. ئیمێرجنسی (١٣٤) نەشتەرگەری کردووە، ئەگەر نیوەشی نەشتەرگەری کتوپڕ بێت (٦٧) نەشتەرگەری سارد کراوە، بە کۆکردنەوەی هــەمــوو نــەشــتــەرگــەریــیــە کــتــووپــڕەکـــانو دەرکردنی لە کۆی نەشتەرگەرییەکان (٢٢٤٣-(٥٤٤+٢٩٤+٦٧)=١٣٨٣ نەشتەرگەری سارد کراوە لە نەخۆشخانە گشتییەکانی هەرێم لە سلێمانی، لەهەمان کاتدا مانگی مارت (١٧٨٧) نەشتەرگەری ئەنجامدراوە لە نەخۆشخانە تایبەتەکانی شاری سلێمانی ((ن. سلێمانی، ن. ئاشتی، ن. کوردستان، ن. کێو، ن. تووی مەلیک، ن. هەتوان، ن. ئەزمەڕ، ن. سلێمانی بەشی قەستەرە، سەنتەری کانی بۆ جـوانـکـاری)) کە (٤٣٧) نەشتەرگەریان نەشتەرگەری سیزاریان بووە، واتە منداڵبوون بە نەشتەرگەری، ئەگەر بەراوردی ئەم دوو ژمارەیە بکەین ((١٣٨٣))و ((١٧٨٧))، واتە نەشتەرگەری سارد لە نەخۆشخانە حکومییەکان (١٣٨٣)و نەخۆشخانە خۆییەکان (١٧٨٧) {لەبەر نەبوونی نەخۆشخانەی کتووپڕ لە کەرتی تایبەت} بۆمان دەردەکەوێت نەخۆشخانە تایبەتەکان خزمەتێکی باشیان کردووە، گریمان ئەم نەخۆشخانە تایبەتانە نەبوونایە، ئایا نەخۆشخانە گشتییەکانی هەرێم دەیانتووانی ئەم کەلێنە پڕ بکەنەوە؟ بەڕای من نەخۆشخانە حکومییەکان بەوپەڕی توانایانەوە کاریانکردووە تا توانیویانە (١٣٨٣) نەشتەرگەری سارد بکەن، کەواتە ئەم کەلێنە بە نەخۆشخانە حکومییەکان پڕناکرێتەوە، واتا بە ناچاریی دەبێت ئەم نەخۆشانە روو لە شوێنی دیکە بکەن لە دەرەوەو ناوەوەی هەرێم کە دەبێتە مایەی ماندوبوونی جەستەییو دەروونـی نەخۆشو کەسوکاری ســەرەڕای زەرەری ئابووری لە هاوڵاتیو حکومەتیش، بێجگە لەوەی ئێستا وەک مۆدێلێک هەندێک لە کەسوکاری بەرپرسەکان بۆ زۆر نەخۆشی ئاسایی روو لە دەرەوەی هەرێم دەکەن، بەربەستێکیان لە بەینی خۆیانو هاوڵاتی دروستکردووەو ئەمە ئەوە دەگەیەنێت خۆیان متمانەیان نییە بەو سێکتەرە تەندروستییەی کە خۆیان دەیبەن بەڕێوە، ئەوەیان لە بیرکردووە کە ئاستی پزیشکی لە ساڵەکانی هەشتاکاندا زۆر لەو ئاستەی ئەو وڵاتانەی ئێستا خۆیانو کەسوکاریان لێ چارەسەر دەکەن بەرزتر بووە، لەکاتێکدا دەتوانرا بە هەوڵی ئەو پزیشکە بەڕێزانەی کە لە دەرەوەو نـاوەوەی هەرێمن بەتایبەتی ئەو پزیشکە بەناوبانگانەی کە لە دەرەوەی هەرێم کار دەکەن (کە تائێستا قسووریان نەکردووە هەریەک لەڕێگەی خۆیەوە بە هەوڵی کەسایەتی خۆیان یارمەتی سێکتەرەکەیان داوە) ئەم سێکتەرە بەرەو پێش بەرنو چیتر پێویستمان بە دەرەوە نەبێت بێجگە لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراو، بە هەرحاڵ بوونی ئەم نەخۆشخانە تایبەتانە پێویستەو بوونی باشترە لە نەبوونیو بەئەرکی حکومەتی هەرێمی دەزانم کە یارمەتی ئەم نەخۆشخانە تایبەتانە بدات.

ئەگەر وەک بێلایەنێک سەیری قازانجی مادی ئەم نەخۆشخانە تایبەتانە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت هیچ سوودێکی ئابووری ئەوتۆی نییە بۆ خاوەنەکانیان وەک هەر پرۆژەیەکی دیـکـە، بـــەڵام لـــەم لایـــەنـــەدا حکومەت کەم تەرخەمە، دەبوایە هاوڵاتی دەوڵەمەندو دەستە پزیشکییەکەی هـان بدایە بۆ دروستکردنی ئەمجۆرە پرۆژانە، بۆ ئەوەی حکومەت ئەو لۆدە گەورەیە لەسەر شانی خۆی لابـداتو بتوانێت خزمەتێکی باشی هاوڵاتییان بکات، پێویست بوو هانی دەستەی پزیشکیو هاوڵاتی دەوڵەمەندی بدایە بۆ گەشەپێدانی سێکتەری تەندروستی تایبەت ئەوەش لەڕێگەی یارمەتیدانیان لە هەموو روویـەکـەوە وەک وڵاتانی دراوســێ، چونکە لەمجۆرە پرۆژانەدا نابێت بە تەنیا بیر لە سوودی مادی بکرێتەوە، بەڵکو سوود وەرگرتن لە خودی پرۆژەکەو خزمەتکردنی هاوڵاتییان دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ حکومەت، هیچ نەبێت با حکومەت یارمەتی ئەمجۆرە پرۆژە خزمەتگوزارییانە بدات بە پێدانی قەرزی درێژخایەنو دابینکردنو پێدانی ڕێژەیەک لە تێچوونی ئەم پرۆژانە وەک وڵاتانی دراوسێ ئەگەر ئەمانەشی پێناکرێت بەلایەنی کەمەوە دابینکردنی ئاوو کارەبا بە نرخێکی کەم، تا ئەمانیش بتوانن خزمەتگوزارییە ئوتێلیەکانیان بـــەرەو پێش ببـەنو نرخی چارەسەریش بەڕێژەیەک بێت هاوڵاتییان سەغلەت نەکات، لە هەمان کاتیشدا حکومەت بە کەمبوونەوەی ئەو لۆدە گەورەیە دەتوانێت خزمەتگوزارییە تەندروستیو پزیشکییەکان بـاش بکاتو بەرەو پێشەوەشی ببات، دەبێت حکومەت ئەم نەخۆشخانە تایبەتانە بە نەخۆشخانەی خۆی بزانێتو یارمەتیان بدات لە هەموو روویەکەوە.

پرسیارێک لێرەدا دروسـت دەبێت، ئایا حکومەتی هەرێم تائێستا چی کـردووە بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکان؟ ئایا هیچ پلانێکی داهـاتـووی هەیە؟ ئەگەر بـەڕاسـتو رەوان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە دەتوانین بڵێین: تائێستا حکومەتی هەرێم هیچ کار ئاسانییەکی ئەوتۆی نەکردووە تا نەخۆشخانە تایبەتەکان پێشبکەونو لە بەرامبەر ئەم ئاسانکاریانەدا مەرجو یاساو رێسای تەندروستیو پزیشکی وا دابنرێت کە لە بەرژەوەندی هاوڵاتیو دەستە پزیشکیەکەش بێت، ئومێدەوارین بۆ داهاتوو پلانی تازە هەبێت وەک لە دەمی لێپرسراوێکی وەزارەتی تەندروستییەوە بیستوومە.

بە بۆچوونی زۆر لە شارەزایانی سێکتەری تەندروستی، بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی تەندروست دەبێت پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـانو کـەرتـی تایبەت بە نەخۆشخانە تایبەتەکانەوە لە ئاستێکی زۆر بـــەرزدا بێت، بەیەک چاو سەیری هـەردوو سێکتەرەکە بکرێت، وەک یەک مامەڵیان لەگەڵدا بکرێت، مەرجو یاساو رێسای تەندروستیو پزیشکی نوێو تایبەتیان بۆ دابنرێت، کە لە بەرژەوەندی هاوڵاتیدا بێت، لە بەرامبەر ئەم مەرجو یاساو رێسایانەش یارمەتیان بدرێت لـەڕێـی چەند ئالیەتێکی جیـاوازەوە کە لە زۆر وڵاتانی دراوســێ دا بەکار دەهێنرێت، بە دروستبوونی پێشبڕکێیەک لە نێوانیان هەردوو سێکتەری گشتییو تایبەتدا سێکتەرە تەندروستییەکە پێشدەکەوێتو دەرئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی هاوڵاتیدا دەبێت.

خۆشبەختانە دەنگۆی ئەوە هەیە، کە چەند نەخۆشخانەیەکی تازەو پێشکەوتووی تایبەت بکرێتەوە کە لە ئاستی پێداویستدا بن!!!و تەنانەت باشتریش لە پێویست!!! ئێمەش دەستخۆشییان لێ دەکەین، بەمەرجێک لە خزمەت زۆربەی زۆری هاوڵاتییاندابن و نرخەکانیان گونجاوبێت.

وەک پرسیارێک لە خاوەن ئەو نەخۆشخانە تایبەتانە کـە تائێستا تـــەواو نـــەبـــوون، لە دانـــانو جێبەجێکردنی پرۆژەکانیاندان، ئایا دروستبوونی ئەم نەخۆشخانانە بارودۆخێک ناخولقێنێت بۆ دروستبوونی کەرتێکی تایبەت؟!!. ئایا تائێستا بیرتان لەوە کردووەتەوە ئەم دەزگا تەندروستیانە بکەن بە کەرتێکی هاوبەش؟!! بۆ بەرەو پێشخستنی سیستمی تەندروستی؟ ئایا بیرتان لەوە کردووەتەوە پشت ببەستن بەکارکردن بە بیمەی ( کارتی) تەندروستی بۆ بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە بەرامبەر نرخێکی کەم کە مانگانە دەدرێـــت؟!! یان بە هاوبەشیو بەشداریکردن لەگەڵ بانکەکاندا بۆ دانانی یاسایەکی بنچینەیی بیمەی تەندروستی (نظام التأمین الصحي)، بۆ ئـــەوەی چیتر حکومەت خزمەتی هاوڵاتی کەمدەرامەت بکات لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزاری کتووپڕ بۆ هەموو هاوڵاتییان بەبێ جیاوازی، کە ئەمەش بە سەرپەرشتی وەزارەتـــی تەندروستیو سەندیکای پزیشکان دەکرێت، ئەرکێکی گەورەش دەخاتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم، ئەویش بە یارمەتیدانیان بە جۆرەها ئالیەتی جیاواز کە لە وڵاتانی دراوسێ کاری پێدەکرێت.

مـن لـــیـــرەدا روو دەکــەمــە هــاوڵاتــی ئاساییو دڵسۆزانی گەلەکەم لە دەوڵەمەندو دەستڕۆیشتوو، بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست لە ئەستۆی هەموومانە بەبێ جیاوازی، دەبێت کاری بۆ بکەین، تەنیا بە حکومەتی هەرێم ئەم خەونە نایەتەدی، پێش هەموو شتێک دەبێ گۆڕان لە خۆمانەوە دەستپێبکەینو هەوڵبدەین بـارودۆخـەکـە بگۆڕین ئـەویش بـە دانانی ژێرخانێکی ئابووری پزیشکیو تەندروستی کە بەهیمەتی هاوڵاتی دڵسۆز ئاسانەو دەکرێت. ((بـۆ ئەم مەبەستەش پرۆژەیەکی هاوبەشم گەڵاڵە کردووە کە لە بەرژەوەندی هەموو تاکێکی گۆمەڵگەیە بە حکومەتیشەوە))، دەکرێت بە هەوڵی هەمووان بێتەدی.

> **هەندێک لە کەسوکاری بەرپرسەکان بۆ زۆر نەخۆشی ئاسایی روو لە دەرەوەی هەرێم دەکەن، بەربەستێکیان لە بەینی خۆیانو هاوڵاتی دروستکردووەو ئەمە ئەوە دەگەیەنێت خۆیان متمانەیان نییە بەو سێکتەرە تەندروستییەی کە خۆیان دەیبەن بەڕێوە، ئەوەیان لە بیرکردووە کە ئاستی پزیشکی لە ساڵەکانی هەشتاکاندا زۆر لەو ئاستەی ئەو وڵاتانەی ئێستا خۆیانو کەسوکاریان لێ چارەسەر دەکەن بەرزتر بووە**



# نەخۆشخانە تایبەتەکان لە تـــ

د. محەمەد ئەمین عەلی عومەر
پسپۆڕی نەشتەرگەری
Mohammad218@gmail.com

گەر راپرسییەک بکەین سەبارەت بە رۆڵی کەرتی تەندروستی تایبەتو نەخۆشخانە خۆییەکان (تایبەتەکان) لەسەر خزمەتکردنو پێشخستنی سێکتەری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، دەشێت نەگەینە هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆ کە راستی لە ئامانجی ئەو راپرسییە دەربخات، لەبەر نەبوونی داتایەکی نزیک لە راستی، هەر یەک لە هاوڵاتییانو کارمەندانی وەزارەتـی تەندروستیو دەستەی پزیشکی بە بۆچوونی جیاوازی خۆیان ئەو رۆڵە هەڵدەسەنگێنن لەبەر نەبوونی سەنتەرێکی تەندروستی ستراتیژی پیشەیی سەربەخۆ (بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی تەندروستیو گرفتەکان بە کۆکردنەوەی داتای تەندروستی)، بۆیە هەرچۆنێک باس لەم بابەتە بکەم ناتوانم راستییەکان سەد لەسەد بخەمەڕوو.

بۆ ئـــەوەی نەخۆشخانە تایبەتەکان هەڵبسەنگێنینو بیخەینە تەرازووی هاوڵاتیو حکومەتو دادەوە، پێویستە چەند پرسیارێک لەخۆمان بکەین بە ورووژانـــدنی کێشە سەرەکییەکانو وەڵامدانەوەیان بەوپەڕی شەفافیەتو ئەمانەتەوە وەک هاوڵاتیو پزیشکێک.

١- ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەزارەتی تەندروستی) لە توانایدایە بە تەنیاو بەبێ کەموکوڕی خزمەتگوزاری پزیشکیو تەندروستی پێشکەش بە هەموو هاوڵاتییان بکات بێ جیاوازی؟

٢- ئایا ئێمە کەرتی تایبەتمان هەیە تا نەخۆشخانەی تایبەتمان هەبێت؟.

٣- گەشەکردنی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا لەبواری خزمەتگوزاریی تەندروستیدا لە چ ئاستێکدایە؟

٤- ئایا ئەو نەخۆشخانە تایبەتانەی هـەن لە ئاستی پێویستدان، چ لەبارەی خزمەتگوزاریی پزیشکی یان تەندروستییەوە؟

٥- ئایا ئـەو نەخۆشخانە تایبەتانە خزمەت بە هـاوڵاتـیو حکومەتی هەرێم دەکەن؟

٦- ئایا خـاوەنـی ئـەو نەخۆشخانە تایبەتانە وەک هەر پرۆژەیەکی دیکە قازانج دەکەن؟

٧- ئایا بوونی کەرتی تایبەت پێویستە، حکومەت چەند متمانەی پـێـدەکـات، چی کردووەو چی دەکات بۆ پەرەپێدانی کەرتە تایبەتەکەو نەخۆشخانە تایبەتەکان؟

٨- ئایا وەزارەتـی تەندروستی هیچ پلانێکی داهـاتـووی هەیە بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکانو کەرتی تایبەت؟

٩- دەبێت پەیوەندی نێوان حکومەتو نەخۆشخانە تایبەتەکان چـۆن بـنو لە چ ئاستێکدا بن؟

پێش ئــەوەی وەڵامـــی ئـەو پرسیارانە بدەینەوە، دەبێت ئاماژە بەو راستییە بکەین، کە د.زریـان عوسمان وەزیری تەندروستی باسی لێدەکات (ئەوەی لە ئاگرەکەدایە زۆر جیاوازترە لەوەی لە دەرەوەی ئاگرەکەیە) وە کە ئەم بۆچوونانە دەخەمەڕوو بۆ رای گشتی مەبەستم باشکردنی سێکتەری تەندروستییە، نەک تاوانبارکردنی لایەنێکی دیاریکراو.

دەبـێـت ئـەوەمـان لەبیر نەچێت لەم سەردەمەدا هیچ وڵاتێک نییە حکومەتەکەی بە تەنیا کەرتی تەندروستی ببات بەڕێوە، ســەرەڕای بوونی ژێرخانێکی ئابووری تەندروستی زۆر باش (کە هەموو ئامێرو پێداویستییە تەندروستیو پزیشکییەکان لە ناوخۆ وەبەرهەم دەهێنێت)، بەڵام لەهەمان کاتدا نەخۆشخانەو دەزگا تەندروستییەکان خزمەت بە کەمدەرامەتو ئەو هاوڵاتییانە دەکەن کە توانای نەخۆشخانە تایبەتەکانیان نییە، لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزاریی کتوپڕ بۆ هەموو هاوڵاتییەک، ئـەوان توانیویانە کەرتی تایبەت لە کەرتی گشتیی جیابکەنەوە، بە چەند ئالیەتێکی جۆراوجۆر کە هاوڵاتی سوودمەندبێت لە بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست.

کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی هەرێمیش دان بەو راستییەدا بنێت کە لە توانایدا نییە بە تەنیا کەرتی تەندروستی ببات بەڕێوە، ســەرەڕای نەبوونی ژێرخانێکی ئابووری تەندروستی کە هەموو ئامێرو پێداویستی پزیشکیو ناپزیشکییەکانیش لە دەرەوەی هەرێم دەهێندرێت بەنرخێکی زۆر، ئەمە خۆی لەخۆیدا کارەساتێکی گەورەیەو ئەستۆکەی لە ملی دەسەڵاتو حکومەتو خاوەن پارەکانە، کە رۆحـی نەتەوایەتیان کەمبووەتەوەو خەمی سەرەکییان دانانی کۆمپانیاو هێنانو ساغکردنەوەی کەرەستەکانە لە بازاڕەکانی هەرێم، بێئەوەی بیر لە ژێرخانی ئابووری بکەنەوە (بێجگە لە چەند دەوڵەمەندێک کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن کاریان بۆ ژێرخانی ئابووری کـردووەو بەمەش خزمەتێکی باشیان کردووە).

راستە ئێمە کەرتێکی تەندروستی گشتیی حکومی خۆڕایی یان نیمچە خۆڕایمان هەیە، خزمەتیش بە هاوڵاتییان دەکـات کەم یان زۆر، لێرەدا جێی خۆیەتی دەست خۆشی لە دەستە پزیشکییەکە بکەین بۆ ئەو کارانەی ئەنجامیانداوە، دەکرا زۆر زیاتریش بکرایە، بەڵام کارەساتەکە ئەوەندەی کەسانی دەستڕۆیشتوو دەوڵەمەند سوودی لێ دەبینن، ئـەوەنـدە هـەژارەکـە ســوودی لـێ نابینێت (ئەوەندەی دەستڕۆیشتوو دەوڵەمەند خەڵک دەناسێتو لەڕێی واسیتەو مەحسوبیەتەوە کارەکەی ئەنجامدەدات بەزووی هەژارەکە بۆی ناکرێت)، بەڵگەشم بۆ ئەم راستییە نەخۆشخانە تایبەتەکانە کە زۆربەی هەرە زۆری کەمدەرامەتو هەژار رووی تێدەکات.

لەڕاستیدا ئێمە کەرتی تەندروستی تایبەتمان نییە بەو مانا تەواوەی کە لە زۆر وڵاتانی دنیا بەدی دەکرێت، تا نەخۆشخانەی تایبەتی پێشکەوتوومان هەبێت، بۆ ئەوەی کەرتێکی تەندروستی تایبەتمان هەبێت پێویستمان بە چەند بنەمایەکی بنەڕەتییە.

١- سەرچاوەی مرۆیی تەندروستی تایبەت (دەستە پزیشکییەکە دەگرێتەوە) کێشە سەرەکییەکەی ئێمە لەوەدایە کەرتی تەندروستی گشتیو تایبەت لەیەک جیانین، تەنانەت ئەوەندە بەیەکداچوونو لکاون ناتوانرێت هیچیان لە یەک جیا بکرێتەوە (واتە لە راستیدا ئێمە خاوەنی سەرچاوەی مرۆیی نین لە کەرتی تەندروستی تایبەت).

٢- ژێرخانی تەندروستی تایبەت (بیناو کەرەستەی پزیشکیو ناپزیشکی پێویست، کە بە تەنیا بتوانێت هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەکی پزیشکیو تەندروستی پێشکەش بە هاوڵاتییان بکات بەبێ کەموکوڕی دوور لە کەرتی گشتی، نابێت پشت ببەستێت بە کەرتی گشتیی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، دەبێت کەرتێکی سەربەخۆ بێت)

٣- یاساو رێسایەکی تایبەت بە کەرتی تەندروستی تایبەت (بۆ کاتی ئێستا هەندێک یاساو رێسای تەندروستی هەن کە لە ئاستی پێویستدانین، بۆ رۆژی ئەمڕۆ ناگونجێت، نەک تەنیا هاوڵاتی، بەڵکو بگرە هەندێک لە پزیشکانو کارمەندانی پزیشکیش شارەزای ئەم یاساو رێسایانە نین، هاوڵاتی و دەستە پزیشکیەکەش نازانن مافەکانیان چینو چۆن هەڵسووکەت بکەن بەرامبەر بە یەکتر لە کەرتی تەندروستی تایبەتدا، بۆیە بوونی یاسایەکی نوێی تایبەتو شەفاف پێویستە بۆ دەستنیشانکردنی ئـەو پەیوەندییەو رێکخستنی کارەکان لەسەر بنەمایەکی تەندروست کە رەچـاوی مافی هاوڵاتیو دەستە پزیشکییەکەش بکات.

بـەشـێـوەیـەکـی گشتیی سێکتەری تـەنـدروسـتـی تـایـبـەتو نەخۆشخانە تایبەتەکانمان لە ئاستی پێداویستدا نین، خۆمان تووشی سەرلێشێوانێک کردووە، کە نە کەرتی گشتین نە تایبەت!! ئەمەش نە لە بەرژەوەندی هاوڵاتیو نە لە بەرژەوەندی دەستە پزیشکییەکەیە، لەوەدەچێت حەز نەکەین هیچ شتێک بخەینە قاڵبەوە بۆ ئەوەی وەک لاستیکێک لە بـەرژەوەنـدی خۆمان بەکاری بهێنین، ئەگەر لە نزیکەوە سەیری نەخۆشخانە تایبەتەکان بکەین کەموکوڕییان زۆرە، هەموو پزیشکانو کارمەندانی تەندروستیش ئەم راستییە باش دەزانـنو نایشارنەوە، نەخۆشخانە تایبەتەکان دوای دەوامــی ئاسایی نەخۆشخانە گشتییەکان جموجۆڵی تێدەکەوێتو پزیشک تیایاندا دەبیندرێت، واتە لە کاتی دەوامی رەسمیی بەیانیان ئەم نەخۆشخانانە بوونیان نییە هیچ جموجۆڵێکی پزیشکی تیا بەدی ناکرێت، لە هەمانکاتدا دوای دەوامی رەسمیی جموجۆڵی نەخۆشخانە حکومییەکان سست دەبێت بێجگە لە چەند بەشێکی کتوپڕی، لە کاتێکدا ئەگەر نەخۆشخانە گشتیی (حکومی)و تایبەتەکان لەیەک جیا بکرایەتەوە هەردوولا بیستو چوار سەعات لە خزمەتکردندا دەبوون (هاوڵاتیش یەکلایی دەبــووەوە، ئایا پشت ببەستێت بە کەرتی گشتی یان تایبەت)، ئەو ترسەشمان نەدەما دەستە پزیشکییەکە دەوامی خۆیان دەکەن یان نا؟ چونکە ئەو کات هەر تاکێکی دەستە پزیشکییەکە سەر بە کەرتێکی جیا دەبـوو (کەرتی گشتیی یان تایبەت)، لەو سـەر لێشێواندنەی ئێستاش نەجاتمان



کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی هەرێمیش دان بەو راستییەدا بنێت کە لە توانایدا نییە بە تەنیا کەرتی تەندروستی ببات بەڕێوە، ســەرەڕای نەبوونی ژێرخانێکی ئابووری تەندروستی کە هەموو ئامێرو پێداویستی پزیشکیو ناپزیشکییەکانیش لە دەرەوەی هەرێم دەهێندرێت بەنرخێکی زۆر، ئەمە خۆی لەخۆیدا کارەساتێکی گـەورەیـەو ئەستۆکەی لە ملی دەســەڵاتو حکومەتو خاوەن پارەکانە، کە رۆحی نەتەوایەتیان کەمبووەتەوەو خەمی سەرەکییان دانـانـی کۆمپانیاو هێنانو ساغکردنەوەی کەرەستەکانە لە بازاڕەکانی هەرێم، بێئەوەی بیر لە ژێرخانی ئابووری بکەنەوە (بێجگە لە چەند دەوڵەمەندێک کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن کاریان بۆ ژێرخانی ئابووری کردووەو بەمەش خزمەتێکی باشیان کردووە)

# ی ناکاو

پێناسی ئەم شێوە دەسەڵاتداره لەژێر زاراوەی ستەمگەر "Tyrann" ناودێر کرا.

مێـژووی فۆرمی ئۆزورپاتۆری دەسەڵاتداریێتی لە کوردستاندا کۆن نییە، سەرەتای ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ دروستکردنی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستانو پاشان جەنگی ناوخـۆو هـەولـدانـی هـەر یەکێک لـەم دوو هێزو سەرۆکەکانیان بۆ شکاندنی شەرعییەتی سیاسیی ئەوی دیکـەو داگیرکردنی دەزگـاکـان بۆ قۆرخکردنی شەرعییەتی دەسـەڵات. پەلاماردانی چەکدارییانەی هەولێرو کونترۆلی حکومەتو پەرلەمان لەلایەن یەکێتییەوەو پاشان هێنانی لەشکری بەدناوی بەعس لەلایەن پارتییەوە بۆ سەر یەکێتیو دووبارە داگیرکردنەوەی جەنگاوەرانەی هەولێرو پەرلەمان، دوو نموونەی ئەو مێژووە ئۆزورپاتیيانەیەو حیکایەتی سیاسەتی ئەم دوو حیزبەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن بەشێوەیەکی جـەنـگـاوەرانـە پـەلامـاری نێوەندی دەسەڵاتیان دەداو شەرعییەتی یەکتریان دەشکاندو بۆ ماوەیەک لەیەکتریان دەسەندەوە. ئەمەی ئێستا لە کوردستاندا روودەداو بەتایبەت پاش تێپەڕاندنی کتوپڕیيانەی دەستوور لە پەرلەمان، گواستنەوەی کردەی سیاسەتە لە دۆخی ئاسایییەوە بۆ دۆخـی ناکاو (حالەتی طوارئ)، هەولێکی ئۆزورپاتییانەی نوێیە بۆ بەزۆر دەستووریکردنی دەسەڵاتێک کە دواچرکەساتەکانی شەرعییەتی یاسایی خۆیدا دەژی. جیاوازییەکە لـەرووی مێژووییەوە ئەوەیە کە لەم قۆناغەدا ئەم ململانێیە لەنێوان ئەو دوو گروپەو سەرۆکەکانیان نییە دژ کەسێکی دی کە لەسەر دەسەڵاتە، بەڵکو ململانێی نێوان دەسەڵاتداریێتییەکی مێژوو ئۆزورپاتۆریو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی نوێیە، کـە دەیـەوێـت لەڕێگایەکی شـەرعییەوە گـۆڕان لـە پـەیـوەنـدەیـیـەکـانـی دەسـەڵاتـدا دروستبکات.

حیزبی کـوردی لەهەناوی خۆیدا هـەڵـگـری سیستمێکی سیاسیی کلیپتۆکراتییە "Kleptokratie"، واتە دروستبوونی گروپێک یان دەستەیەکی سیاسی، کە سامانی وڵات بێپەروايیانە دەدەزنو بـۆ خـۆیـان تەخشانی دەکەنو یاساش بەئارەزووی خۆیان دەردەکـەن، بێئەوەی شتێک هەبێت بەناوی لێپرسینەوەو بەرپرسیارێتیو ئێتیکی سیاسی. تێپەڕاندنی دەستوور بەم فۆرمو بەم شێوەیە مانای گەشتنی ئەم سیستمە کلیپتۆکراتییەیە بە قۆناغی ئۆزورپاتسیۆنی سیاسی بەڕێگای "شەرعی"و"یاسایی".مانایوەرگرتنەوەی سەروەرێتی لە کۆمەڵگاو دانی بەدەست گروپێکی بچووکو دەستەیەکی سیاسی کە ئەمرۆ ئـامـادەی هەڵگیرساندنی جەنگێکە لەڕێگای دەسـتـوورەوە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆیو مانەوەی لە فەلەکی دەسەڵاتو بەئەبەدیکردنی ئەم دەسەڵاتە لەڕێگای گەورەکردنەوەی یاساییانەی دەسەڵاتی سـەرۆکو شـکـانـدنو لاوازکـردنـی شەرعییەتی سیستمی پەرلەمانتاری. بەخشینی شەرعییەتو بەیاساییکردنی ئـەم دەسـەڵاتـدارێـتـیـیـە لـەرێـگـای تێپەڕاندنی نائاسایی ئەم دەستوورەوە، فۆرمی ئەم جەنگە دیاردەکات. جەنگێک کە دەبێت پێشوەخت بە دۆخی ناکاودا (حالەتی طوارئ) تێپەڕبێت، واتە دەبێت بە قەدەغەکردنی هاتووچۆ(منع التجول) دەستپێبکات. ئەم فۆرمە سەربازییە لە ستراتیژی پارتیو یەکێتی لەئێستادا گۆڕاوە بۆ فۆرمێکی سیاسی، ئەویش گۆڕانی قەدەغەکردنی هاتوچۆیە(منع التجول) بە قەدەغەکردنی بیرکردنەوە (منع التفکیر)و یاساغکردنی گفتوگۆ. تەنیا لەم جۆرە دۆخەشدا دەتوانرێت دەستوورێکی لەم چەشنە بە نهێنی تێپەڕێنرێت. کاتێک باس لە دۆخی ناکاو دەکەم بۆ تێپەڕاندنی دەستوور مەبەستم لە دوو ستراتیژە کە ئێستا حیزب کاری لەسەر دەکـات؛ دیوێکی بەمانای (قەدەغەکردنی بیرکردنەوە)و (یاساغکردنی گفتوگۆ)یە لەسەر دەستوورو دیوەکەی دیکەی بەمانای خۆئامادەکردن بۆ جەنگێکی گەورەترو چڕتر لە هەموو پەرەکان، گەر حیزب لە سەنگەری هەڵبژاردن سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا. یەکێک لە خەسڵەتەکانی باری نائاسایی بریتییە لە قفڵکردنی رێگاکانو وەستاندنی بزاوت، لەئێستاشدا دەسەڵاتدارێتی دووحیزبی کوردی بە قۆناغی قفڵکردنی بیرکردنەوەو بێدەنگکردنی هەموو دەنگێکی جیاواز لەسەر دەستوور دەستیپێکردووە. ئەمەش جـەوهـەری دۆخـی ناکاوە. قۆناغی یەکەمی ئـەم رێگاگرتنە لەبیرکردنەوەو کردەی بێدەنگکردن، لە خودی پەرلەمانەوە دەستیپێکرد. قۆناغی دووەمیشی بە شۆڕبوونەوەی ئەم میکانیزمە دەستپێدەکات بۆ ناو جومگەکانی کۆمەڵگا. ئەم میکانیزمە لە ئێستادا زەحمەتە لەڕێگای بێدەنگکردنەوە پیادەبکرێت، چونکە مینبەری ئازادو سەربەخۆ هـەیـە، هەربۆیە حیزب ئێستا لەسەر خستنەگەڕی ستراتیژی بەناپاککردنو بەخائینکردنی ئەو دەنگانە ئیشدەکات. بەمانایەکی دیکە ئەوان دەتوانن قفڵ لە دەمو عەقلی پەرلەمان بدەن، بەڵام ناتوانن قفڵ لەبیرکردنەوەی گروپە کۆمەڵایەتییەکانو رای گشتی بدەن. ئەم ستراتیژە دەشێت بە ستراتیژی "خائینکردنی بیرکردنەوە" لەقەلەمبدەین. ستراتیژی "بەخائینکردنی بیرکردنەوە" میکانیزمێکی نوێی کـاری سیاسیو راگەیاندنی ئەمرۆی حیزبییەو تاکە کەرەسەیەکە کە ئەم دەسەڵاتدارێتییە هەموو قورسایی خۆی لەسەر داناوە.

## دەسەڵاتو سیستمی چاودێری نوێ

ئەوەی هەموو چاودێرێکی سیاسی یان یاسایی لەم سیناریۆیەی پەرلەمانو حکومەتە حیزبییە دەرئەنجامگیری لێدەکات، ئەوەیە کە سیاسەتی حیزبی لـەم قۆناغەدا تووشی فۆرمێک لە نەخۆشی ئەستمای (تەنگەنەفەسی) سیاسی بووە. هۆکارەکانی ئەم دەردە لە جەستەی کۆمەڵگادا نییە، بەڵکو لە هەناوی ئەو تێگەشتنەیە کە حیزب بۆ سیاسەت هەیەتی. تاکە دەروازەیـەک بۆ دەربازبوون لەم حاڵەتەش بریتییە لە بەرهەمهێنانی دۆخی ناکاو (حالەتی طـوارئ)، تاوەکو هاوتابێت لەگەڵ ئەو هەناسەبڕکێ سیاسییەی کە حیزب لەناو کۆمەڵگاو لەناو پێکهاتی خۆشی بەرهەمیهێناوە. گەورەترین ترس سیاسەت ئەمرۆ لە کوردستاندا هەیەتی بریتییە لە دروستبوونی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی نـوێ کـە لـە هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆیدایە بۆ بەرهەمهێنانی جیهانبینیو شوناسی تایبەت بەخۆیانو داوای گۆڕانکاری لە فۆرمو ناوەڕۆکی ناو جیهانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فیکریی دەکـات. ئاشکرایە گۆڕانێکی گـەورە لەناو دونیای کۆمەڵایەتیو هۆشمەندی تـاکو لـەنـاو پێکهاتی کۆمەڵگاو گروپە کۆمەڵایەتییەکانی کـوردسـتـانو لەپەیوەندیی نێوان سیاسەتو کۆمەڵگا دروستبووە، کەچی حیزبی کـوردی تەقلیدی سیاسەتی نابینایی هەڵبژاردووە. کێشەی نەبینین لە سیاسەت کێشەی نەبوونی دید نییە بۆ سیاسەت، بەڵکو کێشەی فۆرمێکی تایبەتە بۆ سیاسەتکردن کە کوێربوون تیایدا لە توانای نەبینینەوە نایەت، بەڵکو لەو عەقلییەتەوە سەرچاوەدەگرێت کـە لـە وڵاتـی ئـێـمـەدا سیاسەت دونیای پێدەبینێتو دیموکراسییەتی پێدەخوێنێتەوەو دەزگاکانی پێئەتکدەکات.

چاودێرێک ناتوانێت شتێک ببینێت، کە نەتوانێت ببینێت. حیزبی کوردیش چیدی لەوە کەوتووە کە چاودێرێکی مەوزوعی واقیعی سیاسیو کۆمەڵایەتی خۆی بێت، چونکی توانای بەرهەمهێنانی بینینی واقیعییانەی نەماوە. یەکێک لە کێشە گەورەکانی حیزب لە کوردستان مردنی هێزی چاودێرییە لەناو کۆمەڵگاو کوێربوونی کۆمەڵایەتییەتی. نابینایییەکی هەمەلایەنەو گشتگیر پێکهاتی حیزبی داگیرکردووە. حیزبی کوردی چیدی لەوە کەوتووە کە کێشەو خەمو خواستەکانی کۆمەڵگا ببینێت، ئـەوەش نابینێت کە کۆمەڵگا دەیبینێت. حیزب وادەزانێت تەنیا ئەم دەتوانێت چاودێری کۆمەڵگا بکاتو نابینێت کە کۆمەڵگا ساڵانێکە چاودێریدەکات. حیزبی کوردی کۆتایی بەسەردەمە زێڕینەکەی خۆی لەوکاتەوە هێنا کە لە حیزبەوە بوو بە کۆمەڵەیەکی بازرگان، لەدەستەیەکی سیاسییەوە بوو بە دەستەیەکی ئابووریی داخـراو. لە دونیای سیاسیشدا نەمانی هێزی بینین هەمیشە پابەندی پاپوکێتی (بوئس) ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەیە کە لەپشت دەسـەڵاتـەوە کـاردەکـاتو بینینێکی تایبەتی بۆ بەرهەمدەهێنێت، بۆ نموونە لیژنە یاساییەکەی پەرلەمان یان ئەو سیاسەتمەدارانەی بوونە بە چاودێری رۆژنامەگەریی سەربەخۆی کوردی، هەر ئەمانەن کە لە دوادەرئەنجامدا شـەرعـیـیـەتـی سـیـاسـی خـودی دەسەڵاتدارێتییەکەیان دەخەنە ژێر پرسیارەوە. بەگشتی ئەم کولتووری سیاسەتە حیزبییە لەکوردستاندا لەوە کەوتووە کە واقیعی خۆیو کۆمەڵگاکەی ببینێت، چونکی توانای بینینی نەماوە. سیاسەتی حیزبی چیدی ناتوانێت ببینێت کە ناتوانێت ببینێت. بۆ رزگاربوون لەم دۆخی مردنی هێزی بینینە سیاسەتی حیزبانە ستراتیژی چاودێریکردنی چاودێرەکانی بەرهەمهێناوە، بۆئەوەی لەو رێگایەوە دونیا ببینێتو کۆنترۆلی بکات. بینین لە سیاسەتی حیزب چیدی لە کایەی خوێندنەوەو داهێنانی چەمکی نـوێـوە کارناکات، بەڵکو لە کایەی کۆنترۆڵو دیسپلینکردنو ئاراستەکردنی کۆمەڵگاوە دەروانـێـتـە سیاسەت. بەهێزکردنی دەزگـای ئاساییشو زانیاریو کۆماندۆی تایبەتو هێزو میلیشیای حیزبیو نانبڕینو دەرکردنو ترسانو تۆقاندن هیچ شتێک نین جگە لە سەلمێنەری ئەو تێزەی کە کاری لەسەر دەکەین، تێزی بەرهەمهێنانی دۆخی ناکاوو باری نائاسایی. حیزب لە ئێستادا دەزانێت بەمەش کۆنترۆڵی تـەواوی کۆمەڵگای پێناکرێت، بۆیە پێیناوەتە نـاو قۆناغێکی ترسناکی دیکەوە، ئەویش خۆئامادەکردنە لە قۆناغی باری نائاساییەوە بۆ قۆناغی رووبـەڕووبـوونـەوەو جـەنـگ. ئەم دەسـتـوورەش شتێکی دیکە نییە لە بەرهەمهێنانی دۆخـی نائاساییو ئـامـادەکـاری بـۆ جەنگی داهـاتـوو لـەڕێـگـای تـێـپـەڕانـدنـی دەسـتـوور بەخێرایی تیشکئاساو بەخشینی ئەو هەموو دەسەڵاتە سامناکانەی کە بە سەرۆک دراوە. سیاسەتی کارکردن لە بەرهەمهێنانی دۆخی ناکاو پەیوەندی بە کوێرییەوە نییە، بەڵکو پابەندی پرۆسەی رێگەگرتنە لە چاودێرە بێلایەنە کۆمەڵایەتییەکان لە بینینو بەرهەمهێنانی چەشنێکی تر لە بینین. بۆیە هەموو بینینێکی تر بۆ دەستوور دەچێتە خانەی ناحەزو دوژمنەوە. ئەم فۆرمە لە بینین ترسناکترین چەشنی بینینە کە سیاسەت بەرهەمیبهێنێت، چونکی ئیدی حیزب دەستدەکات بە دابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر ئێمەو ئـەوان، ئەمەش مانای ونبوونی رەخنە، ونبوونی دیالۆگو گفتوگۆی عەقڵانی، دابەشکردنی جیهان بۆ سەر دۆستو دوژمن، باشو خراپ، شەڕو خێر دەگەیەنێت. دیموکراسیو تۆتالیتاریزم نـاتـوانـن لەتەنیشت یەکترەوە بژین. دیموکراتی دەتوانێت قبوولی رای جیاواز بکات، بەڵام هێزی تۆتالیتێر لە ترسێکی بەردەوامدا دەژی لەگەڵ جیاوازی، ئەوسا ئەو جیاوازییە جیاوازیی بیروبۆچوونو جیهانبینی بێت یان جیاوازی رەگەزو ئایین بێت. ستراتیژی چاودێریکردنی کۆمەڵگا لەڕێگای چاودێرەکانی حیزب سەرەتای سەرهەڵدانی خواستێکی پەنهانی تۆتالیتارییە. حیزب چیدی لە کوردستان بووە بە دەزگایەکی هیولایی گەورەی چاودێرکەری چاودێرەکانی، تەنیا ئەوانە دەبینێت کە دەیەوێت بیانبینێتو چاوێری ئەوانە دەکـات کە چاودێریدەکەن. سیستمی چاودێریکردنی چاودێرانی کۆمەڵایەتی مانای بێبەهاکردنی بینینی ئەوانی دیکە نییە، بەڵکو بەخشینی وێنەی دوژمنە بەو چاودێرانە. هەموو گۆڕانێکی دیموکراسیو بەشداربوونی کۆی یەکە کۆمەڵایەتییەکان لە گفتوگۆو دروستکردنی گووتاری نوێو بینینی نوێ دەبێتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی دۆخی ناکاو لای سیستمی دووحیزبی. تـاکـە وەڵامـێـکـیـش بـۆ ئـەم دۆخـە بریتییە لە دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ ئەوانەی لەگەڵمانو ئەوانەی دژمانن، تۆمەتبارکردنی بینینەکانی دی بە جاسوسو دەستی دەرەکیو تابووری پێنجەم، ئیدی شتێک نییە بۆ ئەم سیستمە کە هەڵگری سەربەخۆبوون بێت، چونکی هەموو سەربەخۆبوونێک دەبێتە ترس لەسەر سیستمو دەبێتە بەرهەمهێنی گۆڕان. لەچەند شوێنو بۆنەیەکیشدا خوێندمانەوەو گوێمان لێدەبێت کە باس لەوە دەکەن دەستوور بۆیە گرنگە تاوەکو هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو هێزانە بکەن کە پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی دیکە هەیە، یاخود پاش هەڵبژاردن هەڵوێستی خۆیان بەتەواوی لەسەر گەڕەلاوژێی میدیای ئازاد ساغدەکەنەوە!



چەندین مانگ حکومەتو پەرلەمان شەڕی ئەوەیان لەگەڵ بەغدا دەکرد کە پارەیان بۆ تەرخان ناکات بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، کەچی ئێستا لەپڕێکدا دەتوانن (٤٠) ملیۆن تەرخان بکەن بۆ ئەو دەستوورەی کە خۆیان دەیانەوێت بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تێیپەڕێنن

# دەستوورو دۆخـ

**هیچ جیاوازییەک لەنێوان سەربازێک، کە لوولەی تفەنگەکەی ئاراستەی خەڵکی مەدەنی دەکات، چونکە فەرمانی سەرۆکی پێیە، لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارانەدا نابینمەوە کە بە فەرمانی حیزب و سەرۆکەکانیان بەڵێ بۆ دەستوورێک دەدەن، کە سنوورەکانی ئازادی خۆیان کەمدەکاتەوەو هی سەرۆک گەورەتردەکات. ئەم دەستووره وێنەی پەرلەمانێکی مەدەنیمان بۆ نمایش ناکات، بەڵکو وێنەی پاسەوانێکمان بۆ نمایش دەکات، لەبری دەستوور کەلەپچەی بەدەستەوە بێت، وێنەی حکومەتێکمان بۆ نمایش دەکات، لەبری قەڵەم دەمانچەی پێبێت. ناشرینترین وێنەش کە دەستوورێک نمایشی خۆی پێبکات، تێکەڵاوبوونی وێنەکەیەتی لەنێوان دەمانچەیەک و دەقێکی نووسراو، گۆڕانییەتی لە کەرەسەیەک کە جەنگی پێدەکرێت بۆ کەرەسەیەک کە ئازادی پێبکوژرێت و دیموکراسی پێ کەلەپچە بکەیت**

**ئاراس فەتاح**

لە جیهانی سیاسەتدا دۆخی ناکاوو دۆخی ئاسایی دوو جەمسەری ناکۆکو دژبەیەکن. کاتێک باس لە دۆخی ناکاو (حالةتي طـوارئ) یان باری نائاسایی دەکرێت، یەکسەر حالەتێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیی نـاوێـزە وێنادەکەین، دۆخێک کە ئاسایی نییە، ئەمڕۆ لە دوێنێ ناچێتو سبەینێش چارەنووسێکی نادیارە. ئەم دۆخە لەناکاوە دەشێت تێپەڕبێت، لەوانەیە بۆ کاتێکی زەمەنی دیاریکراو بێتو دەشێت زەمەنەکەشی نادیار بێتو وابەستەی ئەو هاوکێشە سیاسییانە بێت کە کۆمەڵگاو دەوڵەت تیایدا دەژیـــن. هەڵواسینی دۆخی ناکاو بە ملی کۆمەڵگادا، کردەیەکی کتوپڕەو زۆربەی جاریش چالاکییەکی چاوەڕواننەکراوە. بڕیارێکی سیاسییە کە یاسا لەکاردەخات. دۆخی ناکاو، دۆخێکی ناوێزەیە، چونکە گروپێکی سیاسی یان سەربازی هەڵدەسێت بە پەلاماردانی دەسەڵاتو دەستوور سڕدەکات، یاخود بە یاسای دۆخی ناکاو (یان یاسای باری نائاسایی) کۆی یاساکان لەکاردەخات. لە زۆرینەی کاتەکاندا دۆخـی ناکاو بەرهەمی ناسەقامگیری سیاسیو نائارامی کۆمەڵایەتی ناو وڵاتێک یان دەوڵەتێکە. لە ئەدەبیاتی سیاسیدا ئەم چەشنە لە قۆرخکردنی دەســەڵات بە کودەتا ناوزڕدەکرێت، گەر بەڕێگای زەبروزەنگ پیادەدەکرێت. گروپێکی ســەربــازی یـان سیاسی دەســەڵات بەشێوەیەکی ناشەرعیو جەنگاوەرانە دەگـرێـتـەدەســتو شەرعییەت بە دەسەڵاتداریێتیو کردە سیاسییەکانی خۆی دەدات. پەیوەندیی نێوان کودەتاو دۆخی ناکاو پەیوەندییەکی ئۆرگانییە، پەیوەندی ژیانێکی دووگیانییە. نە کودەتا بەبێ یاسای دۆخی ناکاو دەتوانێت "شەرعییەتی سیاسی" هەبێتو نە دۆخی ناکاویش بەبێ کودەتا دەتوانێت "ئارامی سیاسی" بڕەخسێنێت. بەگشتی ناتوانین لە فەرهەنگی سیاسیدا باس لە کودەتا بکەین، گەر بە دۆخی ناکاودا تێپەڕنەبێت.

بێگومان دۆخی ناکاو تەنیا پابەندی گەمەو شەڕەکانی سیاسەت نییە وەکو فۆڕێک لە دەستکاریکردنی هاوکێشەکانی دەســەڵات، بەڵکو دەشێت بڕیارێکی سیاسی بێت بۆ پاراستنی کۆمەڵگاو هەڵگری لایەنی پۆزەتیڤ بێت. بۆنموونە لەکاتی دروستبوونی کارەساتی سروشتی یان نەخۆشی پەتائامێز کە دەشێت زیانی ترسناک بە کۆی کۆمەڵگا بگەیەنێت، دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت بانگەشەی دۆخی ناکاو (حالەتی طوارئ) بکات. ئاشکرایە لە کاتی کارەساتە سروشتییەکان دۆخی ناکاو یان نائاسایی دەسەپێنرێت بۆئەوەی پەیوەندیو یارمەتی لۆگیستی بۆ زەرەمـەنـدان دابینبکرێتو ماڵو سامانی خەڵکیش لە فەرهوودو تاڵانکردن لەلایەن کەسانو گروپی تاوانی ڕێکخراوەوە بپارێزرێت. جیاوازیی سەرەکی نێوان دۆخی ناکاوی سیاسیو دۆخی ناکاو لەکاتی کارەساتی سروشتی بریتییە لـەوەی یەکەمیان مرۆڤکوژەو دووەمیشیان مرۆڤدۆستە، یەکەمیان خـودی مـرۆڤ دەکـات بە ئامانجی پێکان، دووەمیشیان ئامانجی پاراستنی مرۆڤە: بەکورتی دۆخی ناکاوی سیاسی ڕووبەڕووبوونەوەیە لـەگـەڵ کۆمەڵگاو دۆخـی ناکاوی سروشتی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئـەو مەترسییانەی کە بۆ کۆمەڵگا دروستدەبێت.

گومانی تێدا نییە کە بابەتی دەستوور بەو فۆرمە ناکاو (طـارئ)و بەو شێوە ناوێزەیەی کە لە پەرلەمانی کوردستان تێپەڕێنرا، جێگای خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی گـەورەیـەو پێویستی بە شیکارکردنی ئەو خواستە شاراوانەیە کە لەپشت ئـەم کـردە سیاسییەوە وەستاون. هەر لێرەشدا مەبەستمە هێما بۆئەوە بکەم کە هەندێک پەرلەمانتار بۆ یەکەمجار بوێرانە لە مێژووی ئەم پەرلەمانە بێدەنگە، هەڵوێستیان وەرگـرتو بایکۆتی دەنگدانیان کرد، یان بە نەخێر دەنگیان بۆ ئەو کردە کۆمیدیائاساییانەی تێپەڕاندنی دەستوور داو ئیشکالییەتە یاساییەکانی ئەم پرۆسەی دەنگدانەو ئەو دەستکاریکردنە ترسناکانەی تێکستەکەیان بە رای گشتی ڕاگەیاند. بێگومان ڕەشنووسی ئەم دەستوورەڕەشە ئیشکالییەتی گەورەی تێدایە: یەکەم، توانای یاسایی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر ئەم دەستوورە، دووەم ئاگادارنەکردنەوەی رایگشتی لە دوارەشنووسی دەستوورو ڕێگەنەدان بەگفتوگۆکردنی، سێیەم، دابەشکردنی دوارەشنووس بە پێش چەند ڕۆژێک یان چەند سەعاتێک بەسەر پەرلەمانتارانو ڕێگەنەدان بە گفتوگۆکردنی دەستکارییە نوێکان لەلایەن ئەو پەرلەمانتارانەی کە ڕەخنەو تێبینییان هەبووو لەکۆتاییشدا بێلایەن نەبوونی سەرۆکی پەرلەمانیش لەو کردەیەو داواکردنی بۆ دەنگدان بە ئەرێ لەسەر دەستوور، چوارەم ڕێککەوتنو دانیشتنی نهێنی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەو ڕازیکردنیان بە دووبارە فۆرمولەکردنەوەو دارشتنەوەو زیادکردنی هەندێک خاڵ کە بۆ دەستوور جەوهەرییە، بۆنموونە سازشکردن لەسەر مەسەلەی دینو دەوڵەت. پێنجەم بێبەریکردنی کوردستانییانی تاراوگە لە گفتوگۆکردنو دەنگدان بەم دەستوورە، لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتیبوونیانە. لەپاڵ ئەم خاڵە خەمهێنەرانە، کاتێک تێبینی بەلاغی کۆمیدیئاسای دووەمی لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، ناچارین پێبکەنین. ئەم لیژنەیە دەڵێت: "دەبێت ئەوەش لەیاد نەچێت ئەنجامدانی هەرسێ پرۆسەکە (لـێـرەدا مەبەست لـە هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمو دەنگدانە بە دەستوور)لەڕۆژێکدا خەرجییەکی زۆر بۆ گەنجینەی هەرێم دەگێڕێتەوە، چونکە تێچووی هەڵبژاردنەکان لەبودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕێت، کەهەڵبژاردنەکان هەرچەندێک بن خەرجییەکەی دەگاتە نزیکەی (٤٠) ملیۆن دۆلارو حکومەتی فیدراڵ دەستەبەری ئەو بڕەپارەیە ناکات." ئەم پاساوە پانتۆمیمێکی دیکەی لیژنەیە کە بەقەد پاساوەکەی بەلاغی یەکەمیان پێکەنیناوییە، کاتێک سوودانو لوبنانو خودی پەرلەمانەکەی خۆیان کردبوو بە نموونەی یاساییبوونی درێژکردنەوەی تەمەنی یاسایی بۆ پەرلەمان. بێگومان شەرمێکی گـەورەیـە کە حکومەتو پەرلەمان باس لە تەقەشوف بکەن. دیـارە ئێرە جێگای ئـەو باسە نییە کە ساڵانێکە ماشینێکی گـەورە لە بەهەدەردانێکی گەورەی پارەو سامانی ئەم وڵاتە لەگەڕدایەو یەک پەرلەمەنتار یان سیاسی دڵی بەم وڵاتە ناسووتێت، کەچی ئێستاش باس لە زیادە مەسرەفی دەکەن، لەکاتێکدا کە پارەی یەک مانگی حیزبێک نزیک ئەو بڕە پارەیەیە کە ئەوان خەمی سەرفکردنیانە بۆ دەنگدان لەسەر دەستوورو کەسیش نازانێت چی لێدێتو بەچ کەناڵێکی تاریکدا هاموشۆی پێدەکرێت. ئەمەش نوکتەیەکی بێتامی دیکەی لیژنەی کـاروبـاری یاسایی پەرلەمان. لەوەش بترازێت چەندین مانگ حکومەتو پەرلەمان شەڕی ئەوەیان لەگەڵ بەغدا دەکـرد کە پارەیان بۆ تەرخان ناکات بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، کەچی ئێستا لەپڕێکدا دەتوانن (٤٠) ملیۆن تەرخان بکەن بۆ ئەو دەستوورەی کە خۆیان دەیانەوێت بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تێیپەڕێنن. من بڕوای تەواوم بەوە هەیە کە دەسەڵاتدارانی کوردستانو ئەو فەرمانبەرانەی کە بیریان بۆ دەکەنەوە، تاوەکو ئێستا کتێبەکەی ماکیاڤێللییان نەخوێندوەتەوە کە چۆن (میر) فێری فەرمانڕەوایەتی دەکاتو ڕاوێژکارەکانیشیان ئاگاداری بچووکترین زانستی سیاسەت نین تاوەکو بتوانن گوێگر دروستبکەین، چونکە ئـەوان گوێگرەکانی خۆیان بەگوێگرتن دەهێنن بۆئەوەی گوێیان لێبگرن، پێویستیان بـەوە نەبووە بەهێزی ئارگومێنتو قەناعەتکردن کاربکەنو گوێگری ئازاد دروستبکەن. ماکیاڤێللی لە کتێبی (میر)دا دەڵێت: "گەر دەسەڵاتدارێک بیەوێت بە شتێکی گەورە بگات، دەبێت فێربێت چۆن خۆی لەوانی دیکە بدزێتەوە." ئەم میتۆدی خۆدزینەوەیەی پەرلەمانو حکومەتی هــەردوو حیزبەکە لە ڕاستییەکان گەواهی ئەو ڕاستییەیە کە ئەم سیاسەتە سیاسەتی بەرهەمهێنانی دۆخێکی بەردەوام لە ناکاوێتییە.


ئەوەی شایانی سەرنجو تێڕامانە ئەوەیە کە لە یەکەم ئاهەنگی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانی، سەرۆکی هەرێم هێمایەکی ترسناکی بۆ ڕەخنەگرانی دەستوورەکەیان کـردو کۆمەڵگای دابەشکرد بۆ ئەوانەی کە دەستوور قبووڵدەکەنو ئەوانەی کە دەستوور ڕەتدەکەنەوە. لەم لۆژیکی دابەشکردنەی سەرۆک هیچ بێلایەنییەک نابینرێت، واتە سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی ئەو هاوڵاتییانە نییە کە دژ بە تێپەڕاندنی ئەم دەستوورە دەوەستنەوە، بەڵکو تەنیا هی ئەوانەیە کە لەگەڵ دەستوورەکەیدان. سەرۆک وتی: "خۆشبەختانە ئەمڕۆش پەرلەمان دەستووری پەسەندکردو لە ڕۆژی هەڵبژاردنیشدا لەلایەن خەڵکەوە پەسەنددەکرێتو دەبێتە چقڵی چاوی ناحەزانو دوژمنان." بەلامەوە سەیر نییە کە سـەرۆک دەرئەنجامی دەنگدانەکەش دەزانێت، بەڵام ڕیزبەندی سەرۆک بۆ کۆمەڵگاو هەڵوێستوەرگرتن لە دەســتـوور جێگای تێڕامانە، کە مەبەستی ئـەم وتــارە نییە، چونکی ترسێکی گەورەو جیدی لە دەسەڵاتە بەرفراوانەکانی سەرۆکی هەرێمدا هەیە، دەسەڵاتگەلێک کە مێژووی دزێوی حکومڕانیمان بیردەخاتەوە. من لێرەدا تەنیا هێما بۆ یەک خاڵ دەکەم کە لە یاسای سیرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە بەشی چوارەم لە خالی هەشتەمدا هاتووە، کاتێک کە ئەرکو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم دەستنیشاندەکات، لـەوێـدا نـووسـراوە: ســەرۆک مافی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی هەیە بەپێی یاسایەکی تایبەت. ئەم وتارە هەوڵێکی بچووکە بۆ تێگەشتن لەو ڕەهەندە شاراوەو ترسناکانەی "باری نائاسایی" (حالەتی گوارئ) کە من بە "دۆخی ناکاو" ناونووسی دەکەم. هەوڵێکە بۆ تێگەشتن لەم چەمکەو ڕاڤەکردنێکی خێرای ئەو ستراتیژە بەیاننەکراوانەیە کە سیاسەتی ئۆلیگارشییانەی پارتیو یەکێتی لەسەر بەندە.

تێپەڕاندنی دەستووری هەردوو حیزبەکە، جێگای تێڕامانی قوولە، چونکی چیدی فۆرمەکانی سیاسەتکردن لە کوردستان لەپێش دەرچواندنی دەستوور شتێکەو ماناو بەهاکانیشی لەپاش تێپەڕاندنی لە پەرلەمان شتێکی دیکەیە. با پرسین ئایا هیچ ترسێک هەیە وا لەم سیستمە حیزبۆکراتییە بکات، بکەوێتە ئەم تەخەبوتەوە، ئایا سیستمی حیزبایەتی لە دۆخی ناکاودایە یاخود کۆمەڵگا؟ ئایا ئەمە هەڵەیەکی گەورەی سیاسییە یان ستراتیژێکە کە هەردوو حیزبەکە دەیانەوێت لەدووتوێیەوە ڕێگا لە هەموو بەشەبوونو بەشداربوونێکی سیاسیی گروپە کۆمەڵایەتییەکان بگرن لە دەستنیشانکردنی نەخشەی سیاسی وەڵاتەکەیان؟ بۆ تێگەیشتن لەم ستراتیژەی بزاوتی دەسەڵات لەلایەن سیستمی دووحیزبییەوە، هەوڵدەدەم تەنیا لە ڕەهەندە سیاسییەکەیەوە وەڵامی ئەم پرسیارە ئالۆزو پڕئیشکالییانە بدەمەوە. لایەنە یاساییەکانیشی بۆ پسپۆڕانی دیکە بەجێدەهێڵم. کێشەی سەرەکیو پرسی سەرەکی ئەوە نییە کە دەستوورمان هەبێت یان نا، بەڵکو پرسی سەرەکی ئەوەیە چ دەستوورێکمان هەیەو بە چ میکانیزمێک دەنگی لەسەر دەدرێـــت. بیریارە فەرمانبەرەکانو سیاسەتمەدارانی هــەردوو حیزبەکە دەیـانـەوێـت ئاراستەی گفتوگۆکان بەرەو ڕووبەرێکی دیماگۆگییانە بەرنو دوورمانبخەنەوە لە بیرکردنەوەو گفتوگۆکردن لەسەر ناوەڕۆکی شتەکان. لە هەمووشی ترسناکتر ئەو هەوڵە دزێوەیە بۆ تێکەڵکردنی هەڵوێستو خوێندنەوەی ئێمەی کورد بۆ دەستوورو مەرامە سیاسییەکانی هێزە عێراقییەکان لەسەر مەسەلەی دەستووری هەرێم. ئەو پرسیارەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە بیکەین ئەوەیە: بۆچی سیاسەتکردن ئاراستەی ناکاوی لەخۆگرت؟ بۆ ئەم دۆخە جۆرێکە لە «ڕاگەیاندنی دۆخی نائاسایی ــ حالەتی گـوارئ» بەڵام بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆ؟

## دۆخی ناکاو وەک ستراتیژێک بۆ لەکارخستنی سیاسەت

ئـەمـەی ئێستا لـە کوردستاندا سـیـاســەت بـەرهـەمـیـدەهـێـنـێـت، دروستکردنی قۆناغێکە لە سیاسەتکردن کە تیایدا پرۆژەی لەکارخستنی خودی سیاسەت ئامانجێتی. سیاسەت بەمانای بەشەبوونو بەشداربوونی گروپە کۆمەڵایەتییەکان لە نەخشاندنی فۆرمی ڕێکخستنی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کولتووری خۆیان. سیاسەت بەمانای ئیشکردن لە گەورەکردنەوەی ماناکانی ئـازادیو بەرهەمهێنانی جیاوازیو پلورالێتی. لەوەتەی دیموکراسییەت بـووە بە فۆرمێک لە بەرهەمهێنانو پیادەکردنی سیاسەت، دەیەوێت ڕێگا لە یەک شت بگرێت، ئەویش بەناکاوکردنی سیاسەتکردنە، واتە چاودێریکردنو کۆنترۆلکردنی پەرلەمەنتارییانەی دەسەڵات لە تاکرەوێتیو خراپەکاریو تەعەسوفییەتو گەمەکردن بە یاسای دۆخـی ناکاو یـان بـاری نائاسایی. سیاسەتی ناکاو مانای تاکرەوێتی، کۆدەتاو هەندێکجاریش لە ئەدەبیاتی نوێدا بە ئوزورپاتسیۆن "Usurpation" نـاوزەدکـراوە. ئوزورپاتسیۆن واتە پەلاماردانی دەســەڵاتو قۆرخکردنی لەلایەن دەسەڵاتدارێکەوەو لابردنی دەسەڵاتداری شەرعیو لەکارخستنی دەســتــوور. ئـەم کـەســەی کـە بە "ئوزورپاتۆر" ناودێرکراوە، کەسێکە دەتـوانـێـت بەڕێگایەکی ناشەرعی شەرعییەت بۆخۆی دروستبکاتو هەندێک جار قبوولیشبکرێت. ئەزموونە سیاسییە مێژووییەکان پێماندەڵێت کە زۆرینەی کاتەکان ئەم دۆخە بەرەو شـەڕی ناوخۆمان دەبـات. کۆنترین نموونەی دەسەڵاتی "ئوزورپاتۆر"ی قەیسەری ڕۆم بوو بە ناوی (دیۆکلێتیان – Diokletian) لە ساڵی ٢٨٤ پ.ز. کە دژ بە نەیارەکەی (کارینوس – Carinus) ململانێی دەســەڵاتـی بـەلای خۆیدا شکاندەوە. لە سەردەمانی ئەنتیکەشدا

# با بە دەستی خۆمان دیکتاتۆر بۆ خۆمان دانەتاشین



پرۆفیسۆر .ی .دکتۆر یاسین سەردەشتی

نامانەوێت بەدرێژیی قسە لە گرنگیی‌و بایەخیبوونی دەستوور لە ژیانی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی هەر وڵات‌و دەسەڵاتێکدا بکەین، بەتایبەت بۆ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کە هەژدە ساڵە بێ دەستوورێکی دیموکراتیک‌و لە سایەی رژێمێکی دەبڵ ئۆتۆکراسییەوە کیسەڵانە خۆی دەکێشێت، هێندە بەسە کە بەر لە دەیەیەک‌و لە توێژینەوەیەکماندا کە بە ناونیشانی «گەلی کوردو بزاڤی مەشرووتەخوازیی لە ئێران» کراوەتە کتێب، گوتەیەکی (جۆن ئادەمز)مان کردووەتە دەستپێکی کتێبەکە کە دەڵێت: «دەستوور تەنیا بنەماو سەرچاوەی دەسەڵاتە لە وڵاتە ئازادەکان دا». بۆ هەمووان ئاشکرایە کە چۆن بە خواستی سەرۆکی تا ئەمڕۆی هەرێم، پەرلەمانە وادەبەسەرچووەکە لەسەر بنەمای ئەو پەندە کوردییەی کە دەڵێت: «ئا بەم ناوەختە تەمەڵ بە جەختە». بێئەوەی لە دەمی ماوەی شەرعیی‌و یاسایی خۆیدا بەشێوەیەکی شیاوو دروست کە شایەنی پرسێکی هەستیارو مەزنی وەک دەستوورە بۆ بە دەستوورییکردنی دەسەڵاتی لا یوسئەلی هەرێمی کوردستان تێبکۆشێت، کەچی لە ناوەختداو هەموو چەند رۆژێکمان لەبەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێدا ماوە، ئاوا بەو پەلە پڕوزێیەو لەماوەی یەک دوو رۆژدا دەستوورێکی رەنگ زەردو هەڵکڕوزاویان بێ ئاگاداریی‌و راوێژو گەنگەشەی نەک هەر خەڵک‌و چین‌وتوێژە جیاوازەکانی کوردستان، بەڵکو تەنانەت ئەندام پەرلەمانەکان خۆشیان بەشێوەیەکی چاوبەستەگیی‌و بروسکئاسا تێپەڕاند.

دیارە ئێمە وەک مێژوونووسێکی کوردو بایەخدار بەو پرسە هەستیارو مەترسیدارە ئەو جۆرە کارەی ئەنجومەنەکەی کوردستانمان کە زۆر درەنگ نێوی خۆی بۆ پەرلەمان گۆڕیی، پێی سەیرو سەمەرە نەبووەو نییە، چونکە هەر لە چوار ساڵ لەمەوبەرەوەو بەر لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەندامەکانی ئەو ئەنجوومەنە لە ژمارە (٣)ی هەفتەنامەی دەنگ لە (٣)ی مایۆی (٢٠٠٥) راشکاوانە رامانگەیاندبوو کە ئەندامانی ئەنجوومەن لەگەڵ رێزم بۆ هەڵوێستی چەند دانەیەکیان نوێنەری خەڵک نابن‌و ئەوانە کادیرە پلە خوارەوەکانی هەردوو زلحیزبەکەی کوردستانن‌و چەپکە گوڵی دەستی مەکتەب سیاسییەکانن‌و بۆ بەڕێکردنی ویستی ئەوان نەک میللەت کۆدەکرێنەوەو دەستیان پێ بەرزو نەوی دەکەن، هەر بۆیە ناتوانن نوێنەری راستینەی ماف‌و بەرژەوەندییەکانی گەلەکەیان بن ( بۆ راست دەرچوونی ئەم پێشبینییە ئاسانە یەک لەو ئەندامانە رەپ‌و راست ئەوەی راگەیاند کە نوێنەری حیزبەو هی گەل نییە، ئەوی دیکەیان وتی: «نە ئاگام لە دەستوورەو نە لە هیچ مەسەلەیەکی دیکەی بایەخداری وەک گرێبەستە نەوتییەکان ئاگادارم»، بەڕێز کاک رێبین هەردیش بەو دواییە لە هەفتەنامەی ئاوێنەدا، پەرلەمانی بە بووکە شوشە ناوبردووە، بێئەوەی ئاماژە بەوە بدات کە بووکە شوشە لانیکەم دڵی منداڵان خۆشدەکات!!).

هەروەها پێشمان عەنتیکە نییە کە دەستوورەکە (وما ادراک ما الدستور) بەو هەڵکڕوزاوییە یان راستر ئەتککراوییە، بەوشێوەیە لە غەفڵەتی هەرای دەستپێکردنی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا بروسک ئاسا تێیپەڕێنن، چونکە بەر لە سێ ساڵ لەمەوبەر لە چاوپێکەوتنێکماندا بۆ گۆڤاری لڤین وتبوومان، پێدەچێت ئەم دەستوورە حسابی پاشەڕۆژی کوردو ئایندەیەکی رۆشن‌و پرشنگداری بۆ نەوەکانی داهاتوو نەکردبێت‌و لەبنەڕەتدا هەر کاڵایەک بێت بۆ بەری حەزرەتی سەرۆکی هەرێمی حازریی دورابێت!! هەروەها سەبارەت بە سەلاحییەتەکانی سەرۆکی هەرێم لە رەشنووسەکەی پێشوودا وتبوومان کە هەمان ئەو سەلاحییەتانەن کە دەستووری ئێرانی بۆ (وەلی فەقیە، نوێنەری ئیمامی زەمان عجل الله فرجه الشریف)ی داناوەو سەرۆکی حکومەتیش لە باشترین حاڵەتدا دەبێتە سکرتێری سەرۆکی هەرێم!! بەوەش ئەو رەشنووسە لەگەڵ دەستووری عێراق‌و سیستمە پەرلەمانییەکەیدا، کە هەرێمی کوردستان سەر بەوێیە ناکۆک‌و ناتەبایە.

هەربۆیە پاش وردبوونەوەمان لە ناوەرۆکی دەستوورە هەڵکڕوزێنراوەکە، دەبێت بگوترێت: «هەزار رەحمەت لە رەشنووسی دەستووری هەوەڵی»، چونکە ئەمەی دواییان بە قودرەتی حیزبۆکراتەکان زێدەکاریی ئەوتۆی تێدا کراوە کە تایبەتمەندییەکی دواکەوتووانەتری پێبەخشیوەو رەنگ زەردتری کردووە، دەرپەڕاندن‌و تێپەڕاندنەکەشی بەوشێوەیەی دیترا دەستوورەکەی لای زۆربەی چین‌و توێژەکانی خەڵک ناکام کرد بە چەشنێک جگە لە بلوێر بەدەستەکانی چینی دەسەڵاتدار کەسمان نەبینی پیایدا هەڵبدات.

بەڕێزان ئێمە وەک بایەخدارێک رایدەگەیەنین کە ئەم تەرزە دەستوورەو دەنگدانی گشتیی بۆی، زەمینەخۆشکەرە تا رژێمی دەسەڵاتداریی لە کوردستان لە رژێمێکی دەبڵ ئۆتۆکراسیی نادەستوورییەوە بەرەو رژێمێکی (دیکتاکراسی) دەستووریی بەرێت، ئەو رژێمەی دژی دیموکراسیی راستەقینەو حوکمی گەلەو رێگە لە هاتنەکایەی پەرلەمانێکی گەلیی بەهێزو خاوەن ئیرادەو بڕیار دەگرێت‌و وەک قۆناغی یەکەمی ژیانی دەوڵەتی تورکیا زەمینە بۆ تاکێک دەرەخسێنێت تا وەک ئەتاکوردێک خۆیمان بەسەردا بسەپێنێت‌و حوکمێکی رەها لە پشتی چەند دەزگایەکی بێ ناوەرۆکی بێ ئیرادەوە بەڕێوەبەرێت، ئەوجا پاش چەند ساڵێک تاکی کورد پەنجەی پەشیمانی بگەزن‌و شاعیرێکی کوردیش (علم‌و دستورو مجلس امه کل عن المعنی الصحیح محرف)ەکەی جەواهرییمان بە کوردیی بۆ لێبداتەوەو سەردێڕەکەی بەوە دەستپێبکات (ئاڵاو دەستوورو پەرلەمان پوچ‌و چروک‌و بێمانان) !!


بە پێچەوانەی هێندێکەوە کە لە هەموو حاڵەتەکاندا دەستوور بە دەستکەوتێکی ئەرێنی دەبینن‌و دەیانەوێت خەڵکی بەم دەستوورە هەڵکڕوزاوە چەواشە بکەن، ئەز پێموایە نەبوونی دەستوور لەم هەرێمە باشترە لە بوونی دەستوورێک کە زەمینە خۆشکەری دیکتاکراسیی خۆسەپێنی تاکێک بێت بە هەر ناوێکەوە، نموونەشمان جیاوازیی نێوان بەریتانیایەکی دیموکراتیکی بێ دەستوورو رژێمی بەعسی پێشووی خاوەن دەستووری کاتیی یاخود ئێرانێکی ئەمڕۆی جمهوریی ئیسلامیی خاوەن دەستووری هەمیشەییە، تکایە ئەگەر بڕیارە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەستووریزە بکرێت با دەستوورێکمان هەبێت گەل بکاتە سەرچاوەی دەسەڵات‌و بڕیار، با هەڵهێنجراوی نموونەی وڵاتە ئازادو مرۆڤ دۆستەکان بێت لاسایی سۆماڵ و سودان‌و ئێران نەکەینەوەو چەواشەکارانە ئیرادەو بەرژەوەندیی تەواوی چین‌و توێژەکانی ئێستاو ئایندەی گەلەکەمان زیندەبەچاڵ نەکەین.

لە کۆتاییدا ئێمە وەک مێژوونووسێکی دیموکراتیکی کورد کە هیوامان ئایندەیەکی گەشاوەیە بۆ نەوەی داهاتوو ئاسەوارە نەرێنییەکانی ملهوڕیی‌و خۆسەپێنی لە مێژوودا زۆر بە باشی درک پێدەکەین، وەک هەڵوێستێکی مێژوویی رایدەگەیەنین کە هەرگیز ئەم دەستوورە هەڵکڕوزاوەمان لا پەسەند نییە کە نوێنەرانی لە مێژوو بێدەربەستی ئیرادەی حیزب لە ناوەخت‌و غەفڵەتدا دەریانپەڕاندو داواش لە هەر تاکێکی هۆشیارو دڵسۆزی کورد دەکەین ناوەرۆکی نادیموکراتی راستەقینەی ئەو دەستوورە درک بکەن‌و ئەو راستییە بزانن کەوا لە ئێران‌و تورکیا خەبات بۆ دیموکراتیزەکردنی راستەقینەو هەموارکردنی دەستوورو گسکلێدانی وەلی فەقیەو هەڵگرتنی پەیکەرەکانی ئەتاتورک لە گەرمەیدایەو سەردەمی کاریزمای نەتەوەیی‌و سەرکردەی پیرۆزی ئایینیی بەسەرچووە، داخۆ بۆچی ئێمە لەم کۆتایی دەیەی سەدەی بیست‌و یەکەدا بە دەستی خۆمان زەمینە بۆ سەپاندنی ئەبەد ئەلدەهری ئەتاکوردێکی تاکڕەوو روحوڵڵایەکی مرۆڤ چەپێن خۆشبکەین‌و پایەی دەستوور بەخواریی بنیادبنێین، بەشێوەیەک راستکردنەوەی مەحاڵ بێت!! باشە ئەوە هەر سەرۆکی هەرێم خۆی نەبوو کە کاتێک سەردانی مامۆستایانی زانکۆی دهۆکی کردو ژنە مامۆستایەک پێشنیازی ئەوەی خستە بەردەم بەرپرسانی زانکۆ کە بۆ رێزگرتن لە نووسینە مێژووییەکانی سەرۆک با بڕوانامەی دکتۆرای بدرێتێ! سەرۆکیش مەردانە دەمی دایەوەو جوانترین گوتەی تەمەنی خۆی راگەیاندو وتی: «دانیشن، بۆچی بەدەستی خۆتان دکتاتۆر بۆ خۆتان دروست دەکەن؟!»، ئێستا چی قەوماوە وا بە پەلە دەستوورێکی دکتاتۆر خولقێن بۆ بەردەم رای گەل فڕێ دەدەن! باشە هەر نەبن بە دەسەڵاتدارە چاوڕەشەکانی بەغدا کە هاتنە شار بە شاری کوردستان‌و پرسی رەشنووسی دەستووریان لەگەڵ مامۆستایان‌و رۆشنبیران تاوتوێکرد، بەندە یەکێک بوو لەوانەی کە لە هۆڵی پارێزگاری سلێمانی‌و بە ئامادەبوونی پارێزگار خۆی یەکەمین کەس بووین چەند رەخنەیەکی توندمان لە دەستووری عێراقی گرت‌و ئەوانەی لەوێ بوون شایەتن‌و ئێستا دەزانن کە ئەو رەخنانەی ئەو دەمە چەندە راست‌و گونجاوبوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مەسەلەی دەستوورەکەی لەمەڕ خۆمان لە دوو ئەگەر تێناپەڕێت، یان پیلانێکی دەسەڵاتدارانە بۆ سەپاندنی سیستمێکی دیکتاتۆری‌و وەڵامدانەوەیەکی ملکەچانەیە بۆ خواستی سەرۆکی حازری! یاخود دەسەڵاتداران چین‌و توێژەکانی کۆمەڵ بە مێگەل‌و قاصر دەزانن‌و پێیانوایە شایەنی راوێژکاریی نین! ئەوەش دەکاتە ئەوەی وەک دەڵێن کە عوزر لە تاوان قەباحەت تر بێت!

ئێستا لە ئەگەری رازیبوونی کۆمسیۆنی باڵا بۆئەوەی ئەم دەستوورە هەڵکوڕوزێنراوە لە (٢٥)ی ئەم مانگەدا بخرێتە بەر راپرسیی تەنیا ئەوە ماوە کە تەواوی رۆشنبیران‌و دیموکراتخوازانی دڵسۆزی کورد کەمپەینێکی دژایەتیی لە پێناو شکستپێهێنانیدا لەئاست راگەیەنن، بەتایبەت ئەمڕۆ پاش هەژدە ساڵ لە راپەڕینە سوورەکەی ساڵی (١٩٩١) کە دەستی رژێمی بەعسی لە کوردستان قرتاند، رابوونێکی جەماوەریی دەستپێکردووەو بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت کە ببێتە (راپەڕینێکی سپی) مەدەنیانەو شارستانییانە دژ بە گەندەڵیی‌و کلتووری بەعسیانەی فەرمانڕەوایەتی‌و لەپێناو هێنانەکایەی پەرلەمانێکی ئەکتیڤ‌و خاوەن ئیرادەی راستەقینەو بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزو فەزایەکی سیاسیی‌و ئابوورییەکی ئازادو کۆمەڵگایەکی دادپەروەر یەکەمین هەنگاوی خۆی بهاوێژێت.

## ئاسۆبینی

### ئاسۆکانی گۆڕان‌و خواستی گۆڕین



سۆران عەبدولقادر کۆستە

ئەمڕۆ زۆر بەڕوونی‌و ئاشکرایی ئەنجامەکانی ئاوێتەبوون دەبینین لەنێوان ئاراستەو رەخنە فکرییەکان لەگەڵ بزووتنەوەیەکی سیاسی و خواستێکی جەماوەریدا کە پێکەوە دەبنە بزووتنەوەیەکی جەماوەری‌و سەراپای شەقامەکانی شار دەهەژێنن‌و بەگۆڕان بانگەشە بۆخۆیان دەکەن. ئەم بزووتنەوە فراوانەی تێکڕای ماڵ‌و شەقامەکان دەهێنێتە ئاخافتن‌و ((گۆڕان)) لەلاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامەکاندا دەکاتە بابەتی رۆژو تەنانەت لەگەڵ هەموو وشەیەکی گۆڕاندا راچڵەکینێک لەناخدا درووست دەکات. بەدیارکەوتنەوەی پەیوەندی لەنێوان وشەو هەستدا لەکاردانەوەی راچڵەکیندا لەخۆیدا گۆڕانە، چونکە زۆر دەمێک بوو ئەم پەیوەندیە بە چەندین پرۆسەو چەندین شێواز سەرکوتکرابوو.

لەفەنتەلۆسەکەی حوکمی دەسەڵاتی ئێمەدا، بێزاری لەباو، بێزاری لەناعەدالەتی، بێزاریی لەدواکەوتوویی‌و خراپی گوزەران هەموو جیاوازییەکان لەدەوری تەوژمێک کۆدەکاتەوەو جەماوەریانە داوادەکات گۆڕان. گۆڕان پرۆسەیەکی بەردەوامە، بەڵام کاتێک گۆڕان نامێنێت‌و دەچینە دۆخی وەستانەوە خەڵک نامۆیی گۆڕان دەکات‌و داوای دەکات، گۆڕان وەک سووتەمەنی‌و ئازووقەو ئاوو کارەبا وایە کاتێک نامێنێت‌و کەمدەبێتەوە خەڵک بیری دەکەوێتەوەو هاواری گۆڕان دەکات... هەریەکێک لەکێشەکانی کۆمەڵ بەتەنیا کێشەی ئاسایی‌و ئاڵۆزو هەندێک جاریش کێشەی قورس بوون، بەڵام کاتێک دەسەڵات لەهەموو کایەکاندا شکست دەهێنێت‌و هەموو کایەکانی ژیان دەکاتە کێشەو تاکە لۆجیک دەبێتە لۆجیکی فەنتەلۆس... گۆڕان دەبێتە خواستێکی حەتمی، بەتایبەت گەر ئەو هەموو رەخنەو ململانێ سیاسیە لەئارادابن. ئەو هەموو رەخنەو ململانێیە لەفەزای گەندڵستانێکی بێسنووردا ئاسۆی گۆڕانێکی پیشان دەداین کە وەک ئەوە وابوو کەشتیەک بێت‌و بەرەو کەنارێکی نادیارمان بەرێت، چونکە کولتووری سیاسی‌و حیزبی لەکۆمەڵگای ئێمەدا زۆر لەپانتایی خواستی چەند رۆشنبیرو سیاسەتمەدارێک فراوانترە. فراوانی ئەم کولتوورە هەمیشە دەمانخاتە بەر مەترسی دووبارەکردنەوەی هەڵەوە، بۆیە گۆڕان دەبێت ببێتە تەوژمێک بۆ گۆڕین تەوژمێک بێت بۆ قازانجی گۆڕینی ئەو کولتوورە پاسیڤە بەرەو ئەکتیڤ، لەبێ بەرهەمیەوە بۆ بڕشت ئاراستەبکرێت‌و خواستی گۆڕین لەم چوارچێوەیەدا تیۆریزەو پراکتیزە بکرێت.

ئەو کولتوورو سیستمەی نەوت دەکاتە تاکە سەرچاوەی داهات‌و خێڵ دەکاتە تاکە پاترۆنی رێکخستنی کۆمەڵایەتی‌و پەیوەندی خوێن دەکاتە تاکەهەژموونی سیاسی‌و سیخوڕیی دەکاتە تاکە سەرچاوەی دەستکەوتنی زانیاری‌و سیمبوڵی کارتۆنی دەکاتە تاکە سەرچاوەی دەروون ئارامی سیاسی دەبێت بگۆڕدرێت، دواجار لەم پێگەیەوە خواستی گۆڕین لەڕەوتی گۆڕان جیادەبێتەوەو وەرچەرخان دروست دەکات. گۆڕین دەبێت کولتووری سیاسی‌و حیزبایەتیش بگۆڕێت‌و نەریتی تەحەزب بەرەو تەحەزبی بەرنامەیی‌و تەحەزبی فیکری بەرێت، نەک تەحەزبی خوێن‌و شوێنکەوتنی کوێرانە. دەبێت لەپاش گۆڕین پارت‌و گرۆ سیاسییەکان ناچاربن بگەڕێنەوە بۆ ناوخەڵک‌و لەوێوە گەشەبکەن‌و متمانە وەرگرنەوە. خواستەکان بۆ گۆڕان زۆرن، خواست لەسەر ئاستی جەماوەری کە داوای دادوەریی‌و یەکسانی دەکات، خواست لەسەر ئاستی دەستەبژێرەکان کەداوای فرەڕایی‌و خوێندنەوەی بیروبۆچوونی جیاوازو ئازادی‌و بەشداری دەکات، خواست لەسەر ئاستی ئینتالیجینسیا «رۆشنبیری بگۆڕ» داوای تیۆریزەی جیاوازو سیستمێکی دیکە دەکات کەهەریەکەو لەناخی خۆیدا پڕۆژەیەکی پێیە. ئەم هەموو خواست‌و داواکاریەش سەراپا دەچنەوە خانەی جۆربەجۆرو دابەشبوونی دیکەیان هەیە، گەر بەتەنیا جەماوەر وەربگرین پڕە لە پیشەگەریی جیاوازو هەرەیەکە خواستێکی بۆ گۆڕان هەیە. ئەوەی ئەم هەموو جیاوازی‌و دوودڵیە چارەسەر دەکات حەکیمی ئەو ڕابەرایەتیەیە کە دەتوانێت کولتوورو فەزای سیاسی بگۆڕێت‌و ئیدی خەڵک بەپێی هاوکێشەی جودا لەهاوکێشەی باو، بەپێی هاوکێشە زانستیەکانی ململانێی مەدەنی مامەڵە لەگەڵ گۆڕان‌و گۆڕانکاریدا بکەن. گفتوگۆو باس‌و خوازو رەخنە کەرەستەی خاوو سەرەتایی کاری سیاسی‌و مەدەنی‌و کۆمەڵایەتیە، بەڵام لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئەم کەرەستەیە بۆماوەیەکی بەرچاو مایە پووچ بووبوو، بزووتنەوەی جەماوەری گۆڕان بەهایەکی بۆ ئەم کەرەستەیە درووستکردووەتەوە. لەڕووی سیاسیەوە دەبێت بەشێوەیەک فۆرمیولەبکرێتەوە کەبەهای کاری سیاسی بگاتەوە ئاستی پێویست‌و بەرزتر.

ڕابەرایەتیەک دەتوانێت ئەم قەیرانانە چارەسەر بکات، کەسەرچاوەکانی داهات فراواندەکات‌و خەڵک لەحیزبەوە دەگێڕێتەوە بۆ بازاڕ، ڕێبەرایەتییەکە کەدەتوانێت بەهۆی سیستمی نوێی ئابووری‌و تەکنیکەکانیەوە لەمۆتەکەی خێڵ‌و پەیوەندی خوێن ڕزگاری ببێت‌و جەماوەر بگەیەنێتە ئاستی پەیوەندیە مەدەنی‌و یاساییەکان، ڕێبەرایەتیەکە کەدەتوانێت دەروون ئارامی سیاسی ببەستێتەوە بەسیستمی سیاسییەوە نەک بەتاکە کەس‌و فریادڕەسی دەستەوتاقمە پاڵەوانەکانەوە، چونکە ئەم نەریتەیە پاڵەوانی کارتۆنی دروست دەکات‌و ئەو پاڵەوانە وێنا دەکات کە دەتوانێت دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بکات‌و هەمیشەش هەنگاوەنگاوەکانی دەچنەوە خزمەت دوژمن، هەمیشە ئەم پاڵەوانە دەتوانێت هەمووشتێک بۆ میللەتەکەی بکات‌و بەپێچەوانەوە نەک میللەتەکەی، بەڵکو جەماوەرە نزیکەکەی خۆشی بەردەوام ژیانیان خراپ دەبێت.

# حیزبی کوردیو کلتووری بەناکاوکردنی دیموکراسی

دیموکراسی بۆ حیزبی کوردی چەمک نییە، بەڵکو ستراتیژێکە بۆ یاساییکردنی کوشتنی بینینی نوێو کەرەسەیەکە بۆ ڕێگەگرتن لە گۆڕان. دیموکراسییەت تەنیا لە دۆخی ناوێزەدا ڕێگا بە دۆخی ناکاو دەدات، بەڵام سیاسەتی کوردی خودی دیموکراسییەتی کردووە بە دۆخێکی ناکاو، بۆئەوەی بڕیاری ناوێزە دەربکات. بەناکاوکردنی دیموکراسییەت داهێنانێکی سیاسەتی کوردی نییە، بەڵام تایبەتمەندێتی کوردییانەی خۆی هەیە، چونکە لە کوردستاندا دیموکراسی سیستم نییە، بەڵکو دۆخێکە، دۆخێک کە دەشێت تاکو گروپەکان هەیانبێت، بەڵام هەموو کاتێکیش ئەگەری لێسەندنەوەیان هەبێت. تێپەڕاندنی دوارەشنووسی دەستووری هەرێمو ڕێگەنەدان بە گفتوگۆکردنی لەلایەن ڕای گشتیو پسپۆڕانو ئەو پەرلەمانتارانەی کە ڕەخنەو تێبینی یاساییو سیاسییان لەسەر ناوەرۆکو فۆرمی تێپەڕاندنی ئەو ڕەشنووسە هەبووو خستنەدەنگدانی بەو شێوە نائاساییە، بەرجەستەکەری ئەم دۆخە ناکاوەیە کە حیزب لە کوردستاندا تیای دەژیو ئەم سیستمە کلیپتۆکراتییەشی بەناوی دیموکراسییەوە هەندەسەی بۆداناوە.

دۆخــی نـاکـاوی سـیـاسـی واتـە ڕاگرتنی بزاوتو هاتوچۆو پەیوەندی کۆمەڵایەتی لـەلایـەک، بـچـڕان یان دابڕانی پەیوەندی لەنێوان کۆمەڵگاو دەوڵەت یان سیاسەت لەلایەکی ترەوە. یاساناسی کۆنزەرڤاتیڤی ئەڵمانیو دوژمنی سیستمی پەرلەمانتاری، کارل شمید، دەڵێت: "ئەو کەسە سـەروەرە کە دەسەڵاتی ناکاو بەرهەمدەهێنێت". دژایەتیکردنی سیستمی پەرلەمەنتاری دیـاردەیـەکـی نـوێ نییە لە مێژووی حکومڕانی سیاسی. مەرجێکی سەرەکی ئەم دژایەتیکردنەی دیموکراسی بریتییە لە کارکردن لەسەر سەروەرێتی بەسەر دۆخی ناکاودا (حاڵەتی طوارئ). دۆخی ناکاوی سیاسی تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو چەشنی سـەروەرێـتـی تیایدا گۆڕانی قووڵی بەسەردا دێت. لە دۆخی ناکاودا سەروەرێتی دەستوور یان یاسا لەکاردەخرێتو سەروەرێتی لەلایەن ئەو هێزە یان ئەو کەسەی کە دۆخی نائاسایی یان ناکاوی بەرهەمهێناوە، دەگـیـرێـتـەدەسـت. ئـەو هـێـزەی کە دۆخی ناکاو بەرهەمدەهێنێت هەموو دەسەڵاتەکانی تر بەناوی پاراستنی بەرژەوەندیی باڵاوە لەکاردەخات یان سـڕدەکـات. دەسـەڵاتـی حیزبۆکراتی کـــوردی تـرسـی لـەدەسـتچـوونـی سـەروەرێـتـیو شەرعییەتی سیاسی هەیە. ئەم ترسەش هێندە قووڵە کە دەکـرێـت وەک هـۆکـارو پاڵنەرێکی سەرەکی دەرکردنی لەناکاوی دەستوور بـخـوێـنـیـنـەوەو لـەلایـەکـی دیـکـەوە دەستکاریکردنی نهێنییانەی سیستمی پەرلەمانتاریو کردنی بە سیستمێکی سەرۆکایەتی وەک قەڵغانێک بەرامبەر بە سیستمی پەرلەمانتاری لەقەڵەم بدەین. کاتێک دەڵێم ئەمە دۆخی ناکاوە مەبەستم فۆرمە سیاسییو ڕەهەندە یاساییەکەی مامەڵەی حیزبە لەگەڵ دەستوورو پاشانیش ئەو سەنگەرە گەورانەیە، کە لەناو دەستووری نوێدا بەرامبەر بە دیموکراسی دروستکراوە.

دیـاره تێپەڕاندنی دەستوور بەم فۆرمە ناکاوە، داهێنانێکی تازە نییە لە مۆدێلی "دیموکراسییەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستییانە" بۆ مومارەسەکردنی سیاسەت، کە پەیامەکەی دەکرێت لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا فۆرمولەبکەین: چـۆن دەتـوانـیـن لـەڕێـگـای دەزگـا دیموکراسییەکانەوە وەک دەزگـای پەرلەمان، بەر لە گۆڕانی دیموکراسی بگرین؟ چۆن دەتوانین دیموکراسیو دوخی ناکاو لەگەڵ یەک تەبابکەین؟ چۆن دەتوانین دیموکراسی بکەین بە شانۆگەرییەکی سیناریۆ پێشوەخت بۆ دانـراو؟ تێپەڕاندنی دەستووریش بـەم سیاسەتە کتوپڕو ناکاوییە، سـەرەتـای دەستپێکردنی ناکاوێتی گەورەی سیاسیی دیکەیە لە سیستمی هـەڵـسـوکـەوتـی تەعەسوفییانەی حیزبایەتی کوردستان بەرامبەر ئیرادەی گشتیو هەڵسوکەوتی کۆمیدییانە لەگەڵ یاساو تڕۆکردنی بەهاکانی. ئەم دۆخە لە دۆخی ئامادەباشی بۆ جەنگێک دەچێت کە هێشتا دەستپێنەکردووە.

دۆخی ناکاو (حاڵەتی طوارئ) مانای گەڕانەوەی سیاسەتە بۆ ناو لوولەی تفەنگو بێدەنگکردنو کوشتنی ئیرادەی ئـازادیـی. سەپاندنی ئـەم فۆرمە لە دۆخی ناکاو مانای سەندنەوەی هەموو سەروەرییەکە لە گەلو دانی بە سەرۆکو دارودەسـتـەکـەی. سـەرۆک کاتێک دەتوانێت سەروەرێکی ڕاستەقینەی دیموکراسی بێت کە ڕێز لە سەروەرێتیی کۆمەڵگاکەی بگرێتو جاڕدەری باری نائاسایی نەبێت، بەڵکو ئەمە بەتاکو تەنیا لەژێر دەسەڵاتی پەرلەماندا بمێنێتەوە. ئەم بێڕێزییە بەرامبەر بە ئیرادەی گشتی گەڕانەوەی سیاسەتە بۆ ناو بارەگاکانی حیزبو سـەربـازگـەکـان. سیاسەتی ژووری تاریک تەنیا سیاسەتێکە کە لەتاریکیدا لەدایکدەبێتو بەتاریکی ئیشدەکاتو بەتاریکیش دەمـرێـت. سیاسەتی ناکاو سیاسەتێکی تاریکە، کەس نازانێت لە چرکەساتی داهاتوودا چ موفاجەئەیەکی ترسناکی دیکەی پێیە، چیدەکاتو پلانی داهاتووی چییە. سیاسەتی ئەم حکومەتو پەرلەمانە لە جەنگێک دەچێت کە حیزب بەرامبەر بە کۆمەڵگا بەرپایکردبێت، جەنگێک کـە هێشتا لـەڕووی سەربازییەوە ڕاینەگەیاندووەو جاڕی بۆ نـەداوە، جەنگێک کە قارەمانەکانی ناتوانن بچنە ناو خەڵک، بەڵکو لەسەنگەردان بەرامبەر بە ئیرادەی گۆڕان. دەستوور دواپشتوپەنای حیزبە بۆ بردنەوەی ئەو شـەڕەو پەرلەمانیش دوا قەڵایە کە بەدەستیانەوەیە، دوا سەربازگەیە کـە حـیـزب خـۆی تیا مـەڵاسـداوەو لەوێشەوە دوافیشەکی خۆی دەتەقێنێت. لەدێرزەمانەوە توێژەرەوەی گەورەی ئەڵمانی (کـلاوزەڤـیـتـزە)ی جەنگی بە درێـژبـووەوەی سیاسەت بەرێگاو کەرەسەی دیکە پێناسکردوە. بەڵام ئەمەی ئێستا لە کوردستاندا دەیبینینو گوێمان لێدەبێت، هەڵگێڕانەوەی ئەم هاوکێشەیەیە. لە ئێستادا دەبێت بەزمانی (فوکۆ)ی فەیلەسوف قسەبکەینو بڵێین: سیاسەت درێژکراوەی جەنگە بە کەرەسەو فۆرمی دیکە. ئەم جەنگە کە ئێستا ئەم دەسەڵاتە خستوویەتەوە، جەنگی ناو سەنگەرەکان نییە، بەڵکو جەنگی تاکە سەنگەری دەسەڵاتە کە لە پەرلەماندا بەرجەستەدەبێتو ئەندامانی حیزبو سەرۆکەکانیان خۆیان تێدا مەڵاسداوە بەرامبەر بە پرۆسەیەکی دیموکراسی کە ئەگەری دۆڕانی خۆیانی تێدادەبیننەوە، لەحاڵەتی ئامادەباشیدان. ئەم دەستوورە دوا فیشەکە کە دەسەڵاتدارێتی ئەمارەتی حیزبی دەینێت بە سنگی دیموکراسییەوە. تێپەڕاندنی ئـەم دەسـتـووره مانای گواستنەوەی سەنگەرەکانە بۆ ناو یاسایەک کە زەمانەتی بەردەوامێتی دەدات بە فەرمانڕەوایەتی جووتحیزبیو ڕێگا لە هەموو پلورالیزمو گۆڕانێکی ڕاستەقینەدەگرێت، کە کۆمەڵگای ئێمە ئەمڕۆ لەڕێگای هەڵبژاردنەوە ئیرادەی دروستکردنی هەیە. حیزبی کوردی ئەمڕۆ لە خراپترین هەلومەرجی شەڕدایە لەگەڵ کۆمەڵگا. هەموو دەسەڵاتێکی نادیموکراسیش کاتێک ئەگەری دۆڕانی لە ئەگەری بردنەوەی زۆرتر بێت، دۆخی ناکاو بەرهەمدەهێنێت. سەرباز دەخاتە سـەر شەقامەکانو ڕێگای هاتوچۆ دادەخاتو کۆنترۆڵی چالاکییەکان دەکات، دەنگدەکرێت، خەلک چاوترسێندەکات، نانیاندەبڕێت...هتد. دیاره باری نائاسایی بەمانا سەربازییەکەی ڕوویـنـەداوە، بـەڵام من هیچ جیاوازییەک لەنێوان سەربازێک کە لوولەی تفەنگەکەی ئاراستەی خەڵکی مـەدەنـی دەکـات، چونکە فەرمانی سەرۆکی پێیە، لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارانەدا نابینمەوە کە بە فەرمانی حیزبو سەرۆکەکانیان بەڵێ بۆ دەستوورێک دەدەن کە سنوورەکانی ئـازادی خـۆیـان کـەمـدەکـاتـەوەو هـی سـەرۆک گـەورەتـردەکـات. ئەم دەسـتـووره وێـنـەی پەرلەمانێکی مەدەنیمان بۆ نمایشناکات، بەڵکو وێنەی پاسەوانێکمان بۆ نمایشدەکات، لەبری دەستوور کەلەپچەی بەدەستەوە بێت، وێنەی حکومەتێکمان بۆ نمایشدەکات، لـەبـری قـەڵـەم دەمـانـچـەی پێبێت. ناشرینترین وێنەش کە دەستوورێک نمایشی خۆی پێبکات، تێکەڵاوبوونی وێنەکەیەتی لەنێوان دەمانچەیەکو دەقـێـکـی نـووسـراو، گـۆڕانـێـتـی لە کەرەسەیەک کە جەنگی پێدەکرێت بۆ کەرەسەیەک کە ئازادی پێبکوژرێتو دیموکراسی پێ کەلەپچەبکەیت. دۆخی ناکاو (حاڵەتی طوارئ) مانای داخستنی هەموو بەشداربوونێکی ڕاستەقینەیە لە نەخشاندنی سیاسەت، ئەم دەستوورەش کە بەبێ هیچ بەشداربوونێکی ڕاستەقینەی خەڵکو پسپۆڕان تەقێندرا، لوغمی گەورەیان خستە ناوییەوە، کە لەداهاتوودا هەڵگرتنەوەیان ئاسان نییە. خەریتەی ئەو لوغمانە تاوەکو چرکەساتەکانی لەدایکبوونی دیار نەبوو، بۆ نموونە دەستکاریکردنی زیاتری دەستوور پێش چەند سەعاتێک لە دەنگدان، بۆ دڵڕاگرتنی هێزە ئایینییەکانو هەندێک وردە حیزبی دیکە لەپێناوی دەنگکڕینیان بۆ دەستوور. ئەم کردانە مانای ئامادەبوونی هەردوو حیزبەکە دەگەیەنێت بۆ دروستکردنی پاکت تەنانەت لـەگـەڵ شەیتانیش، بە مەرجی بـردنـەوەی ئـەو جەنگەی کە بەرپایانکردووە. تێپەڕاندنی ئەم دەستوورە لە پەرلەمان گەواهی ئەو تێزەی (کلاوزەڤیتزە) کە دەڵێت: فێڵ لە جەنگدا یەکێکە لە تاکتیکە کاریگەرەکانی وەلاداخستنی دەرئەنجامی جەنگ بەلای خۆدا. بیرمان نەچێت مێژووی جەنگ لە کوردستان درێـژتـریـن مێژووی نووسراوو نەنووسراوی هەیە. کۆمەڵگای کوردستانیش تیایدا هەمیشە لە حاڵەتی ناکاودا بووە، لە حاڵەتی باری نائاسایی ئەو جەنگانە بوو کە حیزب دەیگێڕا، ئەوسا چ لەگەڵ دوژمنی دەرەکی بووبێت یان حیزبە جەنگاوەرەکان دژ بەیەکتر گێڕابیتیان لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا. حیزبەکان جەنگێکی تەمەندرێژیان پێکەوە بـەسـەربـردو ئەزموونێکی درێـژی سەپاندنی دۆخی ناکاویشیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. دیارترینیان نموونەی هێنانی سەربازی دەوڵەتە "دراوسێکان" بوو بۆسەریەکتری، کاتێک کە دەکەوتنە دۆخی تەنگاوو ناکاوەوە. هێنانی سەربازەکانی سەدامو ئێرانو تورکیا چەند نموونەیەکن کە مێژووی ناشرینی دۆخی ناکاومان یاددەهێنێتەوە، مێژوویەک کە دیاریی "باری نائاسایی" حیزبەکانمان بوو بۆ کۆمەڵگای کوردستانو خەلکیش باجەکەی دەدا. هەر بەم بۆنەیەوە جارێکی دی بۆ بیرهێنانەوە لە دەستووری نوێی هەردوو حیزبەکە هاتووە: سەرۆک دەسەڵاتی دەرکردنی جاڕدانی باری نائاسایی هەرێمی هەیە. ئەوەی تاوەکو ئەمڕۆ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە سیستمی عەقلیی حیزبییانەیە بۆ تێگەشتن لە چەمکی سیاسەتو یاساو دەستوور. سیستمێک کە هەمیشە لەدۆخی بوومەلەرزەیدایەو دۆخی ناکاوو باری نائاسایی بەرهەمدەهێنێت بۆ دووبارەبەرهەمهێنانەوەی خۆی. لـەمـڕۆشـدا، پـاش ئـەوەی دوژمـنـە دەرەکییەکانیان نـەمـاونو پێکەوە دەسەڵاتدارێتییەکی کلیپتۆکراتییانەیان دروسـتـکـردووە، پرسەکە ئـەوەیـە: ئەمجارە پێکەوە چ هێزێک دەهێننە سەر کۆمەڵگاو پرۆسەی گۆڕان؟ بەچ شێوەیەک بـاری نائاسایی دیکەمان بۆبەرهەمدەهێنن؟ سەرەتای ئەم قۆناغە ناکاوەش بە تێپەڕاندنی ڕەشنووسی دەسـتـوورەکـەیـانو ڕەشسووتانی گۆڤاری لڤین دەستپێکرد. دەستوورێک کە بە خنکاندنی پەرلەمەنتاریزمو دروستکردنی سیستمێکی سەرۆکایەتیی ترسناک کۆتایی دێـت، سیستمێک کە تیایدا سـەرۆک مافی جاڕدانی باری نائاسایی هەیە.

سیاسەتی ئەم حکومەتو پەرلەمانە لە جەنگێک دەچێت کە حیزب بەرامبەر بە کۆمەڵگا بەرپایکردبێت، جەنگێک کە هێشتا لەڕووی سەربازییەوە ڕاینەگەیاندووەو جاڕی بۆ نەداوە، جەنگێک کە قارەمانەکانی ناتوانن بچنە ناو خەڵک، بەڵکو لەسەنگەردان بەرامبەر بە ئیرادەی گۆڕان. دەستوور دواپشتوپەنای حیزبە بۆ بردنەوەی ئەو شەڕەو پەرلەمانیش دوا قەلایە کە بەدەستیانەوەیە، دوا سەربازگەیە کە حیزب خۆی تیا مەڵاسداوەو لەوێشەوە دوافیشەکی خۆی دەتەقێنێت

دەسەڵاتی حیزبۆکراتی کوردی ترسی لەدەستچوونی سەروەرێتیو شەرعییەتی سیاسی هەیە. ئەم ترسەش هێندە قووڵە کە دەکرێت وەک هۆکارو پاڵنەرێکی سەرەکی دەرکردنی لەناکاوی دەستوور بخوێنینەوەو لەلایەکی دیکەوە دەستکاریکردنی نهێنییانەی سیستمی پەرلەمانتاریو کردنی بە سیستمێکی سەرۆکایەتی وەک قەڵغانێک بەرامبەر بە سیستمی پەرلەمانتاری لەقەڵەم بدەین

# زانكۆو پەیمانگاكانی هەرێمی كوردستان ڕێژەی بێكاریی زیاددەكەن



**م. جەبار جەلال فەقێ**

وەزارەتـــی خوێندنی بـــاڵاو توێژینەوەی زانستی، لەشەوی ٢٤-٢٠٠٩/٦/٢٥ دا تازەترین ئاماری كارەكانی خۆی لە كەناڵی ئاسمانی (كوردستان TV)یـــەوە بـــڵاوكـــردەوە، ئەوەی كە زیاتر سەرنجی منی ڕاكێشا ئەوەبوو، كە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ نزیكەی (١٩٠٠٠)خوێندكاری ئامادەییان وەرگرتووەو كۆی گشتیی هەموو خوێندكارانی ئێستای خوێندنی باڵا بە هەمووقۆناغە جیاجیاكانییەوە دەكاتە (٨٣٠٠٠) هەشتاوسێهەزار خوێندكار، جگە لەمەش ئامارەكە وای پیشاندا كە ئێستا (٧)زانكۆی حوكمی‌و ئەهلی لەگەڵ(٢٣)پەیمانگاو كۆلیجی تەكنیكی لـەم هـەرێـمـەدا هـەن كە دانیشتووانەكەی سێ ملیۆن كەسە، ئەم ئامارە لە لایەكەوە دڵخۆشمان دەكـــات‌و لەلایەكی دیكەشەوە چەندین پرسیارمان لادروستدەكات.

بەم ئامارەدا دەردەكەوێت نزیكەی(٢٠٧٥٠) كەس ساڵانە بڕوانامەی بەرزی ئەكادیمی جیاجیا بەدەستدەهێنن،

واتە لە ساڵانی(٢٠٠٤-٢٠٠٥) كە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیـران دامەزراندنی مەركەزی بەگشتی ڕاگیرا تاكو ساڵی ٢٠٠٩ نزیكەی (١٠٤٠٠٠) سەدوچوارهەزار دەرچوومان هەیە كە كەڵەكەبوون بەسەریەكداو بێكار فرێدراونەتە سەرشەقامەكان.

پرسیاری سـەرەكـی ئـەوەیـە، ئایا ئەم هەرێمە بەو سەرنشینە كەمەی كە لەسەرەوە ئاماژەمانپێكرد، لەگەڵئەوەشدا كە زۆر ئاشكرایە نزیكەی(٢٥-٣٠٪) لەوانەیە زۆر زیاتریش بێت لەدانیشتووان تائێستاش نەخوێندەوارن، كەواتە ئەگەر بەڕێژەش وەریگرین ئێمە پێویستیمان بەو ژمارەزۆرە لەدەرچوانی ئاستی بەرز هەیە كە هاوكات نە حوكمەت‌و نە كەرتی كاراو بەهێزی تایبەتیش بتوانێت سوود لەم سامانە وەرگرێت؟

نایەكسانی، یان بەلایەنی كەمەوە نزیك نەبوونەوەی ئـەو دووهاوكێشەسەرەكییە لەیەكتری واتە(ڕێژەی دەرچوان‌و هەلی كار، یان باشترە بڵێین بەگەڕخستنیان لە بازاڕی كاردا) چەندین دەرئەنجامی خراپمان پیشاندەدات كە هەرەگرنگەكانیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا تیشكیان دەخەمەسەر.

١-نەبوونی هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ڕێـژەی پێداویستیی بازاڕەكانی هێزی كارو جۆری پسپۆڕییەكانیان لەلایەك، لە لایەكی دیكەشەوە نەبوونی پلان لەگەڵ هەمووسەكتەرە جیاجیاكانی دیكەی پێكهاتەی جەستەی سەرجەم دەمودەزگاكانی دیكەدا، كە ئەمەش بەتەواوەتی پێچەوانەی هەموو ستانداردە جیهانییەكانە كە دەبێت هەمیشە پردێكی پەیوەندی بەهێز لەبەینی هێزی كارو ڕێژەی بێكاریدا وەكو دوودیوی پەیوەست بەیەكی یەكجۆر دراودا هەبێت، ئەم پردەش هەموو سەكتەرە گشتی‌و تایبەتییەكان‌و كۆمپانیای بچوك‌و گەورەو بەهەمئاهەنگییەكی بەردەوام بەیەكەوە دەبەستێتەوە، هەرچەندە بەداخەوە كەرتی تایبەت هێندە بێخزمەت‌و پشتگوێخراوە كە نەتوانێت بەرپرسانە ڕۆڵی كـاریـگـەری خـۆی ببینێت، ئـــەوەش لەبەر پاوانكردنیان لەلایەن كەسانی نابەرپرسەوە بەرامبەر بە ئەركی نیشتمانی‌و قۆستنەوەی بـارودۆخـی ناسروشتی ئـەم هەرێمە، یان خەمساردیی‌و بێبایخی لەلایەن حكومەتەوە تووشی شەلەل بووە.

بەڕاستی هیچ لێكۆڵەرێك ناتوانێت تێبگات كە سیستمی ستراتیژی خوێندنی ئەم هەرێمە چییە؟ ئایا بەرهەمهێنانی ئەم هەموو بڕوانامانە مەبەستەكەی تەنیا بێدەنگكردن‌و خەڵافاندن‌و درێژەپێدانی قەیرانی بێكاریی كۆمەڵگایەو بەهەدەردانی ئەو هەمووپارەیەیە كە دەبێت بۆ بەرهەمی هەنووكەی ئێستای كوردستان كە زۆر پێویستە بەكاریبهێنین، یان ڕۆشتنە دەرەوەی ئەو هەموو دەرچوە بۆ وڵاتانی دەرەوە، كە لە بێكاریی‌و ناچارییدا گەنجە ئەكادیمییەكانمان سەری خۆیان هەڵدەگرن بەرەو وڵاتانی دیكە، كە دەبێتەهۆی بەفیڕۆدانی ئابووریی گیرفانی خۆیان‌و خانەوادەكەیان‌و لەدەستدانی ئەو هەموو شەونخونییەیان.

٢-زیادبوونی بێهیوایی خوێندكاران بە پاشەڕۆژی خویان‌و بێنرخ‌و بێبەهاكردنی سەرجەم پروسەی خوێندن‌و نزمبوونەوەی ئاستی زانست‌و زیادبوونی گەندەڵیی زانستی‌و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ساختە، كە مەترسیدارترین ئامرازەكانی بەدەستهێنانی پۆستی ساختەیە، بەتایبەتی لەكۆمەڵگایەكدا كە لێپرسینەوەو لێپێچینەوە لە قامووسی فەرهەنگەكەیدا تەنیا بۆ ئینسانە بێهێزو بێپشتەكانە.

٣-لاوازیـــی ئاستی بابەتەكانی خوێندن‌و نەبوونی هیچ پەیوەندییەكی بەسوود لەنێوان ئەو كۆرس‌و بابەتەزانستی‌و ئەدەبییانەی كە خوێندكاران لە ماوەی (٢-٤)ساڵی خوێندندا دەیخوێنن لەگەڵ بازاڕی كاردا، بۆئەوەی هیچ نەبێت بەشێك لەو دەرچوانە بتتوانن سوود لەو زانستانە وەرگرن‌و پراكتیزەی بكەن لە بازاڕی كاردا وەك دەستپێكێكی كاركردنی سەربەخۆ بەخۆیان‌و پەیداكردنی سەرچاوەیەكی دارایی سەربەخۆ، كە ئەمەش زۆرگرنگ‌و پێویستە بۆ چڕكردنەوەو بەهێزكردنی ژێرخانی كارو ئابووری هەرێمی‌و گلوباڵی.

٤- لەبەرنەبوونی هیچ سەنتەرێكی تۆمارگای كـارای كاری حكومی، یان ئەهلی پالپشت (Centers Job Regestration) كە لەهەموو وڵاتانی جیهاندا هەیە بۆكۆكردنەوەو تۆماركردنی هێزی كارو بەرزكردنەوەی ئاستی توانستی‌و كردنەوەی كۆرسی فێربوونی پیشەیی خێراو بەگەڕخستنیان‌و ئاشناكردنیان بە بازاڕی كارو چۆنێتی سوودوەرگرتن لەو زانستانەی كە بڕوانامەیان لەسەرهێناوە، هەروەها بڕینەوەی بیمەی بێكاریی بۆ ئەو كەسانەی كە لە ئامادەكردن‌و ڕاهێناندان تا كاری هەمیشەیی‌و ڕاستەقینەیان بۆ دەدۆزرێتەوە، جا چ لە ڕێگای ڕاستەوخۆی خۆیانەوە بێت، یان لە ڕێگای سەنتەری كارەكانەوە بێت. بەمەش دەتوانرێت ڕێگە لە بێكاریی‌و كۆچكردنی ئەو سامانە مرۆییە نەتەوەییە بگیرێت.

دەرئـەنـجـام دەتـوانـیـن بڵێین پـێـوەری پێشكەوتن‌و بەرزیی‌و خۆشگوزەرانی خەڵك‌و پێشكەوتنی وڵات‌و كۆمەڵگا بەزیادكرنی بێ پلانی زانكۆو كۆلێژو پەیمانگاو بەشەكان نییە، بەڵكوپلانی سەرەكیمان دەبێت كەمكردنەوەی ڕێژەی بێكاریی‌و زیادكردنی هەلی ڕاستەقینەی كارو زیادكردن‌و كردنەوەی كارگەی گەورەی بەرهەمهێنان‌و بووژاندنەوەی كەرتی زۆر ستراتیژیی كە كشتوكاڵە، هەروەها بەرهەمهێنان‌و دابینكردنی خۆراكی خۆماڵی‌و بایەخی زۆردانە بەئامادەكردنی كادیری ناوەندی‌و پیشەیی شـــارەزایـــە((Vocational Education Training كە بتوانێت بەكورتترین كاتی خوێندن‌و كەمترین خەرجی بڕوانامەیەك بەدەستبهێنێت، كە گونجاو بێت لەگەڵ خواست‌و ئاست‌و پێشكەوتنی ئێستای كوردستاندا كە لە هەموو كاتێكی دیكە زیاتر پێویستیمان پێیەتی، هەروەها پشتگیری‌و خزمەتكردنی ئەو كەسانەی كە بە خواست‌و توانای خۆیان لێكۆڵینەوەی زانستی باوەڕپێكراوی جیهانی ئەنجامدەدەن، بە مەرجێك لێكۆڵینەوەكانیان سودێكی ڕاستەخۆو بابەتییان هەبێت بە بازاڕی كارو واقیعی كوردستانەوە، نەك تەنیا لێكۆڵینەوەیەكی وەهمی‌و وەرگیراو بێت، یان كۆپیكراو بێت لە ناو ئەرشیفەكاندا تۆزو خۆڵ بیشارێتەوە، تەنیا سوودەكەی گۆڕینی ناونیشانی زانستی كەسێك بێت‌و مووچەكەی بەرزكاتەوە.

لە كۆتاییشدا دەڵێم كە زۆر پێویستە ئەو خوێندكارە ئەكادیمییانە هەر زوو وارابهێنرێن كە كاری ئەوان پاش وەرگرتنی بڕوانامەكانیان لەبەركردنی جلی كاركردنی ڕاستەقینەی بەرهەمهێنان بێت، نەك هەمیشە دانیشتن بەجلی ئاهەنگەوە لەسەرمێزو كورسی، تا نەبنە بێكارێكی شـاراوەی زیانبەخش بە ئابووری نیشتمان‌و وڵات.

Jabar.Jalal@yahoo.com

---

ئەنجومەنی دادوەری　　　بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
سەرۆكایەتی دادگای بەرایی كۆیە
ژمارە ٢١٤/ب/٢٠٠٩
بەروار ٢٠٠٩/٦/٣٠

**ئاگاداری**

داواكار: رینجبەر قباد صابر
داوالێكراو: ڕاستگری تۆمارگە شارستانی لەكۆیە
داواكا (رینجبەر قباد صابر) داوای بەرایی بەژمارەی سەرەوەی لەم دادگایەدا تۆماركردووە لەسەر بەرێوبەرایەتی ڕەگەزنامەو باری شارستانی (كۆیە) وێرای كارەكەی بۆگۆڕینی ناوی لە(ڕێنجبەر) بۆ (ڕەنج) بەپێ ی مادە (٢١) لەیاسای باری شارستانی دادگا بریاریدا بەبڵاوكردنەوەی ئەم ئاگاداریە لەیەكێك لەرۆژنامە رۆژانە ناوخۆییەكانی كەلەهەرێمی كوردستان دەردەچێت هەركەس و لایەنێك مافی ڕێگرتنی هەیە لەم داوایەدا باپەیوەندی بەم دادگایەوە بكات یان بریكارێكی یاسایی لەبری خۆی بنێرێت لەماوەی (١٠) ڕۆژ لەپاش بڵاوكردنەوەی ئەم ئاگاداریە لەرۆژنامە بەپێچەوانەوە ئەم داوایە دەبینرێت بەگوێرەی یاسا.

**دادوەری یەكەم**
**دیار محەمەد علی**

---

حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەكانی سلێمانی
ژمارە/ ٥١٧/ج/٢٠٠٠
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/٢٤

**ئاگاداری**

بۆ تۆمەتباری ڕاكردوو عمر ابوبكر قادر
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بكرێیت بەپێی مادەی (٤٤٤) لە یاسای (سزادان) لەو كێشەی كە تایبەتە بە بنكەی پۆلیسی (ئەزمەڕ) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری كراوات نییە بریارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆیەكاندا ئاگادارت بكەینەوە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٩/١٠) لەبەردەم دادگاكەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیكترین بنكەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم ڕۆژ دا بە پێچەوانەوە دادگای دەكرێت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆكی دادگا**
**سەروەر ضرار رشید**

---

حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەكانی سلێمانی
ژمارە/ ٥٦/ج/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/٢

**ئاگاداری**

بۆ تۆمەتباری ڕاكردوو یحیی خالد محمود
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بكرێیت بەپێی مادەی (٤٥٢) لە یاسای (سزادان) لەو كێشەی كە تایبەتە بە بنكەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری كراوات نییە بریارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆیەكاندا ئاگادارت بكەینەوە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٩/١٤) لەبەردەم دادگاكەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیكترین بنكەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم ڕۆژ دا بە پێچەوانەوە دادگای دەكرێت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆكی دادگا**
**سەروەر ضرار رشید**

---

حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەكانی سلێمانی
ژمارە/ ٦٠٠/ج/٢٠٠٨
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/١٨

**ئاگاداری**

بۆ تۆمەتباری ڕاكردوو شۆڕش محمد مارف
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بكرێیت بەپێی مادەی (٤٤٤) لە یاسای (سزادان) لەو كێشەی كە تایبەتە بە بنكەی پۆلیسی (بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری كراوات نییە بریارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆیەكاندا ئاگادارت بكەینەوە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٩/٩) لەبەردەم دادگاكەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیكترین بنكەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم ڕۆژ دا بە پێچەوانەوە دادگای دەكرێت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆكی دادگا**
**سەروەر ضرار رشید**

---

حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەكانی سلێمانی
ژمارە/ ٥٦٦/ج/٢٠٠٨
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/٢٢

**ئاگاداری**

بۆ تۆمەتباری ڕاكردوو عبدالرحیم كریم قادر طە
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بكرێیت بەپێی مادەی (٨) لە یاسای (جەوازات) لەو كێشەی كە تایبەتە بە بنكەی پۆلیسی (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری كراوات نییە بریارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆیەكاندا ئاگادارت بكەینەوە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٩/٢٨) لەبەردەم دادگاكەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیكترین بنكەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم ڕۆژ دا بە پێچەوانەوە دادگای دەكرێت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆكی دادگا**
**سەروەر ضرار رشید**

---

وەزارەتی داد
دادگای تاوانەكانی سلێمانی
ژمارە/ ٥٦٢/ج/٢٠٠٨
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/٢٢

**ئاگاداری**

بۆ تۆمەتباری ڕاكردوو كریم قادر گە
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بكرێیت بەپێی مادەی (٨) لە یاسای (جەوازات) لەو كێشەی كە تایبەتە بە بنكەی پۆلیسی (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری كراوات نییە بریارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆیەكاندا ئاگادارت بكەینەوە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٩/٢٨) لەبەردەم دادگاكەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیكترین بنكەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم ڕۆژ دا بە پێچەوانەوە دادگای دەكرێت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆكی دادگا**
**سەروەر ضرار رشید**

---

حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەكان لە پارێزگای سلێمانی
ژمارە/ ٤٥٩/ج/٢٠٠٦
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/٢

**ئاگاداری**

بۆ تۆمەتباری ڕاكردوو دلێر اسماعیل رشید
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە ڕۆژی دادگایی كردنت لە ڕێكەوتی ٢٠٠٩/٦/١ سەرەرای ئاگاداركردنەوەت لە ڕۆژنامەكانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە دادگایی كرایت بە «ئامادە نەبوو» بە شێوەی ئاشكرا لە داوای تاوانی ژمارە (٤٥٩/ج/٢٠٠٦)وە بریار درا تاوانبار بكرێیت بە گوێرەی ماددەی ٤٣٠/ف١ لە یاسای سزادان حوكم درا بەسەرتا بە زیندانی كاتی بۆ ماوەی پێنج ساڵ و یەك مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بكەیت بەم دادگایە یان بە نزیكترین بنكەی پۆلیس وە مافی (إعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بە گوێرەی یاسا.

**سەرۆكی دادگا**
**سەروەر ضرار رشید**

---

سەرۆكایەتی ئەنجومەنی دادوەرێتی
سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٢
ژمارە: ٧٧٩/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٧/٥

**ئاگاداری**

داواكار/ فاضل عبداللە رشید
داوا لەسەركراو/ شارا فؤاد عبداللە رشید
بۆ داوا لەسەركراو (شارا فؤاد عبداللە رشید) داواكار بەناوی (فاضل عبداللە رشید) لەم دادگایە داوایەكی لەسەر تۆماركردووی بە ژمارە (٧٧٩/ب/٢٠٠٩) تایبەت بە لابردنی كۆبەش لە مولكی ٤٦/٧٩٠ م١.م.د لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە، ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ئاگاداركردنەوەت لە دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بە مەبەستی ئامادەبونت بۆ دادگایی كردن بۆ ڕۆژی (٢٠٠٩/٨/١٠) بەپێچەوانەوە ئامادە نەبیت دادگا بە غیابی داواكە دەبینێ.

**دادوەر**
**شكر سلطان عدو شاهین**

---

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٤
ژمارە/ ٧٧٦/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/٧

**ئاگاداری**

داواكار/ كمال اسكندر حسێن
بۆ داوا لەسەركراو/ پەری علی غفور كە لەكاتی ئێستادا شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠٠٩/٦/٢٤ بڕیاری لە داوای ژمارە ٧٧٦/ب/٢٠٠٩ دەركردووە بە نائامادەیی بەرامبەرت بە پابەندكردن بە پێدانی بڕی ٢٧٧٦٠٠٠ دوو ملیۆن و حەوت سەدو حەفتاو شەش هەزار دینار بۆ داواكار (كمال اسكندر حسین) لەگەڵ لە ئەستۆگرتنی مەسرەفی داواو ماندوبوونی پارێزەرێتی بڕیارێك بە نائامادەیی دەرچووە بەرامبەرت شیاوی نارەزایی لێگرتن (إعتراض) و تێهەڵچونەوەو پیاچوونەوەیە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت لەكاتی ئێستادا نادیارە دادگا بڕیاری دا بە ئاگاداركردنەوەت بە بڕیاری ئاماژە پێكراو لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی جیاوازەوە بۆ تانەدانت لە بڕیارەكە لە ماوەی یاسایی دا بە پێچەوانەوە پلەی كۆتایی وەردەگرێت بە گوێرەی یاسا.

**دادوەر**
**سالار رئوف محمود**

---

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**كۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com


ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

كارگێڕی‌و ریكلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشكردن:**
كۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەكیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانكۆ ٩٤ نزیك چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر



# سیستمی ئیسفەنجی

سیروان ئەنوەر

**جیاوازی نێوان حیزب‌و بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەیە کە حیزب دەیەوێت هەموو خەڵک بێنێتە ژێر خێمەکەی خۆیەوەو بە ڕەنگێک‌و لەژێر ناوێک پێناسەو ڕەنگیان بکات، بەڵام ئیشی گۆڕان ئەوەیە ڕزگاریان بکات لە ژیان‌و ڕەنگی ژێر خێمە، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەریەکێکمان ئەوەیە ئەو وێنەیە بدەینە دەرەوەی خۆمان وێنەیەک کە هەموو مەدلولەکانی گۆڕان بگرێتەخۆی، وێنەیەک کەهەموو چین‌و توێژێک بەشێوەیەک خۆی تێدا ببینێتەوە، لە ڕاستڕەوێکەوە تا ئەوپەڕی چەپڕەو لە ئەیسیەیستێکەوە (atheist) تا دینیەکی قووڵ. گۆڕان دەبێت ئەو باخچەیەبێت کە جێی پەپولەو شێری تێدا ببێتەوە، ئەگەرنا ئەوا ئێمە بەهەمان تولە ڕێی پێشوودا دەگوزەرێین**

جیاوازییەکی جەوهەری‌و قووڵ هەیە لەنێوان ڕاپەڕینی (١٩٩١)و ئەم ڕاپەڕینەی لە ئێستادا هەیە، جیاوازیی سیاسی‌و ئەخلاقی‌و جیهانبینی‌و ئیدارِیی‌و تارادەیەکیش کلتووری، خـالـە هـاوبـەشـەکـان زۆر کەمن وەک نەتەوەو جوگرافیا دەنا کۆی زهنییەت‌و پێرسپێکتڤ‌و فەرهەنگی ئێمە بە بـەراورد لەگەڵ ڕاپەڕینی (١٩٩١) هێندەی دیواری چین بەرینە، ئەو ئەتمۆسفیرەی لەساڵی (١٩٩١)دا هەبوو هیچی لەو ئەتمۆسفیرە ناچێت کە لەئێستادا ئامادەیە، ئەوکات ئێمە تارگێتێکمان هەبوو ئەویش لەناوبردن‌و وەدەرنانی حیزبی بەعس بوو، حیزبێک کە کۆی ژیانی ئێمەی خستبووە مەترسییەوە وەک نەتەوە وەک کیان وەک بوون، بەڵام لەئێستادا زۆربەی ئەم مەترسیانە غائیبن، ئەگەر ئەوسا دوژمنێک لە ساحەکەدا هەبووبێت، ئەوا لەئێستادا ئێمە لەگەڵ دۆستەکانمان کێشەمان هەیە، لەماڵەوە ناکۆکین لەسەر شەقامێک پیاسەدەکەین‌و ڕیتمی هەنگاوەکانمان نێوان دژن‌و خێسە لەیەک دەکەن.

گەر لە ڕاپەڕینی (١٩٩١) جەختمان لەسەر چەک دەکـردەوە جەستەیەک هـەبـوو کـە دەبـوو لـە ماڵەکەمان وەدەریـانـنـێـیـن، ئـەوا لەئێستادا دەبێت جەخت لەسەر قەڵەم‌و فیکر بکەینەوە، دەبێت لەگەڵ دۆستەکانمان دیبەیتبکەین‌و داوەتـیـانـ بکەین بۆماڵەکانمان، ئێمە وەک ساڵی (١٩٩١) نامانەوێت، تەقە لە دوژمنەکانمان بکەین، بەڵکو دەمانەوێت دۆستەکانمان بگۆڕین، ئەم ڕاپەڕینەی ئێستا دە هێندەی ڕاپەڕینی (١٩٩١) ئەستەم‌و قورسە، هەمووان دەزانین شەڕکردن زۆر ئـاسـانـتـرە لـە ئـاشـتـی، گەر شەڕکردن حەماسی بوێت ئەوا ئاشتی عەقڵ‌و ئیرادەی دەوێت، گەر شەڕکردن تەنیا لەسەر دەستی جەنگاوەرەکان بکرێت، ئـەوا گـۆڕان دەبێت لەسەر دەسـتـی ڕۆشـنـبـیـران‌و پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکان بکرێت، ئەگەرچی لە ڕاپەڕینی(١٩٩١) توانرا لەماوەی چەند ڕۆژێکدا کوردستان ئازادبکرێت، بەڵام لەئێستاداو لەسەر دەستی گۆڕان دەیان ساڵی دەوێت تا ئەم سوتماکە بکەینەوە بەئاوەدانی، ڕەنگە یەکێک بپرسێت ئەی کەواتە چیمان بەچی کرد؟ نەخێر جیاوازییەکە زۆر زۆرە گـۆڕان گەرچی سەبری ئەیوبی دەوێت، بەڵام هەر لە سەرەتاشەوە ئێمە چاو لە گۆڕان دەبڕین، چاو لەوە دەبڕین کە ئایندەمان ڕۆشنتر دەبێت‌و ئومێد لە ناخماندا چەکەرە دەکات، ساڵانێکە ئێمە گیرۆدەی چـوونـە دواوەیــن‌و ئایندەمان ڕۆژبەڕۆژ ڕەشتردەبوو.

ئەگەرچی ئەوهێزەی لەپێش گۆڕان چەند بیناو موئەسەسەیەکی دروسـتـکـردووە، بـەڵام ئەمە گەشەکردنێکی ئاسۆییە ئێمە پێویستمان بە گەشەکردنی عەمودی هەیە کە ئەویش کۆی ئەخلاق‌و جوامێری‌و هەستی نەتەوایەتی‌و کلتووری‌و فەرهەنگییە، کۆی گۆڕینی ئەخلاقی مەدەنیانەو هـەسـتـکـردن بـەبـوونـە، گـەر گەشەکردنی ئاسۆیی بریتی بێت لە ژیانی ئاسایی ئەوە گەشەکردنی عەمودی بریتییە لە چاک ژیان، بەو واتایەی کە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان قوڵ‌و ڕێزگرتن لەوی دیی‌و قبوڵکردنیەتی، خۆ مەڕو بزنەکانیش دەژیـن، بەڵام دوور لـە ئـیـرادەو عـەقـڵ، چـاک ژیـان بریتییە لە ژیان بەئیرادەو بوونی مافی سیاسی‌و گـەڕانـەوەی مافی هاوڵاتیبوون، نەک سەرقاڵبوون بە پێداویستییە سەرەتاییەکان.

ئەو وەزعەی لەدوای ڕاپەڕینەوە ڕویداو ڕۆژبەڕۆژ بەرەو لێژبوونەوە دەچوو، ئومێد لەنێوان دوو بەرداشی حیزبیدا دەهاڕدرا، مافی هاوڵاتیبوون بەسترابوو بەحیزبی بـوونـەوە، کە دیـارە ئەومافەش لەژێر پرسیاری حیزبدا دەگـوزەرا، لێرەوە کەباسی دوور مەودای گۆڕان دەکەم مەبەستمە بڵێم گـۆڕان مـەشـروعـی عومرە، مەشروعێک نییە سەقفێکی زەمەنی هەبێت، چونکە بەسروشت گۆڕان وادەخوازێت، لەڕووی تێرمینۆلۆژیەوە (terminology) وشـەکـە ئـەو سروشت‌و مانایە وەردەگرێت کە پڕە لەچالاکی‌و نا ئۆقرەیی‌و جوڵە، پڕە لە بزاوتن‌و کارکردن‌و قبوڵنەکردنی وەسـتـان، بـە تکا خوێنەر وشـەی گۆڕان تێکەڵ نەکات بەلیستی گۆڕان، ئەگەرچی لەئێستادا لیستی گۆڕان ڕابەرایەتی (یان هەرشتێک ئێوە ناوی دەنێن) ئەم بزووتنەوەیە دەکات، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە مولکی تاکە لیستێک یان ئایدیۆلۆژیایەک نییە، ئەوکاتەی گۆڕان بە ئایدۆلۆژی دەکرێت ئەوکات لە گۆڕان دەکەوێت‌و دەبێت بەحیزب، بە مولکیکردنی گۆڕان پەتخستنە ملیەتی نەک خزمەتکردنی. گۆڕانِ پێویستی بەئیدارەکردنە نەک لە قالبدانی، ئێمە دەتوانین تیۆریزەی گـۆڕان بکەین، بەڵام ناتوانین لەناو تاکە پێناسەیەکدا زیندانی بکەین ئەوکات ئەو مۆدێلانەی چەندساڵێکە بوونەتە بەڵا بەسەر سەرمانەوە گۆڕانیشی دەچێتە سەر، جیاوازی نێوان حیزب‌و بزووتنەوەی گـۆڕان ئەوەیە کە حیزب دەیەوێت هەموو خەڵک بێنێتە ژێر خێمەکەی خۆیەوەو بە ڕەنگێک‌و لەژێر ناوێک پێناسەو ڕەنگیان بکات، بەڵام ئیشی گۆڕان ئەوەیە ڕزگاریان بکات لە ژیان‌و ڕەنگی ژێر خێمە، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەریەکێکمان ئەوەیە ئەو وێنەیە بدەینە دەرەوەی خۆمان وێنەیەک کە هەموو مەدلولەکانی گـۆڕان بگرێتەخۆی، وێنەیەک کەهەموو چین‌و توێژێک بەشێوەیەک خۆی تێدا ببینێتەوە، لە ڕاستڕەوێکەوە تا ئەوپەڕی چەپڕەو لە ئەیسیەیستێکەوە (atheist) تا دینیەکی قووڵ. گۆڕان دەبێت ئەو باخچەیەبێت کە جێی پەپولەو شێری تێدا ببێتەوە، ئەگەرنا ئەوا ئێمە بەهەمان تولە ڕێی پێشوودا دەگوزەرێین. لێرەوە دەبێت بە سیستمێک کاربکەین کەمن ناوی دەنێم سیستمی ئیسفنجی، سیستمی ئیسفنجی بەواتای گرتنەخۆی هەموو ڕەنـگـە جـیـاوازو ئایدیا جیاکان‌و قبوڵکردنی ئەو ڕەنگ‌و دەنگانەی کە هەندێک بە نەیاری دەدەن لە قەڵەم، ستەمکاری کاتێک چەکەرە دەکات کە دەنگی جیاواز قبوڵ ناکات، هێزی ئەوەی نییە ڕەنگی دی بگرێتەخۆی، بە ئایدیایەک دەهری دەبێت کە لەگەڵ ستراتیژو ئایدیۆلۆژیای ئەم نایەتەوە، کێ هەیە لەئێمە ئەو دوو ئەزموونە تاڵەی بیربچێتەوە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویـانـدا ئەزموونی ستالینیزم‌و نازیزم، ئەوەی ئەم دوو هێزە کردیان تەنیا قبوڵنەکردنی ئەوی دیکە بوو، هەریەکەیان بە بیانوویەک، کە لێرەدا کاتی ئەوەمان نییە باسیان بکەین.

گـــۆڕان دەبــێــت هـــەوڵــی بە لیبرالیزمکردنی بزووتنەوەکەی بدات، بە بەکارهێنانی سیستمی ئیسفنجی کارەکانی خۆی بەڕێوەببات، دەنا دەچینەوە ناو هەمان جوخزی پێشوو. تاکە ڕێگایەک بۆ سەرخستنی ئەم بزووتنەوەیە کارکردنە بە سیستمی ئیسفنجی لـەئـێـسـتـاداو لـەدوای سەرکەوتنی ئـەم بزووتنەوەیەش، بەومانایەی کە لەئێستادا کاری گۆڕان ئەوەنیە دژیایەتی هیچ لایەن‌و کـەس‌و حیزبێک بـکـات‌و خۆی بچووکبکاتەوە لەچەند دروشم‌و گـەمـەیـەک، کـە هەرگیز ئیشی گـۆڕان نییە، ئـەوە حیزبەکانی دیکەن گەمەدەکەن، گەمەکردن بە سروشت فێڵی لەپشتەوەیە نەک فیکر پاشقول دەگرێت نەک خستنەسەر ڕێ، درۆی لە پاڵە نەک سیاسەت، سیاسەت بەمانای چارەسەرکردنی کێشەکانی شارو وڵات ڕێکخستنی کۆمیونتی کۆمەڵگا، لەئێستادا بزووتنەوەی گۆڕان دەبێت کار لەسەر هەڵمژینی تواناکان‌و دەنگە جیاوازەکان بکات‌و نەچێتە ئەو حەلەبەیەوە کە شەڕی ئەو نییە، بانگێک نەدات کە لایەنێکی پێ هەراسان بکات‌و لێی بتەکێتەوە، گۆڕان دەبێت زۆر لەوە بە شکۆتربێت کە بچێتە دیبەیتێکەوە لەئاستی ئەخلاقی‌و هۆشیاری‌و فیکری ئەودا نییە، سەرقاڵبوونی بـزووتـنـەوەی گـۆڕان بـەوەهـا بابەتێکەوە لەدەستدانی هەیبەت‌و ئامانجی حەقیقیەتی. ئێمەدژی بانگەشەی هەڵبژاردن نین، بەڵام جەختکردن تەنیا لەسەر هەڵبژاردن لەئێستادا کێشەیە، هەڵبژاردن تەمەنی کـورت‌و پرۆسەیەکی عـەجـولـی تـەسـک مـەودایـە، پێویستە شانبەشانی بانگەشەی هەڵبژاردن، هەوڵبدەین بۆ ئیدارەکردنی ئـەو ناڕێکییەی کە دەبینرێت، بۆ دامرکاندنەوەی ئەو تووڕەبوونەی کە چەندین ساڵە عەمباربووە لەناخی هەریەکێکمان‌و ڕێکخستنیان‌و بردنیان بەکەناڵی عەقڵانی‌و زانستی، لێرەوە ئەو کەسانەی لەناو حیزبەکانی دیدان ئەوانیش بە هەمانشێوەی ئێمە تووڕەن‌و کلۆجێک نابینن بۆ دەربازبوون، دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان بەو سیستمەی لـەسـەرەوە باسمانکرد سیستمی ئیسفنجی ئەوانیش بێنێتە سەر شەقامە ڕێی خۆی.

ئەرکی بزووتنەوەی گۆڕان دوای سەرکەوتنی بـەهـەمـان سیستمی ئیسفنجی پێویستە بەڕێوەبچێت، کـۆکـردنـەوەی هەموو ئـەوپـاوەرو توانایانەی کە لەنێو حیزبەکانی دیـدا هـەن، تۆرانی ئـەو توانایانەو فەرامۆشکردنیان بە هەر هۆیەکەوەبێت زەرەر لە توانای نیشتمانمان دەدات، واتە ئەگەر کەسێکی ئەکتیڤیست لە بوارێکدا سەر بەپارتی یان یەکێتی یان هەر حیزب‌و لایەنێکی دیکە بوو دەبێت باوەشی بۆ بگیرێتەوەو فەرامۆش نەکرێت.

مێژووی ئیدارەی ئەم دوو حیزبە ئەو وانەیەی پێبەخشین کە تۆراندن‌و نانبڕین‌و پێدانی ڤیزەی کارو ژیان تەنیا بۆ کەسی حیزبی نەک هەر وازییەکی دۆڕاوە، بەڵکو پێشێلکارییەکی عەیارە بیست‌و چواری مافی مرۆڤیشە، ئەو دەهلیزەی لەنێوان کەسێکی حیزبی‌و کەسێکی بێلایەن هەبوو هەیە پێی وتین‌و پێماندەڵێت کـارکـردن بەم شێوەیە ئاسۆی بزووتنەوەکەمان تاریک دەکات.

وانە وەرگرتن لە ڕابـردوو زامنی سەرکەوتنی داهاتووە، ئـەوەی ئەم حیزبانە لەچەند ساڵی ڕابـردوودا کـردیـان دوو هێندەی دەوێــت تا دەکەوێتەوە سەر ئەرزی ڕەق‌و جارێکی دیکە بنیاتنانەوەی، ئەوەی لەم وڵاتە ژیابێت دەزانێت چ وێرانیەک لە دەزگاو موئەسەساتەکاندا هەیە، دەزانێت یاسای کـارکـردن‌و بەڕێوەبردنیان چەند دوورە لە زانست‌و چەند نزیکە لە ناحەقی‌و مافخواردنی خەڵکی، بەڕێوبەرێک نییە کەفائەتی دروستی هەبێت لە بەڕێوەبردن. من نازانم بـرای شەهید چ پەیوەندییەکی بە وەزیـرو وەزارەتـــەوە هەیە خەباتی شاخ هیچ خزمایەتییەکی نییە لەگەڵ بەرپرسی دەزگایەکی گرنگی وەک ڕێـکـخـراوی دیـمـوکـراتـی، ئەمانە هەمووی پێشالکارین‌و پاوانکردنی ئەو دەزگا گرنگانەن ئاکامەکەشی ئەم مەعجونە ئێکسپایەرەی لێکەتەوە کە پاککردنەوەی تەمەنی نوحی دەوێت، بۆیە پێویستە ئەو بزووتنەوەیەی کە سبەینێ دێتە دەسەڵاتەوە لەوە بەئاگابێت ئیمتیازاتەکان‌و پلەو پایەکان لەژێر ناوی خەبات‌و تێکۆشان نەبەخشێتەوە، دەبێت بزانێت ئەو قسە ناکاملەی کە هـەژدە ساڵە دەدرێت بەگوێمانداو هەردوو حیزب پەیڕەوی لێدەکەن سەنگەساری بکەین «گرێدانی خەباتی شاخ‌و شار» «گواستنەوەی خـەبـات لـە شـاخـەوە بـۆشـار» ئەم وتەیە یـەک پولی قەڵب ناکات لە دنیای مەدەنی‌و وڵات بەڕێوەبردن‌و ئیدارەدانی حکومەت، خەباتی شاخ قۆناغێکە جوانی‌و جوامێری‌و شکۆی خۆی هەیەو کـارکـردن لە شاریش بەهەمانشێوە سیستم‌و کەتەلۆگ‌و پاترنی خۆی هەیە، تێکەڵکردنی ئەم دوو کارە وەک تێکەڵکردنی دۆو دۆشاو وایە، مادەیەک دەردەچێت ناحەزە لای هەمووان‌و پێمان قوت ناچێت، ئەمە جگە لەوەی زیانی گەورەو کوشندە بەهەردوولا دەگەیەنێت هەم دۆشاوو هـەم دۆ، لای هـەمـوومـان ڕوونـە ئەوخەبات گێڕانەی کە لە شاخ بەجەرگ بوون‌و ناویان ڕوناکییەکی تێدابوو، دوای گواستنەوەی خەباتی شاخ بە شار بوون بە لێبوک‌و بێزراو لای خەڵک، بوون بە جیسمێکی نامۆو وەک دۆو دشاوەکە هەردوو مێژووەکەیان تاریک بوو، هۆکەی ئەوەیە لەجێگەیەک دانران کەشیاوی نین.

(ئـەکـیـل، ئـەخـیـل)ی پـاڵـەوان‌و جەنگاوەری دلێری مێژوویی، گەر لەشەڕی تەروادە نەکوژرایەو ببوایە بە سەرۆکی کایەیەک ئێستا ناوی لە کولەکەی تەڕیشدا نەبوو. ئەمە واقیعەو دەبێت ڕەوتی گۆڕان بەجدی ڕەچاوی بکات، دیارە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەدانین ئەمانە پەراوێز بخرێن، بەڵام ناکرێت کایەیەکی حەساس بگرنە دەست، «پاداشت» پێدانی پلەوپایە نیە پلەوپایە بەرپرسیارێتیە نەک پاداشت، کاتێکیش بەرپرسیارێتی دەخەیتە سەر شانی کەسێک دەبێت لەوئاستەدا بێت‌و ئەو توانایەی لەڕووی زانستی‌و تەکنیکی‌و ئیدارییەوە هەبێت بۆ وەها کارێک. چەند جـوان لێرەدا وشەی پاداشت ئەو تەرحەی ئێمە دەسەلمێنێت، پاداشت واتە پێدانی شتێک بەرامبەر کارێکی چاک، کاتێک کە خەباتگێڕێک لە پاداشتی خەباتەکەی دەکرێت بەوەزیر یان بە بەرپرسێکی دەزگایەک، ئەو وەک مەکرەمە سەیری ئەم پۆستە دەکات‌و بە پاداشتی دەدات لە قەڵەم، تادەتوانێت کار بۆئەوە دەکـات کە چەند سـودی مـادی لێوەردەگرێت، نەک چەند خزمەت دەکات‌و کاروباری ئەو کایەیەی پێی سپێردراوە بەباشی ببیات بـەڕێـوە، چونکە ئـەو وەک مەشروعێکی بازرگانی تەماشای ئەو پۆستە دەکات، لێرەوە بەئاسانی دەتوانین ئەو حاڵەتە ئاشکرا بکەین کە سیاسی کـورد چۆن زۆربەیان بوون بە بازرگان‌و دورکەوتنەوە لە سیاسەت، چۆن لەیەککاتدا وەزیرەو خاوەنی کۆمپانیاشە، بەرپرسەو پشکی لە یەکێک لە پرۆژەکان هەیە، هەر لەم گۆشە نیگایەشەوە دەتوانین گەندەڵییش گرێبدەینەوە بەم کێشەیەوە کێشەی تەماشاکردنی بەرپرسیارێتی وەک پاداشت بەو هیوایەی لەپاشەڕۆژدا بتوانین بەدرێژی لەسەر ئەم پەیوەندییە قسەبکەین.

**ئێمە وەک ساڵی (١٩٩١) نـامـانـەوێـت، تـەقـە لە دوژمنەکانمان بکەین، بەڵکو دەمانەوێت دۆستەکانمان بگۆڕین، ئـەم ڕاپەڕینەی ئێستا دە هێندەی ڕاپەڕینی (١٩٩١) ئەستەم‌و قورسە، هەمووان دەزانین شەڕکردن زۆر ئاسانترە لە ئاشتی، گەر شەڕکردن حەماسی بوێت ئەوا ئاشتی عەقڵ‌و ئیرادەی دەوێت، گەر شەڕکردن تەنیا لەسەر دەستی جەنگاوەرەکان بکرێت، ئـەوا گـۆڕان دەبێت لەسەر دەستی ڕۆشنبیران‌و پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکان بکرێت**



00964 770 152 0089
www.bayadgroup.com
info@bayadgroup.com
Bayad Company
کۆمپانیای بەیاد
BAYAD GROUP
سلێمانی - شەقامی سالم - تەلاری جەمال حاجی عەلی - هەولێر - شەقامی پیرمام - تەنیشت بەنزینخانەی شۆڕش - بەغداد - کەرادە - شەقامی سەددە


# با دەنگ بدەین ...

## لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراق ٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دەستەیەکی پیشەیی فەرمی سەربەخۆو بێ لایەنە ، کەسایەتییەکی مەعنەوی هەیە، لە ژێر دەسەڵاتی چاودێری ئەنجومەنی نوێنەراندایە، هەموو ئەو دەسەڵاتانەی کە پەیوەندییان بە کاروباری هەڵبژاردنەکان و ڕێکخستن و گرێنتی جێبەجێ کردنیان بە شێوەیەکی یەکسانی و پاکژ ( نزیهە) هەیە.

هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق
بە پێی قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، هەروەها بە پێی قانونی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو، کۆمیسیۆنی باڵا کرداری هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩ ڕێکدەخات، لەو بارەوە چەند پەیڕەو و ڕێوشوێنێکی دەرکردووە کە هەڵبژاردنەکە ڕێک دەخات و پاکی پرۆسەی هەڵبژارنەکەش دەپارێزێت.

### یەک بازنەی هەڵبژاردن

بە پێی ئەو یاسایانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا هەرێمی کوردستان بەیەک بازنەی هەڵبژاردن دادەنرێت.پشت بە لیستی داخراو بەستراوە بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوان لە ڕێگای دەنگدان لەسەر قەوارە سیاسی هاوپەیمانە بەشدارەکان کە ژمارەیان دەگاتە (٢٤) قەوارە و هاوپەیمانی ، ئەوانە کێبڕکێ لەسەر (١١١) كورسی دەکەن کە (١١) لەو کورسیانە بۆ پێکهاتەکانە (٥)ی لەوانەش بۆ هەر یەک لە پێکهاتەی (ئاشووری سریان کلدان وتورکمانە ) یەک کورسیش بۆ (ئەرمەنە) سەرەڕای بوونی (٥) پاڵێوراو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.

### مافی هەڵبژاردن

هەر هاوڵاتیەکی هەرێمی کوردستانی عێراق چ نێر چ مێ، بە مەرجێک کە هەژدە ساڵی تەمەنیان تەواو کردبێت و ناویان لە تۆماری دەنگدراندا هەبێ مافی دەنگدانی هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانە لە هەمان کاتدا دەتوانن دەنگ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بدەن، ئەوانەی ئەو مافەیان پێدراوە بەسەر (١١٥٠) بنکەی دەنگداندا دابەشکراون بە گوێرەی بریکاری خۆراک و ئەو زانیاریانەی کە لەماوەی نوێکردنەوەی تۆماری سەرەتایی دەنگدەران تۆمارکراون کە لە ماوەی (٢٥) ئایاری (٢٠٠٩) تاوەکو ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ بەڕێوەچوو . بنکەی دەنگدان لە یەک وێستگەی دەنگدان یان زیاتر پێکدێت کە ژمارەیان دەگاتە (٥٣٠٠) وێستگە و هەر وێستگەیەک خزمەتی نزیکەی (٥٠٠) دەنگدەر دەکات.

هەلی هەڵبژاردنی نوێنەرت لە هەڵبژاردنەکان لەدەست مەدە

### ناسینی بنکەی دەنگدان

لە نزیک بنکەکاندا لافیتەی ڕێ نیشاندەر هەن ، بە هۆی ئەو لافیتانەوە دەنگدەر دەتوانێ بنکەی دەنگدانی تایبەت بە خۆی بزانێت، هەروەها وێستگەکانی دەنگدان بە پێی پیتی ئەلفوبێ دەنگدەر ڕێکخراون، هەر وێستگەیەک پیتێک یان چەند پیتێکی تێدایە،دەنگدەر دەتوانێ بە خۆڕایی لە ڕێگای (ئاسیا سێل) ژمارە (٧٧٧٧) یان (کۆرەک) ژمارە (٢٠٢٠) پەیوەندی بکات بۆ هەر پرسیارێک و سۆراخی ناوی خۆی و ناونیشانی بنکەکانی دەنگدان .

### بەڵگەی نامەکانی دەنگدەر لە رۆژی دەنگداندا

پێویستە لە رۆژی دەنگداندا، دەنگدەر بەڵگەنامەیەکی فەرمی کارپێکراو پێشکەش بکات کە وێنەی فوتۆگرافی لەسەر بێت، وەک:

١. ناسنانەی باری شارستانی.
٢. رەگەزنامەی عێراقی.
٣. پاسپۆرت.
٤. ناسنانمەی خانەنشینی
٥.بەڵگەنامەی دەرچوون

٤. بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکانیش وەردەگیرێن : وەکو بەڵگەنامەی پەنابەری کە لە ڕێکخراوی نەتەوەیە یەکگرتووەکانەوە دەرچووبێ یان بەڵگەنامەی دەرچوو لە ڕێکخراوی خاچی سوور یان پاسپۆرتی بیانی.
دوای خستنەڕووی هەر یەکێک لەم ناسنامانە، ئینجا دوو کارتی دەنگدانی دەدرێتێ کە یەکێکیان تایبەتە بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دووەمیان تایبەتە بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم.
کارتی یەکەمی دەنگدان کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە، ناوی قەوارە سیاسیەکانی لەسەرە کە ریزکراون بە پێی ئەو ژمارە و زنجیرەییەی بۆیان تەرخانکراوە لە کاتی ئەنجامدانی تیروپشک، هەروەها کارتی دەنگدانەکە دروشمی قەوارە سیاسیەکانیشی تیایە، لەگەڵ بوونی خانەیەکی بەتاڵ بەرامبەر ناوی قەوارە سیاسیەکە کە تەرخانکراوە بۆ دانانی نیشانەی دەنگدان (راست)تیایدا.
(ئامادەکردنی بەڵگەنامە فەرمیەکان بەشداریکردنت لە دەنگدان دەستەبەر دەکات)

### تێبینییێکی گرنگ

ناوی ئەو قەوارە سیاسیانەی کە نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی کلدان سریان ئاشووری و تورکمان و ئەرمەن دەکەن رەنگی تایبەتیان دەبێت لە کارتی دەنگدان بە شێوەیەک هەر پێکهاتەیەک لەو پێکهاتانە رەنگیان بۆ تەرخان دەکرێت کە جیای دەکاتەوە لەو قەوارانەی کە نوێنەرایەتی کورسە گشتیەکان دەکەن.
بەڵام کارتی دووەمی دەنگدان کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ناوی هەر پێنج پاڵێوراوەکەی پۆستی سەرۆکی هەرێم لەخۆدەگرێت ،لەگەڵ بوونی وێنەیەکی کەسی (شخصی) هەر پاڵێوراوێک لەگەڵ بوونی خانەیەکی بەتاڵ بەرامبەر ناوی پاڵێوراوەکە بۆ دانانی نیشانەی دەنگدان ( ✔ ) تیایدا.

### چۆن دەنگدەر دەنگ دەدات؟

کارتەکانی دەنگدانی تایبەت بە پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم وەکو یەکن لەبەرئەوەی هەرێم یەک بازنەی هەڵبژاردنە . ئەو کاتەی دەنگدەر هەر دوو کارتی دەنگدان وەردەگرێت کە نوشتێنراونەتەوە و مۆرکراون...
دەنگدەر دەنگ دەدات بەو قەوارە سیاسیەی کە هەڵیدەبژێرێت لە ڕێگای دانانی نیشانەی ( راست ) لەبەردەم خانە بەتاڵەکەی ناوی ئەو قەوارەیە ...... بەڵام ئەگەر هەڵبژاردنەکە بۆ قەوارەیەک لە پێکهاتەکان بوو ئەوا نیشانەی ( راست ) لە بەردەم ناوی ئەو پێکهاتەیە دادەدنرێت، دوای ئەوە دەتوانێ لە کارتی دووەمی دەنگدان کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دەنگ بدات بە دانانی نیشانەی ( راست ) لە بەدەم خانە بەتاڵەکەی ناوی پاڵێوراوەکە.



لە حاڵەتێکدا دەنگدەر ئارەزووی نەبوو دەنگ بدات بۆی هەیە کارتی دەنگدانەکە پوچەڵ بکاتەوە یان بە دانانی کارتەکە لە ناو سندوقەکە بێ نیشانەکردنی یان گێڕانەوەی بۆ دابەشکەری کارت کە ئەویش لای خۆیەوە لەسەری دەنوسێت (دوورخراوە) و لەو زەرفەدا دایدەنێت کە بۆ ئەم حاڵەتە تەرخانکراوە.

بنکەکانی دەنگدان لە سەرانسەری کوردستان لە ٨ی بەیانی دەکرێنەوە تاکو ٦ی ئێوارە ٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارە خۆڕاییانەی خوارەوە بکە:
٧٧٧٧ ئاسیا سێڵ
٢٠٢٠ کورەک

یان سەردانی پێگەی ئەلیکترۆنی کۆمیسیۆن بکە:
www.ihec.iq

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
www.ihec.iq

١٦ ڕۆژی دیکە دەیگۆڕین

# بەرەو گۆڕان ٥٧

گۆڕان CHANGE التغيير

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

No. 13 Date. 9-7-2009 ٩-٧-٢٠٠٩ ژمارە: (١٣)

## نەوشیروان مستەفا:

# گرنگی نەدان بە ڕەوەندی کورد لە خۆرئاوا یەکێکە لە کەموکورتییە گەورەکانی حکومەتی هەرێم

بۆ ل٣



بە ئامادەبوونی هەزاران لایەنگری لیستی گۆڕان لە چەمچەماڵ ئاهەنگی بەرەو سەرکەوتن سازکرا فۆتۆ: پشتیوان سەعدوڵا

بۆ ل٢

## چوار سەرکردەکەی مەکتەبی سیاسی (باڵی ریفۆرم)

## (مستەفای سەید قادر، عوسمانی حاجی مەحمود، جەلال جەوهەر، عومەری سەید عەلی)

# پشتگیری خۆیان بۆ لیستی گۆڕان ڕادەگەیەنن

# نەوشیروان مستەفا : نوێنەرایەتییەکانی هەرێم لە بری ئەوەی خەریکی رەوەندی کوردی بن ، خەریکی بزنسو کاری بازرگانین

**ئێمە لە لیستی گۆڕان پێمانوایە یەکێک لە کەموکوڕییە گەورەکانی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی لە گرنگیدان بە ڕەوەندی کورد لە خۆرئاوا**

**بەبڕوای ئێمە کێشەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی تا ئێستاش هەردوو حیزبە دەستەڵاتدارەکەی کوردستان بە زمانێکی حیزبی قسە لەگەڵ ئەم ڕەوەندەدا دەکەنو هەوڵی سەرەکیان بە حیزبیکردنی خەڵکییە**

## خوشکو برایانی بەڕێز ئەم کاتەتان باش

هەمووومان دەزانین لە سایەی زوڵمو ستەمی بەعسدا بەدرێژایی شەڕی عێراقو ئێران چەند هەزار کورد خاوەن پیشەی جیاوازو تەمەنی جیاوازو ڕەگەزی جیاواز ئاوارەی وڵاتان بوون، کەچی لەدوای ڕاپەڕینەوە، لە دوای ئەوەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی داگیرکردن دەرهات، پەرلەمانو حکومەتی هەرێمو دامودەزگاکانی دامەزرا ئەم ژمارەیە چەندجار زیادیکرد، دەیانو بگرە سەدان هەزار کرێکار، جوتیار، دکتۆرو ئەندازیارو پارێزەرو مامۆستاو ئیداری لە ژنو پیاو ڕوویانکردە هەندەران، ئەمەش لە مێژووی نوێی کورددا بە «نەزیفی عەقلی کوردی دادەنرێت»، چونکە لەکاتێکدا ڕوویدا کە کوردستان زۆر پێویستی بەهەموو ئەو دەستی کارو تواناو شارەزایانە بوو کە دەبوو لە سەردەمی دوای داگیرکردندا بە دەستی ئەوان بنیات بنرێتەوە، بەڵام هەلومەرجی خراپی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، نزمی ئاستی گوزەران لە ئەنجامی بێدادی کۆمەڵایەتیداو لە ئەنجامی نەبوونی هەلی کارو لە هەموو ئەمانەش ترسناکتر هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، سەدان هەزارکەس ئاوارەی سەرانسەری جیهان بوون، بەمەش ئەزموونی تازە دروستبووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگی هێزی کارو سامانی عەقلی خۆی لەدەستدا، بەڵام ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی زیاد لە (١٠) ساڵ بەسەر ئەم دیاردەیەدا، ئەوە ئاشکرا بووە کە ئەم دیاردەیە ئەگەر لەو کاتەدا شتێکی سلبی بووبێت، ئێستا هەڵگەڕاوەتەوە بۆ دیاردەیەکی ئیجابی، چونکە ڕەوەندی کوردستانی دەورێکی هاوشێوەی سەفارەتی کوردستانیو نوێنەرایەتی کوردی بینیوە لەخۆرئاواو وڵاتە جیاوازەکاندا.

ڕەوەندی کورد لە خۆرئاوا لە چەند ڕوویەکەوە دەوری گرنگی لە پێشهاتو ڕوداوەکاندا بینیوە، لە زۆر ڕووەوە کاریگەری ئیجابی بەجێهێشتووە کە هەندێکی لەم چەند خاڵەدا باس دەکەم:

١- کوردستانیانی هەندەران هەمیشە پاڵپشتبوون بۆ خەڵکی کوردستان، لە ڕۆژانی کۆڕەودا خۆپیشاندانو مانگرتنی درێژیان دەستپێکرد لەبەردەم سەفارەتی عێراقو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانو بەشداربوون لە سازدانی ڕای گشتی جیهانیدا بە قازانجی کورد.

٢- کوردستانیانی هەندەران بەدرێژایی ئابڵوقەی ئابووری لەسەر کوردستانو دوای ئەویش سەدان ملیۆن دۆلاریان ناردووەتەوە بۆ کەسوکاریان لە کوردستانداو بەمەش دەورێکی گرنگیان لە ڕاگرتنی لانیکەمی بارودۆخی ئابووری خەڵکیدا بینیوە.

٣- لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەسەدان کەسیان خوێندنی زانکۆو خوێندنی باڵایان تەواوکردووە، پیشەی جۆراوجۆر فێربوونو بەسەدان زاناو پسپۆرو سەرمایەداریان تێدا هەڵکەوتووە، بە هەزارانیان فێری زمانە گرنگەکانی وڵاتان بوون، ئەمەش خۆی سامانێکی نەتەوەیی گەورەیە بۆ کورد.

٤- کوردستانیانی هەندەران ئێستا لەسەرانسەری ئەورپاو ئەمریکاو ئوستورالیادا جێگەی خۆیان کردووەتەوەو لە هەموو وڵاتێکدا لۆبیان دامەزراندووە، چەندان ڕێکخراوی نا حکومەتیو ڕێکخراوی جۆراوجۆریان دامەزراندووە.

٥) هەندێکیان چوونەتە ناو حیزبە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانەوەو توانیوانە ببن بە ئەندامی شارەوانی دەزگا ناوچەییەکانو جێگەی گەورەو بچووک بۆ خۆیان بە دەستبهێنن، لەم ڕێگەیەشەوە کاریگەری سیاسی گرنگیان بۆ کوردستان هەبێت، بەڵام زیاد لە هۆیەک هەیە وایکردووە حکومەتی هەرێمی کوردستان سود لەم تواناو سەرمایە مرۆییە وەرنەگرێت کە لە هەندەران خاوەنین، گرنگترینی ئەو هۆکارانە لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا کورتدەکەمەوە:

١) بەبڕوای ئێمە کێشەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی تا ئێستاش هەردوو حیزبە دەستەڵاتدارەکەی کوردستان بە زمانێکی حیزبی قسە لەگەڵ ئەم ڕەوەندەدا دەکەنو هەوڵی سەرەکیان بە حیزبیکردنی خەڵکیە، لەمەشدا ئەوەی دەوری سەرەکی لە ڕێکخستنو قسەکردنو چالاککردنی خەڵکی هەندەراندا دەگێڕێتو ڕێکخستنەکانی حیزبو کەسوکارەکانی خۆیانە، نەک دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، ئەمەش وایکردووە زۆربەی خەڵکی هەندەران لێیان دوور بکەونەوە، چونکە خەڵکی ڕەنگە ئامادەبن کار بۆ حکومەتێکی بان حیزبی بکەن، بەڵام ئامادەنین وەک کەرەسەیەک بۆ بەرژەوەندی حیزب یان چەند کەسانێک بەکاربهێنرێن.

٢) یەکێک لە کێشەکانی دیکە ئەوەیە لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوەو بەپێی دەستووری عێراق، حکومەتی هەرێم مافی ئەوەی هەیە لە هەموو سەفارەتەکانی دنیادا نوێنەرایەتی خۆی هەبێت، بەڵام بەداخەوە لەبەر بەرژەوەندی تەسکی حیزبیو شەخسی هیچ کارێک بۆ جێبەجێکردنی ئەم مافە دەستووریە نەکراوە، لەبری ئەمە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانیان داناوە کە لە خزمو کەسە نزیکەکانی خۆیان دروستیانکردووە، ئەم نوێنەرایەتیەش لەبری ئەوەی خەریکی ڕەوەندی کوردی بن، خەریکی بزنسو کاری بازرگانین.

ئێمە لە لیستی گۆڕان پێمانوایە یەکێک لە کەموکوڕییە گەورەکانی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی لە گرنگیدان بە ڕەوەندی کورد لە خۆرئاوا. بڕوامانوایە دامەزراندنی دامودەزگای حکومەتیی دامەزراوەیی مۆدێرنو کۆمەڵیەکی تەندروست بەبێ بەشداریو چالاککردنی کوردستانیانی هەندەران کارێکی زەحمەت بێت، ئێمە لە لیستی گۆڕان زۆر بە بەرچاوڕوونی ئەو سەرمایە مرۆییو زانستیو ئابووریە دەبینین کە دەتوانێت قازانجێکی گەورە بە حکومەتو کۆمەڵی کوردستان بگەیەنێت. لێرەوە ئێمە لە لیستی گۆڕان بەجدی کار بۆ ئەوە دەکەین ڕەوەندی کورد لە ئەورووپا چالاک بکەینو دەورێکی زۆر زیاتر لە ئێستای بۆ دامەزراندنو پێشخستنی حکومەتو کۆمەڵ پێبسپێرین، بۆ ئەمەش بڕوامان وایە دەبێت ئەم کارانەی خوارەوە بکرێت:

١) نەهێشتنی ئیعتیباراتی خزمایەتیو حیزبایەتی لە دامەزراندنی سەفیرو کارمەندی سەفارەتەکانو نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێمدا.

٢) سودوەرگرتن لە هەموو ئەو توانا زانستیو تەکنەلۆجیانەی کوردستانیانی هەندەران هەیانە، بۆئەوەی بەشێوەیەک لە شێوەکان لە کوردستاندا ئامادەییان هەبێت.

٣) کار ئاسانکردنی هاتوچۆی کوردستانیانی دەرەوە بۆ ناو وڵات.

٤) کارئاسانی بۆ هەر کەسێک دور لە هەموو جۆرە ئیعتیبارێکی حیزبایەتیو خزمایەتی کە دەیەوێت سەرمایەگوزاری گەورە یان بچووک لەوڵاتدا بکات.

خوشکو برایانی بەڕێز ئێمە لە لیستی گۆڕان کار بۆ کۆتاییهاتن بەو دابڕانە دەکەین کە کەوتووەتە نێوان کوردستانیانی هەندەرانو حکومەتی هەرێمی کوردستانەوەو بەچاوی ڕێزو تەقدیرەوە تەماشای هەوڵو ماندوبوون کەفائەتەکانیان دەکەین.

گەر دەتانەوێت سیاسەتێکی تازەو عەقڵێکی تازە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەوەندی کورد لە خۆرئاوا بێتە ئاراوە، دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، دەنگ بە لیستێک بدەن کە دەیەوێت دامودەزگای حکومەتێکی دامەزراوەییو مۆدێرنو دیموکراتو بان حیزبی دروست بکات کە بە یەکچاو تەماشای هەموو هاوڵاتییان دەکاتو بەڕێزو تەقدیرەوە دەڕوانێتە ئەو سەرمایە مرۆیو زانستیەی لەناو کوردستانیانی هەندەراندا هەیە.



# چەمچەماڵ نەفرەت دەکات لە گەندەڵی‌و بەرەو گۆڕان هەنگاودەنێت

## فەرهاد سەنگاوی: بتانبینم ئەی خەڵکی چەوساوەی (١٨) ساڵ، بگرمێن‌و بڵێن لیستی (٥٧) نەک بۆ شارێک، بەڵکو بۆ هەموو کوردستان

پشتیوان سەعدوڵڵا



فەرهاد سەنگاوی لەنێو ئاپۆڕای لایەنگرانی لیستی گۆڕان لە چەمچەماڵ

فۆتۆ: پشتیوان سەعدوڵڵا

چەمچەماڵ بەرەو گۆڕان هەنگاودەنێت‌و بەڵێن بە گۆڕانخوازان دەدات، بە دەنگ‌و ڕەنگی گەنج‌و پیرو لاوو ژن‌و پیاوی چەوساوە جارێکی دیکە بێنەوە مەیدانی خەبات‌و بەچاوێکی پڕ لە ئومێدەوە لە لیستی گۆڕاندا دەڕوانێت.

قەزای چەمچەماڵ کە دانیشتوانەکی نزیکەی (٢٠٠) هەزار کەس دەبێت، خاوەنی سەدان شەهیدو هەزاران ئەنفالکراوو کیمیبارانەوە ئێستاش زۆرترین کەسوکاری قوربانییانی تێدا کۆبووەتەوەو دوای هەژدە ساڵ لە حکومڕانی دەسەڵاتی کوردی، تائێستا پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان لە ئاوو کارەبای بۆ دابیننەکراوەو تەنانەت تائێستا سەنتەرێکی گەنجانی تێدانییە، لە هەموو ڕوویەکەوە پشتگوێخراوە.

پێرێ لە مەراسیمێکی جەماوەری فراواندا بنکەی گۆڕان لە قەزای چەمچەماڵ کرایەوە، کە تێیدا هەریەک لە (عوسمانی حاجی مەحمود، عومەری سەید عەلی، جەلال جەوهەر، مستەفای سەید قادر، مام ڕۆستەم) ئامادەبوون‌و لەو مەراسیمەدا هەر چوار ئەندامە دەستلەکارکێشاوەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە ئاشکرا پاڵپشتی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان دەربڕی‌و داوایان لە خەڵکی ستەمدیدەو پەراوێزخراوی ناوچەکە کرد، دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن.

عومەر سەید عەلی، لە ئەندامانی دەستلەکارکێشاوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە جەماوەری ناوچەکەی ڕایگەیاند: «ئێوە لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدابوون‌و ئێستاش لەم خەباتەدا گەلەکەمان بەرەو ڕووی چەند هەڵبژاردنێک دەبێتەوە، لیستی گۆڕان کە لیستی خۆتانە، لەپاڵ لیستەکانی دیکەداو بە بەرنامەیەکی چڕو پڕی سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، ڕۆشنبیری، کشتوکاڵی، پیشەسازی، ئاوەدانکردنەوە، ڕیعایەی کۆمەڵایەتی، مەسەلەکانی ژنان‌و لاوانەوە بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا دەکات، بەئومێدی ئەوەی هەموو خەڵکی کوردستان‌و ئێوەی بەڕێز هەموو بچنە سندوقەکانی دەنگدان‌و دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، بەڵکو لەڕێگای دەنگەکانی ئێوەوەو کۆمەڵانی خەڵکەوە زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمان بچنینەوە، بەهیواو ئومێدی ئەوەی بچینە حکوم، یان دەبینە ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو هۆڵی پەرلەمان دەکەیەن بەو مەیدانەی کە داکۆکی لە داخوازی گەلەکەمان دەکەین، داکۆکی لە ئازادو دیموکراسی‌و عەدالەت‌و لە هاوبەشی جەماوەر لە بڕیاری سیاسیدا دەکەین».

لیستی گۆڕان کە نەوشیروان مستەفا سەرۆکایەتی دەکات، بە ژمارە (٥٧) بەشداری لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی (٢٥)ی تەمووزدا دەکات، یەکێکە لە لیستە گەورەکان‌و جەماوەری کوردستانیش بە ئومێدێکی زۆرەوە پاڵپشتی خۆیان بۆ لیستەکە دەردەبڕن‌و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لایەنگرانی لیستەکە زیاتردەبن، هەر وەک لە پەیام‌و بەرنامەی لیستەکەدا ئاماژە بە ئاوەدانکردنەوەی شارو شارۆچکەکان‌و ناوچە کارەساتبارەکان کراوە، خەڵکی گەرمیان هیوایەکی گەورەیان بە لیستی گۆڕان‌و گۆڕانخوازان هەیە، بۆئەوەی مافەکان ژیانیان بۆ بگێڕێتەوە.

فەرهاد سەنگاوی، کە بەیەکێک لە کەسایەتییەکانی ناوچەکە دادەنرێت‌و هەمیشە بە داینەمۆی شۆڕشەکان‌و بەزرکردنەوەی حەماسەتی خەڵک ناسراوە، لە مەراسیمەکەدا بەو پەڕی حەماسەتەوە باسی لە قوربانییەکانی خەڵکی گەرمیان‌و پەراوێزخستنی ناوچەکەکرد.

هەروەک وتی: «خەڵکی نەبەردو دلێری چەمچەماڵ، گەرمیانە هەمیشە وێران‌و وەیلانەکەم، کام سلاو بۆ ئێوە، سلاوێک خۆر لە گەرماکەی خۆی بشارێتەوە، ( تەکیە، قادرکەرەم، سەنگاو، ئاغجەلەر، بنگرد، هەمەوەند، بناری سەگرمە، باسەرەو سەلباتوو، جامی شوان‌و شێخ بزێنی‌و خاڵخاڵان، قەرەحەسن‌و قەرەهەنجیرو جەباری) ئەی جێ جەولەو جۆلانەکەی مامە ڕیشەکانی ئێمە، خاک‌و خوێنی دلاوەرانی خوێنبارانی تیپەکانی (٢٥ خاڵخاڵان‌و ٥٧ی سەگرمەو ٥٩ی حەمرین‌و ٢١ی حەمرینی ٢١ی کەرکوکی داگیرکراو)، سنوورە ژیلەمۆکانی چەمچەماڵ، ئەی لە خەموخەفەت لێوالێو، دڵ بەدڵ‌و ماڵ بە ماڵ چەمچەماڵ، ئاخر چۆن چۆن بمێنم لەتاو بێکەسی‌و بێدادی‌و بێپەروەردەیی‌و بێنانی‌و بێکاری‌و بێپارەیی ئێوە، ئەگەر ئێوە باش بزانن خاوەن چ سامان‌و نان‌و پارەیەکن، لەداخاندا بەرگەناگرن، چی لێدێ‌و لێدەکرێت، تەنیا خاکی چەمچەماڵ، لە خاکی فیللەندە دەوڵەمەنترە، کەچی ئێوە ئاوا ڕووتوڕەجاڵ مانگ دەدەنە دەست مانگ‌و ساڵ دەدەنە دەست ساڵ، ئاخر چۆن بەبێ گلێنە پڕەکەی قەڵاکە، گلێنەی چاوم هەڵبهێنێ کە ئەو قەڵایەی هەر ڕۆژەو لایەکی دەڕووخێت، چەمچەماڵ خاکی مێژووە، خاکی نەوتە، خاکی کارە، ئەی بۆ بێکارن؟ ئێوە لە ڕابردوودا بێ درێغبوون ئەوکاتەی لە کوشتنی مارەکانی سەرشانی سەدامدا کوڕەکانتان کوشتنیان دەکوشت، کێ وەکو ئێوەی دەکرد؟ ئێستا نەبەردیکی دیکەیە، هەمان نەبەردەکەی شاخە، بەڵام ئەمجارە نەبەردی شارە، خەڵکی بێکەس‌و هەڵقرچاو، شارەکەی هەزاران گوڵەسووتاو، بەخوا ئێوە شایەنی ژیانێکی زۆر باشترن، بەڵام بۆ وایاننەکرد، بۆ؟ بۆ ئاوا پەرێشان‌و پڕ پەژارە؟ بۆ ئەم شارە کۆڵەوارە؟ بۆ ئاوا وێرانە ئەم هەوارە؟ ئێستا نۆرەی ئەم وەڵامەیە، دابکەن، ببارن، بگرمێن‌و بڵێن لیستی (٥٧) لیستی گۆڕان، نەک بۆ شارێک، بەڵکو بۆهەموو کوردستان، من دڵنیام ئەم لیستە هەموو هێزو عەقڵی بەکاردەهێنێت، ئاواتەخوازە، زۆر بەنیازە، کە باشبکات، بتانبینم چەمچەماڵ، ئەی چەوساوەیی (١٨) ساڵ.

## «لیستی گۆڕان ئەو لیستەیە ئاوات‌و ئامانجی زیندانییانی سیاسی دەهێنێتەدی»

پشتیوان سەعدوڵڵا

زیندانییەسیاسییەکانی کوردستان پشتگیری خۆیان بۆ لیستی گۆڕان دووپاتدەکەنەوەو پێیانوایە لیستی گۆڕان تاکە لیستە کە بتوانێت گۆڕانێکی گەورە لە حوکمرانی کوردستاندا بکات‌و خواست‌و ئامانجەکانیان دەهێنێتەدی، هەروەک لە پەیام‌و بەرنامەی لیستی گۆڕاندا باسلەوەدەکرێت، بەرگری لە مافەکانیان دەکرێت‌و کار بۆ قەرەبووکردنەوەیان دەکرێت.

هەرێمی کوردستان لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودی دەسەڵاتی کوردیدا لەڕووی سامانی مرۆییەوە بەدەست قەیرانی مەترسیدارو بێبەرنامەیی‌و بێپلانیی کوشندەوە دەناڵێنێت، لە ڕووی خزمەتگوزاریی‌و پێداویستییە ژیانییە زۆر ساناکانەوە، هاوڵاتیان گیرۆدەی دەستی چەندین کێشەن کە ساڵانە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم بەڵێنی چارەسەرکردنی دەدەن، کەچی ساڵەکان تێدەپەڕن‌و بەڵێنەکانیش جێبەجێ نابن، زیندانەسیاسییەکانیش ئەو چینەی کۆمەڵەن، کە هەرچەند لە پێناوی کوردایەتیدا قوربانییەکی زۆریان داوە، بەڵام حکومەتی هەرێم ئەم چینەی پشتگوێخستووەو تائێستا بەجدی ئاوری لێنەداونەتەوە.

سەروەر کەریم، زیندانی سیاسی، بە بەرەوگۆڕانی ڕاگەیاند: ئەگەر زیندانییانی سیاسی بەئاگابن، دەزانن ئەم دەسەڵاتە چۆن مامەڵەی لەگەڵ کردوون، چونکە دەسەڵاتی کوردی نەک مافەکانی پێداوین، بەڵکو سوکایەتی بە زیندانیبوونی زیندانەسیاسییەکان کردووە، من وەکو زیندانێکی سیاسی پێموایە هیچ شتێک بۆ زیندانی سیاسی لە کوردستاندا نەکراوە.

هەرلەوبارەیەوە ئازاد کەریم، ناسراو بە ئازادە ڕەش، کە یەکێکە لە زیندانەسیاسییەکان، بە بەرەوگۆڕانی ڕاگەیاند: زیندانی سیاسی ئەو خەڵکە شۆڕشگرانەن کە لەسەردەمی شۆڕش‌و خەباتی چەکدارییدا ڕۆڵی سەرەکییان بینیوەو لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا خراونەتە بەندینخانەکان‌و بەشێکیشیان لەسێدارەدراون، لە ڕاپەڕشینشدا ڕۆڵیان هەبووە، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتدارانی کورد هەوڵیاندا بۆ سرینەوەی مەعنەویاتی ئەو زیندانەسیاسییانەی کە خەباتیان کردووەو هەموو مافێکی ئێمەیان پێشێلکردووەو لە ماوەی ١٨ ساڵدا خزمەتی ئەو چینەیان نەکردووە، خواستی ئێمە گۆڕانە دژی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە، کە هیچی لە ڕژێمی بەعس کەمتر نییە، چونکە گەندەڵی لەو کارەساتانە خراپترە کە بەسەر کورددا هێنراوەو بووەتە هۆی شکاندنی مەعنەویەتی تاکی کوردو تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی.

لە پەیام‌و بەرنامەی لیستی گۆڕاندا هاتووە «بایەخدان بە سامانی مرۆیی پێویستی بە هەستی مێژوویی‌و عەقڵی ستراتیژی‌و پلاندانانە، پێویستی بەو کەسانەیە کە لە نوێنەرایەتیکردن‌و فەرمانڕەواییدا سازش لەسەر ماف‌و ئازادییەکانی مرۆڤ ناکەن، ئامادەن لەپێناو پێگەیاندنی نەوەکانی ئێستاو ئاییندەدا، ململانێی شارستانی لەگەڵ هەموو ئەو هێزانەدا بکەن کە بەرژەوەندیی لایەنگرو کەسی نزیک‌و خێزانەکانی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندیی گشتییەوە. گەشەدان بە سامانی مرۆیی پێویستی بە سوودوەرگرتن هەیە لە ئەزموونی وڵاتە پێشکەوتووەکان، (پێشمەرگە، کەسوکاری شەهیدان، قوربانیانی ئەنفال‌و کیمیاباران، زیندانییە سیاسییەکان، قوربانییانی جەنگەکانی سەردەمی داگیرکردن، قوربانیانی شەڕی ناوخۆ) ئەو توێژە ڕێزدارەن، کە بێگوێدانە پێشینی سیاسی‌و پێگەی کۆمەڵایەتی‌و جوگرافییان، لە کارنامەی پەرلەماندا بەرگری لە مافەکانیان دەکرێت‌و کار بۆ قەرەبووکردنەوەیان دەکرێت، هەروەها کاراکردنی سیستمی مووچە، بیمەی کۆمەڵایەتی‌و تەندروستی، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی شارستانی بۆ پێشمەرگەو قوربانییە زیندووەکانی کوردستان.

لیستی گۆڕان کە ئێستا یەکێکە لە لیستە گەورەکانی کوردستان‌و بەشێکی زۆری هاوڵاتییانی کوردستان بە سەرجەم چین‌و توێژەکانەوە لایەنگرین‌و چاوەڕواندەکرێت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کە لە ٢٥ی ئەم مانگە بەڕێوەدەچێت، بووەتە جێی ئومێدو ئاواتی خەڵک بۆ نەمانی ستەم‌و زوڵم‌و چارەسەرکردنی کێشەکان.

ئازادە ڕەش، لەوبارەیەوە دەڵێت: ئێمە وەکو زیندانییانی سیاسی‌و خەڵکانی خاوەن خەبات لە دەوری لیستی گۆڕان کۆبووینەتەوە بەو ئومێدەی ئەم لیستە بتوانێت ئامانجەکانمان بهێنێتەدی‌و لە سایەیدا ببینە کۆمەڵگایەکی شارستانی‌و مەدەنی دەسەڵاتێکی وا دروستببێت، دووربێت لەو کەسانەی کە هەمیشتە دەسەڵاتیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان‌و بنەماڵەکانیان بەکارهێناوە، تەنها لیستی گۆڕان دەتوانێت ئەو خەڵکە کۆبکاتەوەو جارێکی تر بیانکاتەوە بە خەڵکە شۆڕشگێڕەکەی جاران‌و خۆشەویستی بۆ نیشتیمان‌و بۆ مرۆڤایەتی دروستببێتەوە، ئێمە دڵنیاین خەڵکی ستەمدیدەی ئەم وڵاتە لەسایەی بەرنامەکەی لیستی گۆڕاندا دەحەسێتەوە.

هاوکات سەروەر کەریم وتی: «لیستی گۆڕان ئەو لیستەیە دەیەوێت بە چەسپاندنی بنەما یاسایەکان مافی خەڵک بگێڕێتەوە، ئەو لیستەیە ئاوات‌و ئامانجی هەموو تاکێکی کورد بە گشتی‌و زیندانییانی سیاسی دەهێنێتەدی، بۆیە ئەم لیستە جێی ئومێدی هەموومانەو دەنگی پێدەدەین».

# نەجمەدین کەریم: لیستی گۆڕان بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی بەژمارەیەکی زۆرتر بەشداریی لەدەنگداندا بکات



نەجمەدین کەریم، سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لەواشنتن رایگەیاند: لیستی گۆڕان دیاردەیەکی نوێیە لەکوردستانو بەشداریکردنی لەهەڵبژاردنی پەرلەماندا وایکردوە خەڵک بەژمارەیەکی زۆرتر بەشداریی لەدەنگداندا بکەن.

نەجمەدین کەریم کە ماوەی دوو هەفتە لەهەرێمی کوردستان بوو، بە بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمریکای وت: «بۆ یەکەمجارە لە کوردستاندا جگە لە لیستی هەردوو حیزبە گەورەکەو حیزبە ئیسلامییەکان، لیستێکی دیکە لە کایەدایە کە بەڕای من دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک بە ژمارەیەکی زۆر بەشداری لەهەڵبژاردنەکان بکەنو بوونی ئەم لیستانە بوەتەهۆی ئەوەی کە بانگەشەی هەڵبژاردن بەجۆرێک بەڕێوەدەچێت کە تائێستا کوردستان بەخۆیەوە نەیبینیوە».

وتیشی: «لیستی گۆڕان دیاردەیەکی نوێیە لەکوردستانو پێشتر پارتیو یەکێتی رکابەرێکی وەکو ئەو لیستەیان نەبووە».

ئاماژەی بەوەشدا، کە لیستی گۆڕان زیاتر جەخت لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت دەکاتەوەو داوادەکات شەفافیەتی زیاتر لەکارەکاندا هەبێتو باس لەدەستتێوەردانی حیزبەکان دەکات لەکاروباری حوکمڕانی رۆژانەو دەستخستنە ناو زانکۆکانو کاری دادگاکانو کارەکانی دیکەی حکومەت.

لیستی گۆڕان کە بەژمارە ٥٧ بەشداریی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دەکات، بوەتە جێی ئومێدی زۆرینەی خەڵکی کوردستانو لەسەرجەم ناوچە جیاجیاکانی هەرێمدا پشتیوانی بەرفراوانی جەماوەری لێدەکرێت.

لەبارەی بانگەشەی هەڵبژاردنیشەوە، سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد رونیکردەوە «جگەلەوەی هەندێک کەس دوور لەئوسولی هەڵبژاردن خەڵک تۆمەتباردەکەن، بانگەشەی هەڵبژاردن بەرەو پێشچوەو خەڵک زیاتر قسە لەسەر مەسەلەکانی رۆژ دەکەن».

# ئوستراليا: کوردستانییانی شاری ئەدەلاید کۆمیتەیەک بۆ پشتیوانیی لیستی گۆڕان پێکدەهێنن

ژمارەیەک کوردی دانیشتوی شاری ئەدەلایدلەئوسترالیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیو هێنانەدی حوکمی یاسا لە هەرێمی کوردستان، کۆمیتەیەک پێکدەهێنن بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە سەرکەوتنی لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا.

لە بەیاننامەیەکدا کە دانەیەکیان بۆ سبەی ناردوە، هاتووە: هەروەکو خۆتان ئاگادارن چەند رۆژێکە هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستیپێکردوە، هاوڵاتییانی کوردستان لە ناوەوەی وڵات هەر یەکەو بە جۆرێک پشتیوانی لە لیستێک دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت زۆرترین پشتیوانیو دەنگ بۆ لیستەکەی خۆی دەستەبەر بکات، ئێمەش وەک چەند کەسێکی دلسۆز بۆ لیستی گۆڕان لە شاری ئەدەلاید دەمانەوێت لیژنەیەکی پشتیوانی بۆ لیستی گۆڕان پێکبهێنین بۆ هاریکاری خوشکو براکانمان لە ناوەوەی وڵات بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی باش لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی هەرێمی کوردستانی خۆشەویستدا.

# ئەڵمانیا: کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بۆ پشتیوانیی لیستی گۆڕان سازکرا

کۆمیتەی پشتیوانی لە لیستی گۆڕان کۆبوونەوەی جەماوەری لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەلمانیا رێکدەخات بەمەبەستی کۆکردنەوەی پشتگیریو پشتیوانیی زیاتر بۆ ئەو لیستە.

لە بەیاننامەیەکدا کە دانەیەکیان بۆ سبەی ناردوە، کۆمیتەی پشتیوانیی لیستی گۆڕان رایدەگەیەنێت: لە بەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، دەشێت گۆڕانکارییەکی گرنگ لە ناو کۆی دامودەزگا سیاسییەکانی کوردستاندا بێتە ئاراوە، ئەو گۆڕانکارییەش کە لیستی گۆڕان نوێنەرایەتی دەکات کە پێویستی بە هاوکاریو پشتیوانی هەموو خەمخۆرێکی کێشەکەیە.

ئێمە خۆبەخشانە هەڵدەستین بە سازدانی کۆبوونەوەیەکی جەماوەری، کە ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەیی داوا لە هەموان دەکات پشتیوانیی ئەو بزوتنەوەی گۆڕانە بکەن. لێرەوە بانگهێشتی ئێوەی بەڕێز دەکەین، کە چاوی هیواتان بڕیوەتە بەرژەوەندیو ئایندەی کوردستان، تا لەگەڵتاندا ئەو ئێوارە خێزانییە ئاهەنگ ئامێزە برازێنینەوە.

# بنکەی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان لەناوچەی هەورامان کرایەوە

لەمەراسیمێکدا کە جەماوەرێکی زۆری ناوچەکە ئامادەیبوون، بنکەی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان لەهەردوو شارۆچکەی تەوێڵەو بیارەی ناوچەی هەورامان کرانەوە.

لە وتەیەکدا، جەمال حاجی محەمەد، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان- باڵی ریفۆرم داوای لەجەماوەری سنوورەکە کرد چۆن لەخەباتو قوربانیداندا رۆڵیان هەبوە، ئاوەهاش لەچاککردنی بارودۆخی ئێستاو گۆڕینی سیستمی سیاسیو ئیداریی ئەم هەرێمەدا رۆڵی گرنگ ببینن.

جەماوەری ئامادەبوو بەدروشمو چەپڵەڕێزانەوە پشتگیریو پشتیوانیی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان راگەیاند.



دانیشتوانی چەمچەماڵ پیشتوانی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان دووپاتدەکەنەوە فۆتۆ: پشتیوان سەعدوڵڵا

# عەشیرەتی سورچی پاڵپشتیی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان دەربڕی

لەسەرانێکیاندا بۆ بارەگای لیستی گۆڕان لە شاری هەولێر، چەند پیاوماقولێکی عەشیرەتی سورچی پاڵپشتیی خۆیان‌و عەشیرەتەکەیان بۆ لیستی گۆڕان دووپاتکردەوە.

فارس رەشید، یەکێک لە پیاو ماقوڵانی عەشیرەتی سورچی رایگەیاند، کە هۆکاری پاڵپشتیکردنیان بۆ لیستی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی خزمەتگوزاری‌و گرنگی نەدان بە گوندەکان‌و پەرەنەدان بە بواری کشتوکالی، بۆیە پاڵپشتیی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان دووپاتدەکەنەوەو بە ئومێدی ئەوەن لیستی گۆڕان بتوانێت گیروگرفتەکانی سەرجەم چین‌و توێژەکان چارەسەر بکات‌و داواشی لە سەرجەم عەشیرەتەکانی دیکەی کوردستان کرد کە بۆ گەیاندنی خەڵکی کوردستان بە ئازادییەکان‌و بینینی شەفافییەتەکانی دەسەڵاتی کوردی‌و حکومەتی هەرێم پاڵپشتی لە لیستی گۆڕان بکەن.

# گەنجان‌و خاوەن شەهیدانی وەرتێ پشتگیریی لیستی گۆڕان دەکەن

**ئەحمەد باڵەکی**

پاش ئەوەی لیستی گۆڕان هاتەمەیدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە، خەڵکێکی زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستان بە تایبەتی توێژی گەنجان بەهەموو شێوەیەک پاڵپشتیی خۆیان بۆ ئەو لیستە دووپاتکردوەتەوە، ناحیەی وەرتێش بەدەرنەبوو لەو پاڵپشتییەو کۆمەڵێک گەنجی خوێنگەرم پاڵپشتیی خۆیان دووپاتکردوەتەوە بۆ ئەم لیستە.

لەوبارەیەوە ئاراس رەسوڵ ئەحمەد، کە گەنجێکی تەمەن ٢١ساڵی دانیشتوی ناحیەی وەرتێیەو دوو برای شەهیدە، رایگەیاند: «من بە ناوی نوێنەری زۆربەی گەنجانی وەرتێوە بەڵێنی خۆم دووپاتدەکەمەوە کەدەنگ بدەنە لیستی گۆڕان، هەروەها هەوڵێکی جدییش دەدەین بۆ ئەوەی لە ناوچەکەمان کاربکەین بۆ سەرکەوتنی لیستی گۆڕان، چونکە پێمانوایە تەنیا گۆڕانە دەتوانێت کۆمەڵگایەکی نمونەییمان بۆ بنیات بنێت».

# کوردستانییانی ناوەوەو دەرەوە تینووی گۆڕانن



# ٣٤ گوندی ناحیەی سمێلان دەنگ بەلیستی گۆڕان دەدەن

**هۆگر عومەر**

دانیشتوانی گوندەکانی سنوری ناحیەی سمیلان کە ژمارەیان زیاتر لە ٣٤ گوند دەبێت، پشتگیریی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان دەربڕی، گوندنشینان پێیانوایە تەنیا لیستی گۆڕان دەتوانێت بەبێ جیاوازی خزمەتگوزاری پێویست بگەیەنێتە هەموو شوێنەکانی کوردستان. لەمبارەیەوە هاوڵاتیی تەها خدر، دانیشتوی گوندی جزوک لەناحیەی سمیلان راگەیاند: لە ماوەی ١٨ ساڵی رابردوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە پەرە بەبوژانەوەی گوندەکان بدات لەرووی کشتوکاڵییەوە، بگرە زۆربەی گوندەکان بەرەو چۆڵبوون دەچن‌و کەمترین خزمەتگوزارییان پێ نەگەیشتوە.

ئەو هاوڵاتییە وتیشی: «سنووری ناحیەی سمیلان کە زیاتر لە ٣٤ گوند دەبێت، پشتگیری خۆیان بۆ لیستی گۆڕان دەربڕیوە، چونکە تەنیا لیستی گۆڕان دەتوانێت خزمەتگوزاریی پێویستیان پێ بگەیەنێت».

# کوردەکانی سویسرا پشتگیریی لە لیستی گۆڕان دەکەن

ڕۆژی یەک شەممە ٥/٧/ لە هۆلی کۆبوونەوەکان لە باڵەخانەی ڤۆلکنهاوس لە شاری زیورخ کۆمیتەی پشتیوانی لە لیستی گۆڕان، کۆتایی بەیەکەمین کۆبوونەوەی گشتی خۆی هێنا.

کۆبوونەوەکە بە بەشداری (٨٣) کەس لە ژنان‌و پیاوان، پێکهاتبوولە کۆبوونەوەکەدا چەند وتارو لێکۆڵینەوەیەک لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆو داهاتووی باشووری کوردستان دەستپێکردو پێشنیاز خرایە بەردەست ئامادەبووان بۆ گفتوگۆکردن.

بەشێک لە بەشداربووان ئامادەی خۆیانیان نیشاندا کە بەتەواوی باوەڕەوە پشتیوانی لە لیستی گۆڕان بکەن، بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو خاڵانەی کە لە ئامانجەکاندا هاتووە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە فۆڕمەکانیان پڕکردەوە (٥٦)کەسن. دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین کە ژمارەیەکی دیکە لە کوردانی دانیشتوی سویسرا بە هۆی دووری ڕێگاو سەرقاڵییان بەکارکردنەوە نەیانتوانی بەشداربن، هەر بۆیە کۆمیتە بڕیاریدا لە ڕۆژانی داهاتوودا سەردانی کانتۆنە جیاجیاکانی سویسرا بکات، زۆرترین کەسانی پاک‌و دڵسۆزی نەتەوەکەمان کۆبکاتەوە،

سەرئەنجام بە چەند پێشنیاز کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هێنرا کە بریتین لە:

١ـ هەوڵدان بۆ بنیاتنانەوەی کەسایەتی کورد کە بەهۆی سیاسەتی هەڵەو نادروستی دەسەڵاتەوە کاریگەری نەرێنی هەبووە.

٢ـ گەشاندنەوەی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ناوچەکەدا کە دەسەڵاتی تا ئەمڕۆی کوردستانە کە داکۆکی لێنەکردوە، بەڵکو کردویەتیە قوربانی دەستکەوتە مادیەکانی خۆیان.

٣ـ هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ ڕێکخراوە بیانی‌و کوردییەکاندا بۆ بردنە پێشەوەی زیاتری کێشەی جینۆسایدی نەتەوەی کورد.

٤ـ کارکردن بۆ ناساندنی زیاتری کێشەکانی نەتەوەی کورد لەڕێگای پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوە بیانی‌و مەدەنیەکانەوە.

٥ـ توندو تۆڵکردنەوەی یەکێتی نەتەوەیی، لەڕێگای ئاشتکردنەوەی کوردەکانی بەشە داگیرکراوەکانی دیکەی کوردستان کە بەهۆی کارە نادروستەکانی دەسەڵاتەوە زەرەرمەندبوون، لەهەمانکاتدا بەهێزکردنی پەیوەندی ئارەزوومەندانە، لەگەڵ پارت‌و ڕێکخراوەکانی باشووردا.

٦ـ هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین لە کەسایەتی ڕۆشنبیرانی لە دەوری ئەم بزوتنەوەیە.

# لە کەنەدا چەند چالاکییەک بۆ پشتگیریی لە لیستی گۆڕان سازدەکرێت

بۆ پشتگیریی لە لیستی گۆڕان، لە شاری ئۆتاوای پایتەختی کەنەدا، گروپێک لە رەوەندی کورد چەند چالاکییەک سازدەدەن.

بە گوێرەی راگەیاندنێکی گروپەکە کە دانەیەکی بۆ بەرەوگۆڕان نێردراوە، «ئەو گروپە پێکهاتووە لە چەند کەسێک لە رەوەندی کورد لە ئۆتاوای پایتەختی کەنەداو پشتیوانی‌و پشتگیری خۆیان بۆ لیستی گۆڕان راگەیاندووە، کۆمەکی گروپێکی دیکەشیان لەیەکێک لە وڵاتانی ئەوروپا کردووە».

روونیشیکردوەتەوە، لە چوارچێوەی چالاکییەکانیاندا، ئەندامانی ئەو گروپە پەیوەندییان بە دوو پەرلەمانتاری کەنەداوە کردووەو نامەیان بۆ کۆشکی سپی‌و پەرلەمانی ئەوروپا ناردوە.

راگەیاندنەکە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، لەمیانی ئەو پەیوەندیکردن‌و نامانەدا باس لە هەلومەرجی سیاسی کوردستان‌و هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان کراوە.

# (٥٧)

## گۆڕان بۆ؟

**-١٢-**

**نەژاد جەلال**



هەرچۆن سەرکەوتونەبوون لە ناشرینکردنی لیستی گۆڕان لەسەر شەقامەکان‌و چەواشەکارییەکانیان بۆ نەچوەسەر، هەرئاواش لیستی گۆڕان بە بەیاننامەیەک بۆ رای گشتی وەڵامێکی پڕ بەپێستی سەرمەشقانی پلانەکانی چەواشەکاری دایەوە، بەیاننامەکە لیستی کوردستانی تۆمەتبارکردووە بەوەی کە دەیەوێت رای گشتی بە هەڵەدا بەرێت‌و کردە گێرە شوێنییەکان خۆیانی لەپشتە، بەڵام سەرەڕای دوو وتەبێژی لیستی کوردستانی وەڵامی نەبوو؟...

ئێستا ئەوان لە رێگەیەکی دیکەوە دەیانەوێت لە چەواشەکاری بەردەوام بن، ئاساییە ئەوە پەروەردەو ئاکاری خۆیانە، جارجارێک مێرد منداڵێک دەهێنن کە ماوەیەک لە دەزگای راگەیاندنی وشە کارێکی کردووە یان سەردانی کردووە، کۆنگرەی رۆژنامەنووسی بۆ دەبەستن‌و دەڵێن پرۆفیشناڵێک لێیان هەڵوەری، داماون تائێستاش نازانن کۆمپانیای وشەو لیستی گۆڕان دوو شتی لێک جیاوازن، چ جۆرە شلەژانێکە کە نازانن ئەو راگەیاندنکارانەی لە کۆمپانیای وشە کاردەکەن هەموو جۆرە بیروباوەڕێک‌و لایەنێکی تێدایەو مەرج نییە کار بۆ لیستی گۆڕان بکەن، ئا لێرەوە خۆتان دان بە ئیفلاسبوونی سیاسی‌و بابەتی خۆتاندا دەنێن.

بۆ ناپرسن خۆتان چ جەماوەرێکتان لەدەستداوە؟ کێتان ماوە؟ ئێمە ئاگادارین بۆ کۆبوونەوەکانتان چۆن خەڵک کۆدەکەنەوە، ئاگادارین لەوەی لە کۆبوونەوەکانتاندا ئیجبارییە کە پۆلیس‌و ئاسایش‌و پێشمەرگەو ...هتد دەبێت بەرگی مەدەنی بپۆشن‌و ئاڵ‌و واڵا راوەشێنن‌و چەپڵە لێدەن، وا لەبەرخاتری نانی منداڵەکانیان ئەمەشیان کرد، خۆ ناتوانن خۆتان دەنگەکانیان بۆبدەن، ئەو هێزەی لەپێناو بەرژەوەندی خۆتاندا وایان پێدەکەن، لەژێریشەوە دەڵێن ئەمانە هاوسۆزی گۆڕانن‌و بۆ پاراستنی خۆتان داوای لەشکر لە دۆستەکانتان دەکەن، دڵنیابن لە رۆژی دەنگداندا تۆڵەی هەموویتان لێدەکەنەوە.

ئەوان لە چەواشەکاری بەردەوامن، ئەوەتا وتەبێژەکەیان بە رۆژنامەی زەمان دەڵێت: «لە هەولێرو دهۆک پرۆسەکە زۆر ئاساییە، بەڵام لە سلێمانی لیستی گۆڕان خروقات دەکات، چ شەرمە بڵێیت لە دهۆک هەڵمەتی هەڵبژاردن ئاساییە لەکاتێکدا جگە لە لیستەکەی خۆیان کەسی دیکە بۆی نییە پۆستەرو ریکلامەکانی خۆی لە شاردا هەڵبواسێت، دیارە ئەو وتەبێژە نابینێت کە لە هەولێر دەسەڵات شەو تا بەیانی ئەرک دەکێشێت ریکلامەکانی لیستی گۆڕان لێدەکاتەوە، بەرێز بۆ باس لەو جەریمە گەورەیەی خۆتان ناکەن کە چەند ساڵە پارەی ئەم میللەتە تاڵان دەکەن، ئێستا بەو پارە دزراوە پروپاگەندەی هەڵبژاردن دەکەن‌و هەوڵدەدەن ویژدانەکانی پێبکڕن‌و خەڵک وەک خۆتان بێویژدان بکەن، ئالێرەوە گۆڕانتان بووەتە پێویستی‌و دەبێت بگۆڕدرێن.

# بابەکر درەیی: دوای (٢٥)ی تەمووز لیستی گۆڕان مۆری خۆی دەدات لە مێژووی کوردستان

سازدانی: بەرەو گۆڕان

**بابەکر درەیی هەڵسوڕاوی لیستی گۆڕان باوەڕی وایە ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت لە هەرێمی کوردستاندا وەرچەرخانێکی سیاسی گەورەیە، خەڵکی بەقەدەر بیست ساڵ فێری شت دەبێت. درەیی لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە بەرەو گۆڕان، باس لە دوایین گۆڕانکارییەکانی پەیوەندیدار بە لیستی گۆڕان دەکات، ئەو پشووودرێژیی بە سیفەتێکی گرنگی بزوتنەوەی میللی گۆڕان دادەنێت‌و دەڵێت: «پشتی خۆمان رادەخەین بۆ بەرامبەرەکەمان تا ماندوو دەبێت تێی بسرەوێنێت لەپێناو ئەو ئامانجە سیاسییانەی کە هەمانە، ئامادەین هەموو قامچییەکی دیعائی‌و سیاسی‌و ناهەقی بخۆین تا ئەو سنوورەی قازانجی وڵاتەکەمانی تێدا دەبینین».**

**بەرەو گۆڕان: گەرم‌و گوڕی هەڵبژاردن دەستیپێکردوەو هێرش دەکرێتە سەر کەسایەتییەکانی لیستەکەتان‌و ئێوە لەسەر ئاستی شەخسی‌و سیاسی، بەڵام ئێوە بێدەنگیتان پێوە دیارە... ئەمە بۆچی؟**

**بابەکر درەیی:** بە نیسبەت ئەوەی هێرش هەیە لەسەر لیستی گۆڕان‌و چالاکییەکانی ئەو لیستەو بەشداربووانی ئەو بزوتنەوە جەماوەرییە گەورەیە شتێکی چاوەڕوانکراوە، پێویستە لەم بارودۆخەدا مرۆڤ دۆخە سیاسییەکە لە ئاستی مێژوویدا ببینێت.... لەکوردستاندا بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە کە پشتیوانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یان پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات... بتەوێت‌و نەتەوێت ئەمانە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتین‌و بەرژەوەندی‌و مێژوورابەری خۆیان هەیە. ئەمانە لە دروستبوونی هەر هێزێکی نوێ لە بەرامبەریاندا کاردانەوەیان دەبێت. هەروەها شتێکی نەگونجاوە مرۆڤ وا بیربکاتەوە کە رەخنە لە یەکێک بگرێت ئەو کەسە کاردانەوەی نەبێت، بە بڕوای من هەموو مرۆڤێک‌و پارتێکی سیاسی‌و گروپێکی کۆمەڵایەتی تەنیا ئەو کاتە نیەت‌و بەرنامەکەی بە رۆشنی دەردەکەوێت کە رووبەڕووی رەخنە دەبێتەوە، هەندێک پارتی سیاسی بەرامبەر رەخنەی هەڵچوون رووی تێدەکات کە ئەمە دیاردەیەکی خراپەو ئەگەر مەنتیق هەیە نابێت مرۆڤ‌و پارتە سیاسییەکان هێمنی خۆیان لەدەست بدەن، کاتی خۆی بزوتنەوەی گاندیستی لە هیندستان هەبوو کە داوای خەباتی مەدەنییان دژی بەریتانیا دەکرد کە لە سەرەتای سەدەی بیست بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستی خایاند... ئەو وانەیەی دەبێت لەو بزوتنەوەیەوە فێری بین، ئەوەیە کە دەبێت هەندێکجار پشتی خۆت رابخەیت بۆ قامچی بەرامبەرەکەت بۆ ئەوەی لێیبدات تا ماندوو دەبێت.... ئەمەش مانای بەهێزییە نەک لاوازی، پشتی خۆمان رادەخەین بۆ بەرامبەرەکەمان تا ماندوو دەبێت تێی بسرەوێنێت لەپێناو ئەو ئامانجە سیاسییانەی کە هەمانەو ئامادەین هەموو قامچییەکی دیعائی‌و سیاسی‌و ناهەقی بخۆین تا ئەو سنوورەی قازانجی وڵاتەکەمانی تێدا دەبینین. ئاساییە کە دەسەڵاتی کوردی کاردانەوەیان هەبێت، چونکە زیاتر لە هەژدە ساڵە حوکم دەکەن، ئاساییە رۆژنامەنووسەکانیان‌و دەزگا ئیعلامیەکانیان هانبدەن بۆ کاردانەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئاسایی نییە کە قسەی نامەنتیقی بکەن‌و تووشی هیستریا ببن. تائێستاش دۆخەکە خراپ نییەو هیوادارم پرۆسەکە بەباشی بڕوات. هەروەها هێزەکانی بەرامبەر گۆڕان لەوە تێگەیشتون کە بارودۆخی دیموکراتی لە بەرژەوەندی هەموانە.

**بەرەو گۆڕان: ئەگەر بڵێین بارودۆخەکە تائێستا تەندروستە، بەڵام ئەگەر توندتر بوو؟**

**بابەکر درەیی:** سەرۆکی لیستەکەمان، کاک نەوشیروان موستەفا، رایگەیاند: کە ئێمە هاوڵاتی ئاسایین، حکومەت ئەگەر پاڵباتە پشت لیستێک، ئەوا لیستی گۆڕان زەرەردەکات ئێمەش پەنا دەبەینە بەر دادگای فیدراڵی‌و رێکخراوە جیهانییەکان، ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی ملنەدات بۆ پرۆسەیەکی دیموکراتی‌و هەڵبژاردێکی خاوێن وەک هێزێکی بێلایەن متمانەی خەڵکی بەدەست نەهێنێت، ئەوا تووشی قەیرانێکی درێژخایەن‌و پڕمەترسی دەبێت کە رەنگە بۆ چەندین ساڵ نەتوانێت چارەسەرییبکات.

**بەرەو گۆڕان: یەکێک لە رەخنەکان لە ئێوە بریتیە لەوەی کە رەخنەکانتان زیاتر رووی لە لایەنێکی دیاریکراوی دەسەڵاتە، تۆ وەڵامت چییە؟**

**بابەکر درەیی:** نا ئەم رەخنەیە بەجێ نییە، ئێمە رەخنەمان لە هەموو سیستەمی حوکمڕانی گرتووە کە شەفاف نییە دادگا سەربەخۆ نییە، خزمەتگوزارییە بنەرەتیەکان نییەو ئەم گوتارەشمان بۆ هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانە نەک لایەنێکی تایبەت.

**بەرەو گۆڕان: بە روانین بۆ واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستان چاوەڕێی ئەو جەماوەرەتان دەکرد کە ئێستا پەرۆشن بۆ لیستی گۆڕان؟**

**بابەکر درەیی:** سەرەتاکانی کاری ئێمە لە کۆمپانیای وشەو پاشان دروستبوونی لیستی گۆڕان وردە وردە خەڵکی لە ئێمە نزیک دەکردەوەو بایەخدانی کۆمپانیای وشە بۆ بەشداری خەڵکی‌و پشتیوانی خەڵکی بۆ لیستی گۆڕان چاوەڕوانکراوبوو بەپێی ئامارەکانیش ئەندازەی نارەزایەتی خەڵکی بەرامبەر دەسەڵات ئێجگار قوڵەو فۆرمەلەکردنی ئەم نارەزایەتییانەش پێویست بوو، ئێمەش توانیمان بە سەبرو پشوو درێژیەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین.



**بەرەو گۆڕان: ئایا جەماوەری گۆڕان تەنیا لە سنووری سلێمانییە؟**

**بابەکر درەیی:** خۆی دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە سلێمانی تایبەتمەندی خۆی هەیە، ناسراوە بەوەی رەهەندێکی قوڵی رۆشنبیری هەیەو شارەکانی دیکەش تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بێگومان بوونی کەسایەتی ئەسڵی لیستی گۆڕان لە سلێمانی وایکردوە کە جەماوەری لیستی گۆڕان بەهێزبێت لەم شارە... ئەمەش مانای وانییە لە شارەکانی دیکە حەماس نەبێت بۆ لیستی گۆڕان، لە شارەکانی دیکەشدا پاڵپشتی لیستی گۆڕان بەهێزەو لە پێشکەوتندایە، چونکە ئەوانیش وەک هاوڵاتییەکی ئەم کوردستانە هەمان کێشەیان هەیە کە خەڵکی سلێمانی هەیەتی. هەروەها هوشیاری سیاسی ئێستای خەڵک وەک سەرەتای کارەکانمان نییە، ئێستا خەڵکی زیاتر لە مەسەلەکان تێگەیشتوەو زیاتر بەرەو لیستی گۆڕان دێت، چونکە هەر وەک بیرمەندێکی سیاسی دەڵێت لە وەرچەرخانە سیاسییەکاندا خەڵک لە شتەکان تێدەگات، ئێستا لە کوردستانی عێراقدا وەرچەرخانێکی سیاسی هەیە کە دەتوانم بڵێم لە ماوەی مانگێکدا خەڵکی بەشی بیست ساڵ شت فێردەبێت.

**بەرەو گۆڕان: حەز دەکەم زیاتر لە ماناکای ئەو وەرچەخانانەو دەلالەتەکانی ئەو وەرچەرخانە بدوێیت؟**

**بابەکر درەیی:** (٢٥)ی ئەم مانگە وەرچەخانی سیاسی دێتە پێشەوە کە دەبینین خەڵکی کوردستان دەنگی داوە بە نوێنەری نوێ‌و دەنگی تازە بۆ ناو پەرلەمان، ئەم دوو پارتەش زیاتر لە (١٨) ساڵە حاکمن بۆ نموونە یەکێتی لە (١٩٩١) بە دواوە دەسەڵاتی سیاسی هەبووە لە کوردستاندا لە زۆر شوێن حوکمی کردووە مەڵبەندی کردوەتەوەو پارتیش بەهەمان شێوە، لەبەرئەوەی خەڵکی کوردستان بۆ ماوەیەکی ئێجگار زۆرە دەسەڵاتی ئەم دوو پارتە تاقیدەکاتەوەوە بێگومان لە فەترەیەکی دیاریکراودا بە سیستەم‌و ئەخلاقی سیاسی ئەم پارتانە رازیبوون‌و کاریان بۆ کردوون، بەڵام پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بەهۆی جیهانگیری‌و هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکەو رووخانی یەکێتی سۆڤیەت‌و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی چیتر خەڵکی ناتوانێت سیستمێکی سیاسی قبوڵبکات کە گومانی لێدەکات. ئێستا هۆشیارییەکی سیاسی قوڵ لای خەڵکی دروست بووە، بێگومان گۆڕانکارییەکانی عێراق‌و ئێران‌و تورکیاش کاریگەری خۆیان هەیە، ئێستا خەڵکی دەیەوێت وەک هاوڵاتیی وڵاتانی پێشکەوتوو بژین. ئەم روداوانە ئاوێتە بووە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە پڕ لە کەموکورییەی یەکێتی‌و پارتی کە لە کوردستاندا حوکمڕانیان کردووە. لەگەڵ دروستبوونی بزوتنەوەیەک کە داوای بەهێزکردنی پێگەی هاوڵاتییان دەکات، سەرۆکایەتی ئەو بزوتنەوەیەش کەسانێکن کە خاوەنی مێژووی سەروەرییەکانی شاخ‌و شارن‌و خاوەنی ئەزموونی دەسەڵاتن‌و دەتوانن گۆڕان بکەن. بۆیە دوای (٢٥)ی تەمووز لیستی گۆڕان مۆری خۆی لە مێژووی کوردستاندا دەدات، گشت گۆڕانکارییەکانی ئێستای کوردستان لە گۆڕانێکی رەسمیدا قالبی خۆی وەردەگرێت.

**بەرەو گۆڕان: تۆ پێتوایە هاتنەسەر شەقامی خەڵکی‌و نمایشەکان ئاماژەی سەرکەوتنن؟**

**بابەکر درەیی:** بەڵێ ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە لیستی گۆڕان دەنگ دەهێنێت، من ناڵێم سەرکەوتن، چونکە ئەگەر نەتەوەییانە بیربکەینەوە پرۆسەیەکی دیموکراتی خاوێن سەرکەوتنە بۆ هەمووومان. ئەگەر لیستی کورستانی دەنگ نەهێنێت‌و ببێتە ئۆپۆزسیۆن، ئەوا ئاساییە، هەروەها ئەگەر ئێمەش بە فەرزی مەحاڵ ببینە ئۆپۆزسیۆن ئاساییە. من پێموایە نمایشەکانی خەڵکی بۆ لیستی گۆڕان ئەوەمان پیشاندەدات کە سەرکردایەتی لیستی گۆڕان متمانەیان هەیە لەلای خەڵکی... خەڵکیش نارەزاییە لە شێوازی حوکمی دەسەڵاتی ئێستای کوردی‌و هەموو کەس لە کەموکورییەکان تێگەیشتووە تەنانەت منداڵێکی سەرشەقام دەزانێت کە ئەم حکومەتی کوردییە چەند کەموکوری هەیە، گرنگترین شت کە دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم بریتیە لەوەی کە پێشتر پارە بوو بە نموونەی ئەخلاق لە وڵاتە، بەڵام ئێستا بارودۆخێکی مەعنەوی دەستپێکردووە کە پارە ئەو نرخەی جارانی نەمێنێت. بە مانایەکی دیکە لیستی گۆڕان لەگەڵ ئەوەی دەیەوێت سیستمێکی تەندروست بەرهەم بهێنێت، دەشیەوێت پارە نەبێتە وەسیلەیەک بۆ کڕینی ئەخلاقی سیاسی‌و ویژدان، لە وڵاتی ئێمەدا پارە بووەتە وەسیلەیەک بۆ کڕینی شەخسیەتی ئینسانەکان. خەڵکانێک کە لەماوەیەک لە ژیانیان دژی بەرژەوەندی کوردو خەباتی کورد بوونن، بەڵام لەبەرئەوەی وەلائیان هەیە بۆ دەسەلاتی ئێستای کوردی دنیایەک پارەیان پێبەخشراوە.

**بەرەو گۆڕان: کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بڕیاری دواخستنی راپرسی دەستووری راگەیاند، رای ئێوە چییە؟**

**بابەکر درەیی:** بە رای من ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ ئیرادەی میللەت، پێموایە هیچ کاتێک وەک ئەم چەند هەفتەیە گەلی ئێمە بە هەموو چین‌و توێژەکانەوە نەهاتنە دەنگ بۆ پرسینەوە لە هەقی خۆیان.

ئیرادەیەک هەبوو دەیویست کە بەتۆپزی بلەوەزی یاساو رێسایەک بسەپێنێ کە بەهەر واتایەک لێکی بدەیتەوە نا دیموکراتیانەو نا دەستووری بوو. بەدەر لە خودی ناوەرۆکی دەستوورەکەش تەوقیتی هەڵبژێراو لەلایەن پارتی‌و یەکێتیەوە جۆرێک لە بێمنەتی‌و کەلەگایی پێوە دیاربوو کە بە راستی قێزەون‌و سەرنجڕاکێش بوو.

دەیانوت: پەسەندکردنی دەستوورەکە بووەتە چقڵی چاوی دوژمنان.. دەیانوت.. با ئەوانەی دەستوورەکەیان بەدڵ نییە دەنگی نەدەنێ..وەک بڵێی ئەم دەستوورە بۆ تاقم‌و خەڵکی دیاریکراو نوسرابێت، پەیوەندی بە ئەوانەوە نەبێت کە لێی نارازین.

پێیان وابوو (یان وا خۆیان دەردەخست) کە دەستوور یاسایەکی ئاساییەو دەکرێت بە شەوو رۆژێک بیسەپێنێت،

بەڵام خۆشبەختانە ئیرادەی میللەت‌و خوازیارانی دیموکراسیەت‌و عەدالەت، رێگایان نەدا ئەم بەڵگەنامە گرنگ‌و مێژوویە وا بە سانایی تێپەڕێ‌و ئەو تۆپزی‌و بێمنەتییەی دەسەڵاتدارانی کوردستان ببێتە ئەمری واقیع.

بە رای من خودی دەستوورەکە وەک دەقێکی یاسایی قسە زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام شێوازی خستنەرووی‌و شێوازی هەوڵدانی ژمارەیەک لە دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ لکاندنی ریفراندۆم لە سەری بە هەڵبژاردنی رۆژی ٧/٢٥ جێگای ئەوپەری گومان‌و تورەیی بوو کە بەخۆشیەوە کۆمسیۆنی باڵا لەوە تێگەیشت کە گەلی کوردو نوخبەی رۆشنبیرو هێزە جەماوەرییەکانی کوردستان ئەوە قبوڵناکەن.

## دواخستنی راپرسی لەسەر دەستوور، سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ ئیرادەی میللەت

بەرەو گۆڕان
بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە
لیستی گۆڕان بۆ رووماڵکردنی
پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێم دەریدەکات

ناونیشان
سلێمانی: پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە
٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ – ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩
هەولێر: تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦ – ٠٧٥٠٤٩٨٩٨٥٣
دهۆک: بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک

# بانگەشەی هەڵبژاردن یان سەنگەرگرتن

**نووسینی: جوانرۆ**

سڵاو هەڤاڵانی دێرینی یەکێتییە خۆشەویستەکەم، ئەی ئەوانەی چەندین ساڵە پێکەوە خەباتمان کردو لە زۆربەی بیرەوەرییەکانماندا چونیەکو تەبا بووین.. هێندە متمانەو بڕوامان بە یەکتربوو لە سەنگەرە هەرە ترسناکەکاندا بەنۆرە چاوی ماندوومان دەحەسانەوەو پشتئەستور بەیەکتری سەرخەومان دەشکاند، هەموو هەوڵو تەقەلامان بۆ ئەوەبوو ئاڵای سەوزی یەکێتیمان هەمیشە بەرزو شەکاوەبێتو دیموکراسیو ئازادی بۆ گەلەکەمان بکەینە دیاری دەستمان، هەرگیز بەبیرماندا نەدەهات یەکێتی نیشتمانی کوردستان رۆژێک لە رۆژان ببێتە هێزی دووەمو سێیەم، بەڵام بەداخەوە بەدەستی خۆمان گۆڕمان بۆ یەکێتییەکەمان هەڵکەند، ئالێرەدا جیاوازی بیروڕا دروستبوو، عاشقانی راستەقینەی یەکێتی وتیان نەخێر، گەلێک هەوڵو تەقەلادرا بۆئەوەی لەناو ریزەکانی یەکێتیدا گەندەڵ ریسوابکرێتو پرسینەوە لە خاوەن فایلەکان بکرێتو یەکێتی تەسلیم بە هیچ هێزو دەسەڵاتێکی نامۆ نەکرێت، زۆر هەولدرا بۆئەوەی تاکرەوی لە یەکێتیدا نەهێڵدرێت، بەڵام بەداخەوە هەندێک خۆپەرستو ئەوانەی بەرژەوەندی خۆیان لەسەروو هەموو شتێکەوە دانابوو توانییان تای تەرازووەکە بەلای خۆیاندا بشکێننەوەو گوێ بە دوارۆژی یەکێتی نەدەن.

هەربۆیە زۆر لە هەڤاڵان بڕیاریاندا لە دەرەوەی یەکێتی هەوڵی چاکسازیو گۆڕان بدەن، بە بێئەوەی ناسنامەی یەکێتیبوونیان لە خۆیان داماڵیبێت. کەچی ئێوەی هەڤاڵانی دێرینمان نەک ئەو هەڤاڵانەتان بە یەکێتیو دڵسۆزی یەکێتی نازانن، بەڵکو بە دوژمنێکی سەرسەختی خۆتانیان دادەنێن، گومانم نییە گەر دوو رۆژی دیکە بگاتە ئەوەی تۆمەتی گەورەتریشیان بخەنە پاڵ، گەر وانییە، ئەوا بۆچی بە بیانووی جیا جیا رێگری بانگەشەو ئاهەنگی هەواداران و لایەنگرانی گۆڕان دەکەن، بۆچی چاوتان بەتەنیا دروشمێکیشیان هەڵنایەتو لەسەرجەم شارو شارۆچکەکاندا ناشیرینیان دەکەن، دیارە نازانن کە دروشم لە ناخدایەو بەدڕاندنی ئەو پۆستەرانە دروشمەکان بەهێزتر دەبن.

زۆر لەوە گرنگترو دیارتر، کاتێک د. بەرهەم دەچێتە پارکی ئازادیو لەسەر سەکۆی ئازادەوە بانگەشەی ئاشتیو پێکەوەژیانو دیموکراسیو ئازادی دەکات، لەهەمانکاتدا دەرگای پارک بەرووی جەماوەردا دادەخرێتو تەنیاو تەنیا ئەوانە بۆیان هەبوو بچنە ژوورێ کە دروشمو لۆگۆی لیستی کوردستانیان پێبوو، بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەش ئەوەی دەستی چەکی گرتبێت هێنابووتان، تەنانەت هێزی دژە تیرۆریشتان هێنابوو، ئایا ئێمەو خەلک تیرۆریستین؟ چەندین سەگی مەشق پێکراو لەناو پارکەکەدا قەلمبازیان دەدا، ئایا ئەو سەگانە لە جەماوەری گۆڕان زیاتر موستەحەقی پارکەکەن لە رۆژێکی پشووی رەسمیدا؟ وەک بڵێی لە سەکۆی ئازادەوە ببورن لە سەکۆی داگیرکراوەوە خێروخۆشیتان بەخشیبێتەوە، ئەو سەکۆیە بەتەنیا بەری رەنجی کەسوکاری ئێوە نییە، بەڵکو ئەو سەکۆیە هی ئەوانەیە کە زیاد لە پەنجا ساڵیشە شەهیدبوونو هی ئەو نەوەیەشە کە پەنجا ساڵی دیکە لە دایک دەبێت.

لەکاتێکدا جیاوازی بیروڕا وای لە ئێمە نەکردووە رقمان لێتان ببێتەوە، کێبرکێی ئێمە تەنیا بۆ دەنگدانە بەشێوازێکی زۆر شارستانیو دیموکراسیو زۆریش رقمان لە توندوتیژیو چەک دەبێتەوەو یەکیشمان لە جاران خۆشتردەوێت، بەڵام هەرگیز پێمان قبوڵ نییە سەروەتو سامانی ئەم نیشتمانە چەند کەسێکو چەند بنەماڵەیەک بیخۆنو دەستی بەسەردابگرنو خەڵکیش هەمیشە چەوساوەو هەژاربێت، بەڵام هەڵگرانی بەرنامەو ئاڵای گۆڕان پشتئەستور بەو جەماوەرە رەشو رووتو هەژارە، پشتئەستور بە رۆشنبیرانو عاشقانی راستەقینەی ئازادیو دیموکراسی، پشتئەستور بە سەرجەم چینو توێژەکان، سرودی گۆڕان سەداو زایەڵەی هەردەبێتو سەرکەوتنیش زۆر نزیکە.

ئیتر سەکۆی ئازادو تەلاری هونەرو هۆڵی رۆشنبیریو تەنانەت شەقامەکانیش پێشکەش بە ئێوە، ئێمە بۆ بانگەشەی گۆڕان کوچەو کۆڵانەکانی شار بەرەو پیرمان سەمادەکاتو دێتو دەڵێت «فەرموون کۆمەک»، ئێوەش سەماو کۆمەک بۆ خەڵکی کوردستان دەبەنە ماڵەکانیان، بۆیە ناهەقتان ناگرم ترس لە دڵتان بێتو هەموو بنە داروبەردو پارکو شەقامێکتان لێ ببێتە دروشمی خومی، لێتان ببێتە مۆمێک کەزۆر لە جیهانی گەندەڵستانی رۆحی دەسەڵاتەکەتان رووناک بکاتەوە، چونکە گۆڕان بەڕێوەیە.

# خوشکی شەهیدێک: ئامادەم سەرو ماڵی خۆم ببخەشم بۆ سەرکەوتنی لیستی گۆڕان

**نیان مەجید**

لە بنکەی بانگەشەی لیستی گۆڕان لە گەڕەکی بەختیاری، رۆژی (٧/٢) نزیکەی (٢٠) ژنی کۆبوونەوە بۆ پشتگیریی لە لیستی گۆڕانو داوایانکرد ژنانی کوردستان دەنگبدەن بەو لیستەی رۆڵی ژنان لەنێو پەرلەماندا زیاتر ئەکتیڤ دەکات.

نەوشیروان مستەفا، لە یەکێک لەو پەیامانەی رۆژانە بۆ ژنانی کوردستان رایدەگەیەنێت، وتی: «هیوادارین سەرکەوتنی لیستی گۆڕان وەک سەرکەوتنی زیاتر بۆ خۆتان (ژنان) تەماشا بکەن، گەر دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، هەوڵدەدەین جیهانێک دروستبکەین کە کەس تیایدا نەڵێت خۆزگە ژن نەبوومایە».

زەکیە سەعید، سەرپەرشتیاری کۆبونەوەکە باسی لە کێشەکانی ژنانو چۆنیەتی چارەسەرکردنیانی کردوو وتی: «لە هەلبژاردنەکانی پێشوودا حیزبەکان تەنیا ئەوەندە ئیشیان بە ژنان بووە کە دەنگبدات، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا ژنان دەتوانن هەڵبژێرنو بەشداریی هەلبژاردن بکەنو دەنگبدەن بەو لیستەی گۆڕانکاریی لە بارودۆخیاندا دەکات».

زەکیە رایگەیاند: بەهاتنی لیستی گۆڕان پێویستە هەموو ژنان هەولبدەن بۆ سەرکەوتنی لیستەکە، بۆئەوەی سیستمی سیاسیو حوکمڕانی لە کوردستاندا بگۆڕێتو شەفافیەت لە بودجەو دارایی هەرێمدا هەبێتو رەوشی پەروەردەو زانست باشتربێت، هەروەها عەدالەت هەبێت لە دابەشکردنی سەروەتو ساماندا و هەمووکەس لێی سودمەند بێت.

لە بەشێکی دیکەی پەیامی نەوشیروان موستەفا بۆ ژنانی کوردستان، دەڵێت: «بڕوامان وایە کێشەی ژنان لە کێشەی کۆمەڵ بەگشتی جیانابێتەوە، چارەسەرکردنیشی پەیوەندی بە چارەسەرکردنی هەموو کێشەی کۆمەڵەوە هەیە».

نەشمیل محەمەد کەریم، خوشکی شەهید ئارام بەرێوەبەری پێشووی ژمێریاری لە دەزگای شەهیدان، کە پێشتر ئامادە نەبووە بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بکات، بەڵام بە راگەیاندنی لیستی گۆڕان ئەو بڕیارەی خۆی گۆڕیوەو هەولدەدات هەموو ژنانی کوردستان دەنگبدەن بە لیستی گۆڕان.

> **بەهاتنی لیستی گۆڕان پێویستە هەموو ژنان هەوڵبدەن بۆ سەرکەوتنی لیستەکە، بۆئەوەی سیستمی سیاسیو حوکمڕانی لە کوردستاندا بگۆڕێت**

نەشمیل وتی: «ئامادەم سەرو ماڵی خۆم ببەخشم بۆ سەرکەوتنی لیستی گۆڕان لەبەرئەوەی (١٨) ساڵە تەمەنای ئەم رۆژەمان دەکرد، تاوەکو رێبازی کۆمەڵەی رەنجدەرانو خوێنی شەهیدەکانمان بەفیرۆ نەڕوات».

بەشێک لە ژنانی ئامادەبوو پێیانوابوو (١٨) ساڵە دەرکەوتووە چ هێزو لایەنێک ژنی پەراوێزخستووە لە بوارە جیاجیاکاندا، بەتایبەتی بەشداری کاری سیاسیو وەرگرتنی پۆستە سیادیو باڵاکانو نەهێشتنی توندوتیژی، لەکاتێکدا ئێستا (٣٠٪)ی کاندیدەکانی لیستی گۆڕان لە رەگەزی (مێ)ن.

ژیان عەلی(٣٠ ساڵ)، یەکێک لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە ئومێدی خواست ژنانی کوردستان دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، چونکە «هەر لیستی گۆڕانە دەتوانێت ئاواتو ئامانجەکانی گەلی کوردستان بهێنێتە دی».

ژیان پێیباش بوو کە چیدی خەڵک بە پڕوپاگەندەی لیستەکانی دیکە فریونەخۆن، کە چەندین ساڵە درۆیان بۆ دەکەن، ئەگەر ئەوان راست بوونایە بۆ پێشتر ئەم کارانەیان نەکرد کە ئێستا بەشەویش خەریکی تەواوکردنی ئیشن یان ئەوەتا لیستی گۆڕان تەنگی پێهەلچنیونو خەریکی چوونەوەن بەکارەکانی خۆیاندا.

# نامەیەک بۆ دایکە ئاسکە

دایکی زۆر بەڕێزو خۆشەویستم دایکە (ئاسکە)، رۆحی بێگەردی سەرجەم ئەنفالکراوەکان بە سڵاوی خوای گەورە پێشوازیت لێدەکەن، چونکە ئارامیو ئۆقرەییت پێبەخشین ئیتر هەتا هەتایە بە ئاسودەیی دەنوون.

منیش وەک هاوڵاتییەکی بەشمەینەتو دڵناسۆرو دڵشکاوو خاوەن شەهیدی کەلەبچەکراوی دەستی زولمو ناعەدالەتیو پاوانخوازیو ژێرحوکمی بنەماڵەو رەنجخوراو، سڵاوی کەسوکاری شەهیدانو جوامێرانو گەنجو لاوانی بەشمەینەتو رۆشنبیرانی کزۆلەو هەژارو جوتیارانی زەویی دزراوو زەحمەتکێشانی سکگوشراوو برسیو رەشورووتی گەلەکەمت لێدەکەم.

جارێکی دیکە شادیو ئاسودەیت بە دڵی هەموان بەخشی، دەرتخست کە میللەتەکەمان زیندووەو خاوەنی سالارەژنو شاژنی وەکو تۆیە، بەڕاستی بەو وتەجوان زمانە پاراوو میللییەی خۆت ناوت بە تیشکێکی زێڕین لە لاپەڕەکانی مێژووی گەلەکەمان تۆمارکردو هەتا هەتایە سەری خۆتو گەلەکەتو پیاوەنەبەردە گەنمڕەنگەکانی گەرمیانت بەرزکردەوە، شانازیت پێوە دەکەنو موچڕکەی خۆشیت بە گیانی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان گەیاند.

دایکی ئازیزو رۆح سوکم، تۆ بە وتەکانت عەرشی بنەماڵەو دەسەڵاتی تاکڕەویت لەرزاند، ئەو پیاوە لووتبەرزو بێمنەتو لەخۆڕازیو پاوانخوازە، هێندە بچووککردەوە لەکاتی رووپەماییو پەشیمانبوونەوەدا زمانی تەتەلەی دەکردو قسەی بۆ نەدەکرا، لەکاتێکدا ناچارتکردن وێنەکەت دابگرنو بەکاری نەهێنن بۆ بانگەشەی هەلبژاردن، دەشتوانیت داوای رەسمیی لەسەر تۆمار بکەیت بەرامبەر ئازاردانو بریندارکردنی شعورت بەو وێنەیە.

لێرەوە من وەک برای دوو شەهید ئاواتەخوازم دایکی من بوویتایە گەر قبولم بکەیت بە کوڕی بچوکت، وا دەزانم مەدالیای شەرەفت لە ئێخەم داوە، رووسوورو سەرفرازو تەمەندرێژ بیت بۆ گەلە ستەمدیدەکەمان، لێرەشەوە داوا لە هەموو دانیشتوانی بەشەرەفو خۆڕاگری گەرمیان دەکەم پەیکەرێکت بۆ دروست بکەن لەسەری بنووسن (شێر لە بێشە دەردەچێت، چ نێر بێو چ مێ)

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان

سڵاو لە رۆحی بەرزەفڕی ئەنفالکراوەکان


سڵاو لە گیانی کیمیابارانکراوانی مەزلومو غەدرلێکراوان

جارێکی تر دەستەکانت ماچ دەکەم

**کوڕت هەکاری**




فۆتۆ: دیار ئەحمەد



دەنگی من تنۆکێک
هی تۆ تنۆکێکی تر و
هی ئەویش تنۆکێکی دیکەیە
ئەم هەموو تنۆکی دەنگەی ئەوان‌و ئێوەو ئێمە پێکڕا
رووبارێک لە گۆڕان بەڕێدەخا
کە رژایە سەر گۆمی لیخن‌و مەنگی  نا رۆشن‌و بۆگەن
سەرڕێژی دەکا
پاکی دەکا
رۆشنی دەکا
جوانی دەکا
سازگاری دەکا

خاکی ئێمە ...
خەڵکی ئێمە...
خواستی ئێمە ...
مەیلی گـۆڕان‌و
روونـاکـی‌و
پـاکـی‌و
رۆشنی‌دەکـا
بۆیە دەنگمان
رووباری بەخوڕی گۆڕان
بۆسەر گۆمە لیخنەکە
بۆ پاکردنەوە بەڕێدەخا

ئاودێر شێخ عومەر